# له بارەی بەرهەمەکانی
# پرۆفیسۆر د.وریا عمر أمین ـ ەوە

## بەرگی یەکەم

# به زمانی کوردی

**حەسەن جاف** (١٩٨٩) کتێبی ئەم جارە – ڕێزمانی ڕاناوی لکاو – ١٩٨٦
پاشکۆی عیراق ژمارە ١٠٤ – ١٩٨٩/٩/٢٧ ل ٥

**عبد الرزاق بیمار** (١٩٩٧)ی جوانکیلەی پەنا گرتوو
ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧ ) ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧

**کەریم شارەزا** (٢٠٠٤) وێنەی شیعریی لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین
گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ – ٤١

**مسعود محمد** (١٩٨٦) لە ئاڵقەی پێنجەمی ( گەشتی ژیانم ) دا کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ
ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل دا ٢٨٠ .

**محمود زامدار** (١٩٨٢) گۆڤاری ( بەیان ) ژمارە ٨٣ ساڵی ١٩٨٢ ل ٦١

**د. مارف خەزنەدار** (١٩٩٥) لە گوتوبێژێکی زانستی و فەرهەنگی و سیاسیدا
گۆڤاری ( مامۆستای کورد ) ژ ٢٤ و ٢٥ ساڵی ١٩٩٥ ل ٥٣

**د. مارف خەزنەدار** (٢٠٠٧) سەیرانێکی شیعرستان
ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی ) ژ (٧٣٠) ٢٠٠٧/١٠/٨ ل ١٠

**داری ساری** شاعیری میللی ( ١٩٨٤ ) شیعر

**ئاریان عەزیز ئەحمەد** (٢٠٠١) داهێنانێکی نوێی زانایەکی کورد
ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٣٣٦٤ ی ٢٠٠١/٤/٢٣ ل ٩

**د. اسماعیل ابراهیمساڵەیی** (٢٠٠٢) لە چیرۆکی ( میوانی ئازین)ی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین دا کۆمەڵێك کۆڵەگەو کەرەستەی داهێنەرانە لە رەوتی پیرۆزی پەروەردەکردنی منداڵدا بەرچاو دەکەوێت ).
هاوکاری ژمارە ٣٧٢٣ یەکشەممە ٢٠٠٢/٥/١٢ ل٩

**د. اسماعیل ابراهیم ساڵەیی** (٢٠٠٢) دەربارەی وەرزی پایز و شیعری کوردی
ڕۆژنامەی هاوکاریدا ژمارە ٣٨٤٥ چوارشەممە ٢٠٠٢/١٠/٣٠ ل ٥

**د. فاروق محەمەد ڕەزا نەقشبەندی** (١٩٩٩) لە لاپەڕە ٦١ ی نامەی ماجستێری ( هۆنراوەی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٥ – ١٩٩٠ ) پێشکەش بە زانکۆی بەغداد کراوە ١٩٩٩

**د. فاروق نەقشبەندی** (٢٠٠٨)گوزەرێ بە دەڤەری (شیعرستان)ی د. وریا عومەر ئەمین ـ دا
رۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی ژ ٣٧٢ دووشەممە ٢٠٠٨/٢/١١. ل ٥
**د. فازل مەجید مەحموود** (٢٠٠٤) لە کتێبی ( شیعری منالان لە ئەدەبی کوردی ) دا —
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم / سلێمانی٢٠٠٤ ل١٤٧
**ئەحمەد زەردەشت** (٢٠٠٦) خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران و( فرمێسکی ماڵئاوایی)ی دکتۆر وریا عمر امین
گۆڤاری گەرمیان ژ(١٠) ساڵی ٢٠٠٦ ل ٦١ — ٦٣
**حمید ئەبوو بەکر ئەحمەد** (٢٠٠٦) دیداری رۆژنامەی بەدرخان لەگەڵ پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین لە ٢٠٠٥/١٢/١٤ دا . بەشی یەکەم لە ژمارە ٦٦ / ٢٢–٢–٢٠٠٦ و بەشی دووەم ٦٧ / ٢٢–٣–٢٠٠٦ دا بڵاو کراوەتەوە
**نەریمان عبداللە کەریم خۆشناو** (٢٠٠٦)ناودارانی کورد ــ پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین
رۆژنامەی بدرخان ژ ٧٣ و ٧٤ و ٧٥ ساڵی ٢٠٠٦
**حەمە کەریم هەورامی** (٢٠٠٧) نموونەی چیرۆکەکانی دوای راپەرین لە کتێبی
( ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەرین) — کۆڕی زانیاری کوردستان) ٢٠٠٧ ل ١٦ — ١٩
**سەلام ناوخۆش** (٢٠٠٧) تێڕامانێك لە چەند یاسایەکی بنجیی دارشتنی ڕستە لەزمانی کوردیدا
رۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٣ ی ٢٠٠٧/٧/٢٢.
**د. کەمال مەعروف** (٢٠١١) وریا عومەر ئەمین و شیعر.
گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (١٢) ی شوباتی ٢٠١١ ی ل ٣٩
**خلیل عبد الله** (٢٠١٥) ساڵنامەی کوردستانی . رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژ ٦٥٧٧ ی ٢٠١٥/١/١٢.
د.محەمەد خدر مەولوود (٢٠١٥) کتێبی کوردستان لە ویژدانی جەواهیریدا
**رۆژنامەی هەولێر ژ ٢٢١١ ی ٢٠١٥/٩/٧.**
د. سەروەر عەبدوڵلا (٢٠١٥) لەسەر لاپەڕەی فێسی د. وریا ( waria Omar amin) ٢٠١٥/٩/١٧

# باللغة العربية

**عصمت شاهين** _ الضيف العزيز للدكتور وريا عمر أمين يدخل إلى عوالم الطفل الراقية – جريدة العراق العدد 7673 الخميس 8/8/2002 ص 8

**فؤاد العبودي** (٢٠٠٢) في قصص للأطفال الكرد – جريدة العراق العدد( 7618 ) الأربعاء 5 حزيران 2002

**عادل كامل** (٢٠٠٥) المعنى في سياق الزوال – جريدة البرلمان العدد 100 – الأحد 3 أيار 2005 ص8

**جمال بابان** (٢٠٠٦) د. وريا عمر أمين – فى كتابه الموسوم (أعلام كرد العراق). مطبعة شفان سليمانية 2006. ص 858

**د. أحمد شاكر غضيب** (٢٠٠٧) من قمم الإبداع – جريدة البرلمان . العدد 442 في 5 – 2 – 2007 ص8

**د. عماد عبدالسلام رؤوف** – تقييم رسالة دكتوراه – تقرير علمى

**مثنى أبراهيم حمدي** (٢٠١٠) سيناريو قصة ( الضيف العزيز ) للدكتور وريا عمر أمين – مجلة المزمار ع 1 السنة الاربعون 2010 ص 14 – 15.

**جواد كاظم البيضاني** (٢٠١٢) الدكتور وريا عمر امين – في كتابه: <u>التأريخ و المؤرخون الكرد</u> – دار مكتبة البصائر للطباعة و النشر. بيروت – لبنان. ص 508 – 5010

**سيف شمس الدين الالوسى** (٢٠١٣) الدكتور وريا عمر امين – في صفحة الفيس Saif Alalusi

**عصمت شاهين الدوسكي** (٢٠١٤) د.وريا عمر أمين و قصة الضيف العزيز. جريدة التاخي ع ٦٧٨٧ – ٢٠١٤/٢/٢٣

**عبدالرزاق غافل الكرم الحميري** (٢٠١٤)العلامة الاستاذ الدكتور وريا عمر أمين. في كتابه العلماء المؤلفون و الادباء في العراق ١٩٢٠ – ٢٠١٤ (ص ٤٥٢ – ٤٥٥).

**جمال بابان** (٢٠١٢) أعلام الكرد – الجزء الاول ص ٦٠٧ – ٦٠٨ . دار اراس – اربيل.

# کتێبی ئەم جارە – ڕێزمانی ڕاناوی لکاو – ١٩٨٦

**حەسەن جاف**
**پاشکۆی عیراق ژمارە ١٠٤ – ١٩٨٩/٩/٢٧ ل ٥**

هەموومان دوکتۆر وریا عومەر ئەمین دەناسین. دەیناسین وەك مامۆستاییێکی زمانی کوردی ، وەك نووسەرێکی چوست و چالاك لە بواری زمان و زانستدا. هەروەها وەك شاعیرێکیش. ئیتر نازانم لە بواری چیرۆکدا هیچی هەیە و نەیخستوەتە روو یان نە .؟

ئەم کتێبە بچووکەی دوکتۆر وریا کە دەمانەوێ لێرەدا باسی بکەین بە پێچەوانەی پەندە کوردیەکە دەوەستێ کە دەڵێ : ناوی زل و دێی وێرانە. چونکە ئەمەیان، ناوی بچووك و دێی گەورە و ئاوەدانە.

نامێلکەکە بریتییە لە باسێکی گرنگ دەربارەی لایەنێك لە لایەنەکانی ڕێزمانی کوردی... هەر هەمووشمان ئاگاداری ئەوەین کە زۆر لایەنی ڕێزمانی کوردی هێشتا بە تەواوەتی یەك لایی نەبووە و یاساو دەستووری لە زمانی کوردییەوە هەڵێنجراوی بۆ دانەنراو و نەچەسپاوە. لە بەر ئەوە هەر ئیجتیهادێك لەم بوارەدا لە چوارچێوەی تیۆردا دەمینێتەوە ، تا دەگەینە ئەنجامی تەواوی بێ دوو دڵی و بێ هەڵە و بیناغەی دەستوورە ڕاستەقینە گونجاوەکانی زمانی کوردی دادەنێین.

( **ڕێزمانی ڕاناوی لکاو** ) کە لە ساڵی ١٩٨٦دا دەزگای رۆشنبیری لە بەغداد بڵاوی کردۆتەوە ، باس لە بنەماییێکی زمانی کوردی دەکا کە ڕەنگە کەس پێش دوکتۆر وریا عومەر ئەمین هەستی پێ نەکردبێ. دوکتۆر دەڵێ:

"ساڵی ١٩٧٥ بوو جارێ خەریکی شیکردنەوەی هەندێ ڕستەی کوردی بووم . دووچاری دیاردەییێکی سەیر هاتم ، زۆری سەرنج ڕاکێشام ئەوەش ئەوە بوو لە هەندێ حاڵەتا بە گۆڕینی کاتی فرمانی ڕستەکە دەوری هەندێ لە بەشەکانی ڕسپە ئاڵوگۆڕ ئەبوو. " پاشان نموونەییێکی هێناوەتەوە دەڵێ :

" له ڕستەی ( ***گوڵت بۆ ئەنێرم*** )، (ت)ی ( گوڵت ) دەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبینێ و (م)ی (ئەنێرم ) دەوری بکەر ئەبینێ.( نێر ) یش رەگی کاتی داهاتووی ( ناردن )ـە . جا ئەگەر رەگەکەمان گۆڕی لە داهاتووەوە بۆ رابردوو ، دەوری (ت) و (م) ئاڵوگۆڕ دەبێ.

واتە ئەگەر ڕستەکە بوو بە ( ***گوڵت بۆ ئەناردم*** ) ئەوسا (ت)ەکەی ( گوڵت ) لە بەرکارەوە دەبێ بە بکەر و (م) ی (ئەناردم) یش لە بکەرەوە دەبێ بە بەرکاری ناڕاستەوخۆ."

پاشان دکتۆر دەڵێ کە ئەم کتێبەی هەوڵدانە بۆ روونکردنەوەی ئەم دیاردەیە. بۆیە منیش دەیخەمە بەر دیدەی خوێنەران بە گشتی و مامۆستا و قوتابییانی بەشی کوردی بە تایبەتی ، تاکو کەڵکی لێ وەربگرن و لێی بکۆڵنەوە . بە ئومێدیشم دوکتۆر وریا بەردەوام بێت و لە لێکۆڵینەوەی بە پێز و ورد بێ بەشمان نەکات.

# جوانکیلەی پەنا گرتوو

عبد الرزاق بیمار
ڕۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧)
١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧

## لە نێوان ئەدەب و زانستدا

لە سەردەمێکدا ، کە هەردوو بەشی ئەدەب و زانست بە تەواوی لێك جودابوونەتەوە ، هەر یەکە ئالآی سەربەخۆیی کار و بەرهەمی هەلگرتووە. ئەوا نە ئەدەبەکە دەچێتە ژێر باری زانستەکەوە و نە بە پێچەوانەش. بەلآم لە سەردەمێکی وەکو سەردەمی ئیسلامیدا کە دەستی ئەدەب بە سەر زانستدا زالّ بوو ... بە پێویست دەزانرا زاناکان دەست لە شیعر بدەن... تەنانەت زۆر زانستیش بە هۆنراوە دەنووسران.

ئیبن سینای بەناوبانگ ، هەندێ بابەتی زانستی و فەلسەفەی بە هەلّبەست داناوە. یاقووتی حەمەویی جوغرافیازان کە بە ولآتاندا گەڕاوە لە باسی ناودارانda ، ئەوەی بایەخی زۆری پێداوە بابەتی هەلّبەست دانان بووە و ، نموونەشی زۆر لێ وەرگرتوون. ئەمڕۆکە بە تەواوی ئەم دوو بەشەی بەهرە و بیری و مرۆڤایەتی جیاوازن ، بە جۆرێك هەتا لە پەخشانەکەشدا کە تێیدا هاوبەشن. لەوێشدا جیاوازی لە نێوان پەخشانی ئەدەبی و زانستی هەیە ، بەلآم ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە کە هەندێ جار بەهرەی ئەدەبی لە ژێر پالّەپەستۆی پێداویستەکانی کاری زانستیدا ، ئەگەر نەشکوژێتەوە کز دەبێت.

وا ڕێك دەکەوێ نووسەرێك بەهرەی هەلّبەست گوتن یان شانۆیی یان چیرۆك نووسینی دەبێت ، بەلآم لەبەرخۆ تەرخان کردنی بۆ کارە زانستییەکان ناپەرژێتە سەر نووسینی بەهرە ئەدەبییەکەی.

وەکو دەگێڕنەوە نالی مەلایەکی چاك و دەرس وێژێکی زانا بووە ، بەلآم بەهرەی شاعیریەتەکەی ئەوەندە بە هێز بووە کە پایە زانستییەکەی نەیتوانیوە بەری لێ بگرێت. بۆیە چ نامێلکەو کتێبێکی لە سەر زانست نەنووسیوە یان لە پاش بەجێ نەماوە ، کەچی دیوانی شیعریی بە هەموو لایەکدا بلآوبۆتەوە.

هەرچی سەید عبدالرحیم مەولەوییە ، سەرەڕای بەهرە ئەدەبییەکەی خۆی پێ نەگیراوە دەمی لە لە زانستە ئیسلامییەکانی وەکو شەرعزانی ( فیقە ) و زانستی کەلام و اصول داوە و بە هۆنراوە ( الفضیلة و العقیدة المرضیة ) و ( الفوائح)ی نووسیووە.

بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارەی کە ئایا کامیان باشترە یەکێك لە پێناوی زانستدا واز لە بەهرەی ئەدەبی خۆی بهێنێ یان بە پێچەوانەوە توانا زانستییەکانی خۆی بۆ خاتری هەڵبەست و چیرۆك بکوژێت ؟ لەوانەیە وەڵامەکەی بگەڕێتەوە بۆ باسی دوور و درێژی ئەوە ، کە ئایا کامیان گرنگترە ! ئەدەب یا ن زانست ؟ لەبەر ئەوەیش هەردووکیان گرنگن و هەردوولا زادەی بیر و چالاکیی مێشکی مرۆڤایەتین و ، مرۆڤ پێویستیی بە هەردووکیان هەیە و ناتوانێ دەستبەرداری هیچ لایەکیان بێت... بۆیە بە رای من وا چاکە وەڵامی ئەم پرسیارە بە شێوەیەك بێت کە ئەگەر زانا بەهرەی ئەدەبیی لە خۆیدا دیت با ئەدەب بنووسێت و حەیفە ئەو خونچە گوڵانە نەگەشێنەوە و بەسەر چڵەکاندادا بمرن.

لە وڵاتی پەرەستێنی ئێمەدا کە هێشتا پێ تەرازووی ئەدەب گەلێ لە پێی زانست قورسترە ، ئەوەندەی شاعیر و چیرۆکنووس و وتارنووس دەناسرێن و دەخرێنە ژێر بازنەی رووناکییەوە لە هۆیەکانی راگەیاندن باسیان دەکرێت و کۆڕ و کۆمەڵدا چالاکی دەنوێنن ، ئەوەندە لێکۆڵەرەوە و مامۆستایانی مەیدانی زانست ناناسرێن و باس ناکرێن.

جارێکیان برادەرێك — ساڵانی حەفتاکان — بە دکتۆر ( شاکر خصباك )ی گوت... مامۆستا بۆچی دەمێکە دەنگت نییە؟ مامۆستاش کە شارەزایەکی کۆڕی زانستی جوغرافیایە و چیرۆکنووسێکی رابەری چیرۆکی تازەشە ، باسی چەن کتێبێکی کرد کە لە مەیدانی جوغرافیادا بڵاوی کردوونەتەوە ، جگە لە چەن موحازەرەیێکیش لە کۆڕ و کۆمەڵی زانستیدا ... دوایی را هاتە سەر ئەوە کە ئەگەر دکتۆر یەك دوو کۆمەڵە چیرۆکی تازەی بڵاوبکردایەتەوە ، گەلێ لەو کتێب و کۆششە زانستانەی کە دەستنیشانی کردوون زیاتر دەنگی دەدایەوە و ناوبانگی پێ پەیدا دەکرد.

### بەهرەیەکی پەنادراو

دوای ئەم پێشدەستییەی خۆی بە سەر باسەکەماندا سەپاند ، دێمە سەر سەرنجدانێکی رەخنەگرانە لەو چەند هەڵبەستەی کە ناو بە ناو ( د. وریا عومەر ئەمین ) بڵاویان دەکاتەوە. بەڕاستی هەڵبەستی ناو براو تووشی پەنادان و چارشێوپۆشی بووە لە عاست تەوژمی لێکۆڵینەوە و باسە زانستییەکانی، ئەگەرچی بە ژمارە کەمن ، بەڵام نموونەی بەهرەیەکی گەشی شاعیرانەن. حەیفە

ئاوڕیان لێ نەدرێتەوە. هەڵبەستەکان بە زمانێکی ڕەوان و بێ گرێ و ورد نووسراون. وشـەکانیان ناسـك و هەڵبژاردەن ، هۆنینەوەشیان شوێنەواری زۆر لەخۆکردن دەسـکارییان پێوە دیـار نییـە. پاشـبەندی هەڵبەستەکانیش خۆیان بە نوێ دەنوێنن و لە پاشبەندە سواو و زۆر گوتراوەکـان ناکـەن. دێرەکـانیش جووت پاشبەندن. هەندێ جاریش سەربەستن. بە کێشی خۆماڵی و کێشە ڕەنگینەکانی مامۆستا گۆران هۆنراونەتەوە. سەرباری ئەمانەش کۆمەڵێ هەڵبەستی جوانی بۆ منالان نووسیوە. ئەوانیش بە بـەرگی بەهرەی گەش و ئاڵ و والا ڕازاونەتەوە.

وریا لـە کـۆڕی زانسـتیدا بـاس و لێکۆڵینـەوەی زۆرە ، وەچـە دوای وەچـە قوتـابی لـە بەشـی کوردیی کولێجی ئاداب پێگەیاندووە و لە مەیدانی ڕێزمانـدا شـارەزایەکی پشـت ئەسـتوورە بـە بنکـە و بناوانی زانستی.

## قوتابیی خوێندگەی گۆران

جا لە تەك پایەی زانستیدا جێی خۆیەتی بەهرەی هەڵبەست دانانیش لە پـەنادا نـەهێڵێ و لـەو مەیدانەشدا وەکو مەیدانی زانستییەکە هونەر بنوێنێ .

ئەگەر سەیرێکی هەڵبەستەکانی بکەین... وا دەزانم بە سەرنجی یەکەم دیـاربێ کـە وریـا عومـەر ئەمین لە خوێنەرە شارەزاکانی هەڵبەستی گۆرانە. ، چ لە ڕووی پەسندی و پسپۆرییەوە بێت و ، چ لـە ڕووی ڕاکێشانی جادووی هونەرییەوە بێت ، کەوتوەتە داوی کاریگەریی (گۆران ) و وەکو هەر یەك لـە قوتابییەکانی خوێندگەی گۆران ڕەفتار دەکات.

بـە نموونـە هەڵبەسـتی ( سـەرنج ) دەخوێنمـەوە ( پاشـکۆی عـیراق ژمـارە ٦٢ی ١٩٩٨/١١/٢٣) یەکسـەر خـۆم لـە ژێـر ئاسمـانی پـڕ لـە بـۆن و هەناسـەی گـوڵاودار و وشـە هەڵبـژاردە و شـێوازە هونەرییەکەی هەڵبەستی ( بەسەرهاتی ئەستێرەیێك) ی گۆران دا دەبینم.

سەرنجەکەی وریا وەکو پەل ڕاکێشانێکی ئەندامیانەی هەڵبەستەکەی گۆرانە و ، ئەوەتا وریا دەڵێ :

**لە ئاسمانا ئەستێرەیێك هەیە پڕشنگدار**
**ئەی جوانەکەم ... من گیرۆدەی ئەوم وەتی پار**
**هەموو شەو تا بەری بەیان بۆم ئەجریوێنێ**
**هەموو تەلێکی ناو دڵی من ئەلەرێنێ**

**له تەنیایی ژینی شەوا هاوڕازی منە**
**نەغمەی بولبولی بەیانان ئاوازی منە**
**تا دڵ و چاو ماندوو ئەبێ هەر سەیری ئەکەم**
**تا لە ناخما ئەتوێتەوە دوا گرمۆچکەی خەم**

گۆران لە هەڵبەستەکەیدا دەربارەی بوون و نەمان و کورتیی خولی ژیان دەدوێ ، کەوا ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانا دەجریوێنێ و تاکو بەرەوخوار کز دەبێت و لێوی تینووی کەل وەك دڵۆپ هەڵی دەمژێ ...

**بانگی شێوان لە ئاسمانی خۆر نشین**
**ئەستێرەیەك ئەجریوێنێ گەش ، شیرین**
**لە پرشنگیا هەیە شێوەی چاوی کاڵ**
**لە لەرزینیا زەردەخەنەی لێوی ئاڵ**
**وەك ئەو گوڵەی ئەیدا لە سەر نازداریێ**
**تیر نابێ لیی هەر چاوێ بۆی ئەڕوانێ**
**منیش یەکێ لەو تەماشاکەرانەم**
**دڵ گیرۆدەی ئەم جوانیی ئێوارانەم**

بەڵام ئەستێرەکەی وریا بۆ ئەوەیە کە بیکا بە نموونەی جوانیی یارە خۆشەویستەکەی ، گەشیی چاوی ، ماتی و هێمنی ن دووری و بەرزی لە ئەستێرەکەدا دەبینێ.

**ئەی جوانەکەم ئەزانی بۆ گیرۆدەی ئەوم**
**لە پێناویا هەموو شەو پێ ئەنێم لە خەوم**
**چونکە گەشیی چاوت هەیە لە پرشنگی یا**
**ماتی و هێمنیی تۆ هەیە لە بێ دەنگی یا**
**چونکە لە دووریی‌یا دووریم لە تۆ ئەبینم**
**لە بەرزیی‌یا شوێنت لەناو دڵا ئەخوێنم**

ئەو وێکچوونە دەرهەستە جوانانەی هەڵبەستەکە ، بە تایبەتی وێکچوونی بەرزیی ئەستێرە و پایە بەرزیی یار لە ناو دڵدا کارێکی هونەرمەندانەیە ، بە گشتی ئەو چوارچێوەیەی بۆ سەرنجەکەی دروستی کردووە دڵگر و شایستەیە. بەڵام ئەو دوو دێرە هەڵبەستەی لە کۆتاییدا تێکەڵ بەم هەڵبەستە کراون ،

دیارە دوو دێری سەربەخۆن و چ پەیوەندییەکیان بە تابلۆی ئەستێرەکەوە نییە ، هەتا لە کێششدا جیاوازن . لە راستیدا وەکو چوار خشتەیێکی بابەتێکی جوانی سەربەخۆ و تابلۆی چیرۆکی (گوڵ)یان نەخشاندووە، کە چیرۆکی تێبێنی وردی سروشت و ژیانە.

راستە کاروانی گوڵ دێت و دەڕوات و پاش رۆیشتنی خۆزگەی بۆ دەخوازین. هەر بەم جۆرەش دۆستێك کە هەموو رۆژ گوڵێکی بۆ دەهێنا ، ئەویش رۆیی و ئیتر ئەمە دونیایە و رەفتاری سروشتە. با ئەو تێبینییە جوانە بخوێنینەوە :

**کاروانی گوڵ وا خەریکە بار ئەکا**
**گیانم خۆزگە بە بەهاری پار ئەکا**
**کە هەموو رۆژ گوڵێکت بۆ ئەهێنام**
**ئیستاش نەك گوڵ هەر خۆشت نایەیتە لام**

## دڵداری سەرپێییانە

دەبێ ئەو یارە کێ بێ کە شاعیر بە زمانی هەڵبەست دەیدوێنێ ؟ لە یەك دوو پارچە هەڵبەستدا وێنەکەی دەبینین. بەڵام لەوانەیە پێی دڵنیا نەبین. با جارێ لە سەزەتای ئەم دڵداییەوە دەست پێ بکەین:

لە هەڵبەستی دوا ماڵئاواییدا ( هاوکاری ژ ٢٦٩٩ی رۆژی ١٩٩٧/٥/٣١ ) کە وا پێشان دەدا ساڵی ١٩٧١ داندراوە و لەو ساڵەدا ماڵئاواییەکە روویداوە شاعیر باسی کۆتا هاتنی چوارساڵەی خوێندنی کولێج دەکات کە خوێندکاران پەرتوبڵاو دەبن و گەلێ یادگاریی ئەم چوار ساڵە لە دڵ و دەرووندا بە جێ دەهێڵن. ئەو چوار ساڵە ـ وەکو دەڵێ ـ بەهەشتێك و بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو... قوتابیان شاد و دەم بە بەستە بوون ، لەم بۆنەیەدا روو دەکاتە ( فرمێسك ، ئاخ ، دڵ ، بوون ، خوێن ، ئاوات ، لەش و هەست ) کە هەریەکە بە جۆرێك خەمبار و پەریشانن و داوایان لێ دەکات :

**دوا ماڵئاواییتان بکەن لەم چوار ساڵە**
**ئاهەنگێکی خۆش بگێڕن هەرچەن تاڵە**

بەشی دووەمی ماڵاواییەکە یادی ( دڵداری )یەکە کەوا لە خوێندکارانی هاوڕێی گۆشە دەگرێت و بەلایەکی دا دەروانیت :

**ئەی ئەو کچە خنجیلانەی ئاواتم بووی**
**تۆ پەرستگای دڵی خەمگین و ماتم بووی**

وا پێشانی دەدا کە ئەم چوار ساڵە بۆ ئەو هەر خۆشی نەبوو ، بەڵکو ئەگەر بە وردی وێنەی ژینی ئەو چوار ساڵە بخرێتە ژێر زەرەبین دیار دەبێ کە پڕ برین و وەك بیابان و بێ بەهار بووە ، لێو بە گریان و کەساس بووە ، کچێك مایەی رووناکی و گوڵزار و باران و زەردەخەنە و هێزی لەش بووە... بەلام ئەو دڵدارە نەبووە کە پێوەنیی توند و تۆڵی خۆشەویستیی پێکەوە کۆی کردبنەوە. هەر سەرنج و نیگای شاعیر وپەسندیی جوانییەکەی بووە ، نەك خۆراکی گیانی برسی — خۆی گوتەنی — ئیدی گیانی برسیی لاوێك هەر ( تەماشا ) و پەسندی نابێتەوە هێز و تین و خۆراکی پێویست بووی هەرزەکارانە نا ، بەڵکو دڵدارانە ( جورئەت بکا ) و دەرگەی ( پەرستگای دڵداری ) بکاتەوە ، بۆیە راشکاوانە دەری دەبڕێ :

**تاڵە تیشکی شەوی ژینی پڕ زارم بووی**
**خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی**
**شنەو باران و فێنکی ی بیابانم بووی**
**زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی**
**ئێش لابەری دەرد و زامی کەساسیم بووی**
**هێز و تین و خۆراکی گیانی برسیم بووی**
**سەردەمێکە .. ئەمەوێ و جورئەت ناهێنم**
**لەبەر دەمتا بوەستم بۆت بدرکێنم**

ئیتر خۆزگەیەك و خەونێك بوو ... بوونە رابردوو ، هیچیشی لێ بەجێ نەما. چۆن بەجێ دەمینێ کە کارەکە بیناغە رێژ و پتەو نەبوو :

**یادت ئەکەم... نازانی کێی یادم بکەی**
**بەڵکو جارجار بە نامەیێ شادم بکەی**

دوای تێپەڕ بوونی دە ساڵ بە سەر دڵدارییەکی بێ ئەنجامدا ، دوا ئەوەی بیرەوەریی خۆشەویستەکەی وەکو سووراییی خۆرنشین بەرە بەرە توایەوە. برینەکەی سارێژ بووەوە ... ئەم ماوە دە ساڵە ماوەیەکی زۆر و کاریگەرە ، بۆیە شاعیر ( دڵنیا ) و بێ ئاگا و دوور لە دڵەڕاوکێیدڵداری دەژیا ( ئەمەش وەکو لە هەڵبەستی ـ ئاواتی نوێ ـ پاشکۆی عیراق ژ ٨٦ی ١٩٨٩/٥/٣ ) دا دیارە :

**سەردەمێك بوو دڵنیا بووم**
**لە دونیای خۆما تەنیا بووم**
**بیرەوەریی**
**خۆشەویستیی دە ساڵ پێشووم**
**وەکوو سووراییی خۆر نشین**
**بەرە بەرە توایەوە**
**کسپەی سۆزم کوژایەوە**

وەنەبێ تۆماری یادگاری شاعیر هەر خەم و هەر پەژارە بێت .گریان و هەناسەی دڵدارێکی دڵ پڕ لە ئاوات بێت! وەنەبێ هەر لاوە کوردەکەی ژێر تەمی هەرزەکاری و گیان برسیی ژن و ژیان بێت! ئەوەتا لە لەندەن لە ژیانی شارستانییەتیدا پاش ئەوەی کولێجی لە بەغدا تەواو کرد و بۆ خوێندنی بەرز رووی کردە ئەوێ... ( ئێلین) دەناسێ کەوا :

**لە پڕ زەردەخەنەی ئێلین**
**تەلەکانی دڵمی دیسان هێنا لەرین**
**تیشکی چاوە سەوزەکانی**
**منی خستە بەهارێکی**
**یەکجار بەرین**

بەڵام چاوە سەوزەکانی کچە ئینگلیزەکەش نەیتوانیوە دڵی شاعیر لە ناخەوە بهەژێنێ و بریاری پێ بدات و پەیمانی خۆشەویستیی بێ ببەستێ. بەڵکو تەنیا ئاواتێك بووە وەکوو ئاواتەکانی پێشووی و شیرینییەکەی دوای دە ساڵی یادگاری تاڵ حیسابە و هیچی تر.

**گەڕامەوە لە سەفەری دە ساڵەی تاڵ**
**بۆ باوەشی ئاواتێكی تری شیرین**

بەم جۆرە دڵدارییەكە هەر لە بازنەی خەیاڵ و ئاوات و بەزمی تەماشادا مایـەوە و رێـی بـەرەو قۆنـاغی سەرشار و ژینی تازە نەبرد.

## گەشتی دوایی

بەم جۆرە ئەو دیمەنانەی لە دڵداریدا پێشانی داین هەمووی ئەنجامی ژیانێك بـوو كـە منـداڵی و لاویی تاڵ بووە... كـە ئامـانجی تێـدا نـەپێكاوە ، نەخشـەی بـە ئـەنجام گەیشـتنی ئـاواتی تێـدا وێنـە كێشاوە... بۆیە :

**زۆر هەوری توند هات و رەت بوو نەیكرد بە رێژنە**
**زۆر مانگی نوێ هەڵات هیچی نەیكرد بە جێژنە**

ئەم دوایی گەشتەشی لە هەڵبەسـتی ( چـەن تابلۆیـەكی داسـتانی چلـەی ژیـانم ) دا دیـارە ( رەنگین ژمارە ١٠٣ی سـاڵی ١٩٩٧ ) كـە تابلۆیـەكی خـەماوی و رەشـپۆش دەنـوێنن. كـە منـداڵیی بریتییـە لـە بەهەشتی زەوتكراو. بەدبەختی و فرمێسكی خوێنین ، لاویش بەهارێكی پڕ لە مەینەتە. هەی داخەكـەم كێ چووزانی شاعیر ئەمە وێنەی ژینییەتی:

**نە منالیم منالی بوو نە لاویم لاوی**
**كارەسات و مەینەت نەما نەكەومە داوی**

بەڵام ئەگەر زەوی وشـكی شـاعیر بـارانی لێ نـەبارییێ و بـە رۆژی جـەژن نەگەیشـتبێ و ژینێكـی تـاڵی رابواردبێ ، وەنەبێ وەكو رۆمانتیكییەكان تامی لە ئـازار چەشـتبێ و لـە نـاو قۆزاغـەی خـەم و ئـازاردا خەریكی سكاڵا و فرمێسك رشـتن بـووبێ . نـەخێر بـەڵكو هەڵوێسـتێكی مرۆڤانـەی بـەرزی گرتـووە كـە پوختەی تێڕوانینی خۆ بەخت كردن و چاكەخوازی و خـۆ لەبیركردنـە... ئـەوەتا بەشـێوازێكی روون و رەوان باسی ئەنجام و ناوەرۆكی داستانی چل ساڵەی ژیان دەكات كە چارەنووس سەركەوتنی مرۆڤایەتییە:

**لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بوو**
**بە گەشبینی و زەردەخەنە رووی خۆم پۆشیبوو**
**ژەهراوم پێشکەش بکرابا.. ئەمکرد بە شەکراو**
**گریانم کردە گۆرانی... فرمێسك بە گوڵاو**
**دڵخۆشێکم دیبا دڵم لەو خۆشتر ئەبوو**
**لەگەڵ گریاوان گریانم بە جۆشتر ئەبوو**
**ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش جنیبوو**
**لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە... لووتکەی ونی بوو**

ئای لەم گیانە مرۆڤپەروەرییە بەرزە !

دەست خۆش بۆ ئەو جوولە کۆتاییەی داستانی گەشتی دواییە ، کە لە رێگەی خۆ بەختکردن و ئازار چەشتنەوە چاکەی گشتی بە ئامانج دەگرێ و لەو شوێنانە کە هی تری کەم پشوو بە ون بوون و سەر لێ شێوانی دەزانن ، ئەو لەو شوێنە خۆی دەدۆزێتەوە.

لە کۆتاییدا سەرنجێکی گشتیی وام بۆ دیار دەکات کە هەڵبەستە ناسکەکانی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین لە بەرگێکی رێك و دوور لە ئاژاوەی خەیاڵی شاعیرانەدا خۆ دەنوێنن. تۆ بڵێی ئەو شێوازە زانستانەیان گرتبێ کە پرۆفیسۆری زمانەوان دەمێکە پێوەی خەریکە و بە حیسابی ماتماتیکانەو خشتە و نەخشە مەسەلەکانی رێزمان شی دەکاتەوە ؟ هەر چۆنێك بێ ئەم شێوازە زیانی بە هەڵبەستەکان نەگەیاندووە.

بۆیە لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر پێشدەستی وتارەکە و داواخوازین ئەو بەهرە ئەدەبییانە شایان نییە لە ژێر باڵی زانستدا پەنا بدرێن.

وەکو ئاگادارم لە دوو بواری تری هەڵبەستیشدا هونەری نواندووە. کە هەر یەك لەم بوارانەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە ، یێکێکیان هەڵبەستی منداڵانە کە چەند نموونەیەکی لێ بڵاو کردۆتەوە و وەکو بەستە وەبەر گوێی زارۆکەکانی خۆیداداون. دووەمیان هەڵبەستی کۆمیدیایە کە کۆمەڵێك قسەی خۆش و رەخنەی سیاسی و هەندێ جار زمانتیژی و گاڵتەی بە تەوسەوەی لە چوارچێوەیەکی ساکار و پەسنددا کۆکردۆتەوە.

شیعری گاڵتەو گەپی واشی هەیە کە بڕوا ناکەم لە بواری ئەدەب و رەخنەسازیدا هیچ زاراوەیێکی بۆ هەبێ... وەك ئەمەی لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا ژمارە ٢٩١٨ی رۆژی ١٩٩٨/٦/١٧ دا بە ناوی ( شەماڵ ) بڵاوی کردۆتەوە:

**شاوەکەی هەڵگرت کردی بە پەرسۆك**
**بێ ترس لە لاسان پڕی دایە خۆك**
**هیچ دادی نەدا لاڤان و داپان**
**لە حەژمەتانا رووی کردە ساپان**
**تالاش لە هەشی ئەودیو شازاری**
**کاڕۆشی بووە .. بەزمی لازاری**
**دەرمای لارانی پێدانی خەنگی**
**بوو بە رێوانی شاڵی شەرەنگی**

کێ ئەزانێ شاعیر مەبەستی چی یە ! ؟ خۆزگە ئەمانە و هەموو ئەو شیعرانەی کە تا ئیستا ئازادی نەکردوون بیانکات بە دیوانێ و بیخاتە گوڵدانی ئەدەبی کوردی.

**ڕۆژنامەی ـ پاشکۆی عیراق ـ ژمارە (٤٥٥ و ٤٥٧ ) ١٢و٢٦ /١٠/ ١٩٩٧**

# وێنەی شیعریی لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین

کەریم شارەزا
گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی
(٢٠٠٤) ل ٣٢ – ٤١

**پێشەکی**

وێنەی شیعری لە سادەترین پێناسەیدا وێنەیێکی روونبێژی بە وشە کێشراوە و لە رێگەی وەسف و لێکچواندن و ئاوەڵواتاوە دەخولقێ. بە مەرجێ شەپۆلی هەستی شاعیر و سۆز و ئەندێشەی دەورێکی بنیاتنەرانە لەو خولقاندنەدا ببینن و شاعیر خۆی بکاتە هاوتای ئەو شتانەی کە لە هەست و هۆشی خۆیدا دەرکیان پێدەکات[١].

کەواتە چەندە وەسف و لێکچواندن و ئاوەڵواتا ( خوازە و خواستن ) وێنەی شیعریی دەخولقێنن ، ئەوەندەش هەست و سۆز و ئەندیشەی قووڵی شاعیری بەهرەدار دەور لە خولقاندنی ئەو وێنەیەدا دەبینن.

وێنەی شیعریی دەوری جوانکاریی و روونکردنەوە لە بنیادی هۆنراوەدا دەبینێ ،چونکە ئەو وێنانەی ناو هۆنراوەی شاعیری لێهاتوو وەك ریزە ئاوێنەیەك وان کە لە گۆشەکانی بنیادی ئەو هۆنراوەیەدا دانرابن، بۆ ئەوەی بە روون و رەوانی ناوەڕۆکی بابەتەکە بنوێنن و ئەو وێنانەش گەر جوان و سیحراوی بن ، ئەوە تەنیا بابەتە شیعرییەکە کە دەرنابڕن ، بەلکوو گیان و روخساری رازاوەیشی پێدەبەخشن[٢].

لە سەرێکی دیکەشەوە ، وێنەی شیعریی یارمەتی خوێنەری هۆنراوە دەدات بۆ چێژ وەرگرتن لە هونەری درووستبوونی وێنەی جوان و شادیبەخش و نەفرەتکردن لە وێنەی ناشیرین و دزێو و لە هەمان کاتیشدا توانستی رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندن لەلای خوێنەر و ئەو رەخنەگرە مەعلانانەی کە بنچینەی پێکەوەنانی وێنەی شیعری و ئەرکەکانی لە هۆنراوەدا بە چاکی دەزانن[٣].

**وێنەی شیعری لە چەپکە شیعرێکی دکتۆر وریادا:**

دکتۆر وریا عومەر ئەمین ، هەروەك پرۆفیسۆری پسپۆرە لە زمانی کوردی و گەردووناسیکی مەعلانی کوردەو لێکۆڵینەوەی بە نرخی لەو زانستانەدا پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە و جێگەی پەسندی خوێنەری هۆشیاری کوردن. دەبینین لە هەمان کاتدا شاعیرێکی شیعر ناسکی نوێکارە و لە خوێندنەوەی چەپکە شیعرێکیدا کە پێشکێشی کردووین ، بە تەواوی سەرنجی راکێشام کە شاعیرێکی نوێکارە و لە شاگردە هەرە زیرەکەکانی شاعیری مەزنی کورد ( گۆران ) ـە و بە کێشی خۆماڵی کوردی هونراوەکانی سەرکەوتووانە داڕشتووەو لە شیعری لیرکی و بە تایبەتی لە وەسفدا گەلێك سەرکەوتووە و ڕستە شیعرییەکانی بە زنجیرەیەك وێنەی شیعری رازاندۆتەوە و هەندێ جاریش دەبنە تابلۆی چەند دیمەنی و لێرەو دوا بە پێی توانا بە دوای وێنە گەش و گوڵەکانی نێو هۆنراوە ناسکەکانی ئەم چەپکە شیعرەی دەکەوین تاکو بزانین چۆن ئەو وێنانەی لە باری بێ ئاگایی هۆش و هەستیدا بۆ خولقاوە و هەر وێنەیەیشی بە چ هەستێك وەردەگیرێن و لە چ بارێکی وەستاو یا جووڵاودا دەردەکەون.

شاعیر لە هۆنراوەیەکیدا بە ناوی ( چاوی نەورۆزی ) وەسفێکی جوان و نایابی چاوە نەورۆزییەکانی یارە خۆشەویستەکەی دەکات و سەرەتا بەم دێرە شیعرە ناسکەی دەست پێ دەکات:

***چاوەکانت دوو ئاسمانی بێ پایانن***
***دوو مانگی روو لە گزنگی بەربەیانن***

لەم دێرەیدا دوو وێنەی شیعریی جوانی بۆ خولقاندووین ، لە نیوەی یەکەمیدا چاوەکانی ئەو یارە شۆخ و نازدارەی بە دوو ئاسمانی شینی بێ کۆتایی چوواندووە و وێنەییکی وەستاوی خولقاندووە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ . کە دەشلێ ( بێ پایانن ) ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە وێنەکە یەکجار درێژ دەبێتەوە و کۆتایی نایەت!

لە نیوەی دووەمی دێرەکەشدا ، چاوەکانی ئەو یارە شۆخەی بە ( دوو مانگی روو لە گزنگی بەر بەیان) دەچوێنێ ، بەمەش وێنەیەکی شیعریی لە جۆری وەستاو دەخولقێنێ ، کە بە هەستی بینین دەرکی پێ دەکرێ.

شاعیر لە دێرێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا ، ئەو چاوانەی یارە جوانەکەی بە ( دوو رووباری بەر سوورایی خۆر نشین ) و بە ( دوو ئەستێرەی پڕشنگداری گەش و شین ) دەچوێنێ و لە رێگەی ئەو دوو لێکچوواندنە

ناسـكانەوە دوو وێنــەی شـیعری دەخـوڵقێنێ کـە هــەردووکیان لــە جـۆری وەسـتاون و بـە هەسـتی بیـنین وەردەگیرێن و ئەگەر بەراووردییەك لە نێوان ئەو دوو وێنەیەدا بکەین ، هەستدەکەین گەش و گـۆڵترە لـە هی یەکەمیان ، چونکە لێکچواندنی چاو بە ئەستێرەی پڕشـنگدار جـوانترە لـە لێکچـواندنی بـەرووبار و باشتر هەست و سۆز و ئەندێشەی خولقێنەر دەڕازێنێتەوە و ئەمەش دەقی دێرە شیعرەکەیە کە ئاماژە بۆ چاوەکانی خۆشەویستەکەی شاعیر دەکات:

*دوو  رووباری بەر سوورایی خۆرنشینن*
*دوو ئەستێرەی پڕشنگداری گەش و شینن*

شاعیر لە دێرێکی دیکەی ئەو هۆنراوە ناسکەیدا لە سەر هونەری لێکچواندنی چاوە جوانەکانی ئەو یارە نازدارەی بە دیاریی سروشتی وەك ( جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شـەو ) و ( باڵـداری ئێسـك سـووکی وەك قولینگ ) دەچوێنێ و دەڵێ ئەو چاوانەی :

*دوو جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شەون*
*دوو قولینگن ... لە ئاسۆدا سەر ئەکەون*

ئەمجارەش شـاعیرمان دوو وێنـەی شـیعریی بـۆ خولقانـدووین ، بـەڵام بـە پێچـوانەی وێنـەکانی پێشوون ، ئەم دووانە لە جۆری جووڵاون ، چونکە لە وێنەی یەکەمدا جۆگەڵە دەڕوات و ناوەستێ و لـە وێنەی دووەمیشدا قولینگ لە باری هەڵفڕیندایە و بەرەو ئاسۆ بەرزەفڕە و وێنەکەش بە هەسـتی بیـنین وەردەگیرێن.

شاعیر لـە دێرێکـی دیکـەی هۆنراوەکەیـدا وەك سـەرجەم دێـرە شـیعرەکانی دیکـەی دوو وێنـەی شیعریی یەك لە دوای یەکی بۆ خولقاندووین ، بەوەی کە دەڵێ :

*دوو مانگی ناو . گۆمی مەنگی دارستانن*
*دوو لووتکە چیای سەختی بەفرینی کوێستانن*

له نیوەی دێری یەکەمدا شاعیر چاوەکانی خۆشەویستەکەی بە دوو مانگی ناو گۆمی مەندی دارستانی وڵاتەکەی خۆی دەچوێنێ و بەمەش وێنەیێکی شیعریی لە جۆری وەستاو دەخولقێنێ ، کە بە هەستی بینین وەردەگیرێ و ئەم وێنەیانی تا رادەیێکی باش جوانی دەبەخشێ ، بەڵام لە نیوە دێری دووەمدا کە چاوەکانی ئەو شۆخە بە ( دوو لووتکەی چیای سەختی بەفرین ) دەچوێنێ تا رادەیەك جوانییەکەی لە دەست دەدات و هەر چەندە مەبەستی شاعیر دەربڕینی دیمەنە سەرنجراکێشەکانی کوردستانە ، بەڵام ئەگەر هیوای یارەکەی بە لووتکەی چیا چواندابا پتەوتر دەبوو و ئیستاش هەرچۆنێك بێت شاعیر وێنە شیعرییەکەی خەڵقاندووە لە جۆری وەستاو و بە هەستی بینین وەردەگیرێ.

شاعیر لە دێرێکی دیکەی هۆنراوەکەیدا لە لێکچوواندنی چاوەکانی دڵدارەکەی بە ( بلێسەی گڕی نەورۆز ) و بە ( هەوری ناز ) و ( شنەی راز ) و ( کانیی سۆز ) زنجیرەیێك لە وێنەی شیعریی دروستدەکات و دەڵێ :

***چاوەکانت بلێسەی گڕی نەورۆزن***
***هەوری نازن... شنەی رازن... کانیی سۆزن***

لە نیوە دێری یەکەمدا کە چاوەکانی ئەو یارە شۆخە بە ( بلێسەی گڕی نەورۆز ) دەچوێنێ ، وێنەیەکی گەش و گۆڵی شیعریی ناسك دەخولقێنێ ، کە لە جۆری وەستاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ. بەڵام لە نیوەی دووەمیدا بە لێکچواندنی ئەو چاوانە بە (شنەی راز ) و ، ئینجا وێنەی سێیەمی دەخاتە پاڵیان بە لێکچواندنی چاوەکانی خۆشەویستەکەی بە ( کانیی سۆز ) و بەم جۆرە دیمەنێکی ئاوێتە لە سێ وێنەی یەك لە دوای یەکدی هاتوومان بۆ دەخولقێنێ کە هەسێکیان بە هەستی بینین وەردەگیرێن ، یەکەم و سێیەمیان لە جۆری وەستاون ، بەڵام دووەمیان لە جۆری جووڵاوە ، چونکە ( شنە ) خۆی جووڵانەوەیە.

لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا شاعیر دوو وێنەی پڕ لە هەست و سۆزی نەتەوەیی کوردمان بۆ دەخولقێنێ و دەیانکاتە گوڵاوی کۆتایی هۆنراوەکەی:

***چاوەکانت هەزار ئەفسانە و داستانن***

***پەنۆرامەی هەموو مێژووی کوردستانن***

لە نیوە دێری یەکەمیدا چاوەکانی ئەو شۆخە دەکات بە ( هەزار ئەفسانە و داستان )ی ژیانی مرۆڤایەتی سەردەمی زوو ، بەمەش وێنەیەکی شیعریی لە جۆری وەستاومان بۆ دەکێشێ و بە هەستی بینین و لێکدانەوەی مێشك و ئەندێشەی ژیانی رابردووی مرۆڤایەتی وەردەگیرێ و لە نیوە دێری دووەمیشدا کە ئەو چاوە گەشانەی بەنۆرامەی سەرتاپای مێژووی کوردستان دەچوێنێ وێنەیەکی پڕ سۆزی نەتەوەیی کوردمان بۆ دەخولقێنێ ، چونکە پەنۆرامەی هەزاران وێنەی جیاجیای جووڵاو لە خۆ دەگرن ، بۆیە وێنەکە لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین و لێکدانەوەی بیر و ئەندێشەی مرۆڤی روناکبیر وەردەگیرێن.

شاعیر لە دێرێکی هۆنراوەیەکی دیکەیدا بە ناوی ( سەیرانی نەورۆز ) وێنەیەکی ناسکی شیعریی بۆ خولقاندووین و دەڵێ :

بە دیمەنی بەهار مەست بووین ، ون بووین ، نەماین

بەو بۆنانەی کە نەرمە با لە رووی ئەداین

لە مەست بوون بە دیمەنی بەهار هونەری خواستن ( الاستعارە) ی خولقاندووە. لەم هونەرەش وێنەیەکی وەستاو دروست بووە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە نیوە دێری دووەمیشدا مەست بوونی ( بەو بۆنانەیکە نەرمە با لە رووی ئەدا ) هونەرێکی دیکەی خولقاندووە و لەمەش وێنەیەکی جووڵاوی شیعریی پێکەوە ناوە ، چونکە نەرمە با بە جووڵانەوە پێکدێ و وێنەکەش بە هەستی بۆنکردن وەردەگیرێ.

شاعیر لە هەمان هۆنراوەدا دوو وێنەی یەك لە دوای یەکی لە رێگەی هونەری خواستنەوە خولقاندووە و گوتوویەتی:

بڵێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش

توانەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش

له بەرزبوونەوەی گڵپەی بڵێسەی دڵ هونەرێکی جوانی خواستن خوڵقاوە و ئەمەش وێنەیەکی ناسکی شیعریی پێکهێناوە و لە جۆری جووڵاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە ( توانەوەی شاعیر لە ناو جوانیی بەهاریش ) دیسان هونەری خواستنی ڕەوانبێژی خوڵقاندووە و بۆتە مایەی خوڵقاندنی وێنەیەکی جووڵاو کە بە هەستی بینین و لێکدانەوەی مێشك وەردەگیرێ ، هەردوو وێنەکەش تەواوکەری یەکترن لە خوڵقاندنی تابلۆیەکی ڕازاوەدا.

شاعیر لە هەمان هۆنراوەیدا کوردستانی نیشتمانی کردۆتە یارەکەی خۆی و سەرسامە لەوەی بەکام دەنگ و بە کام ئاواز بۆی بچریکێنێ و با بزانین چیی بۆ خوڵقاندووین؟

***بە کام دەنگی ناسك و ساز .. بە کام ئاواز***
***بچریکێنم بۆت ئەی کوردستانی بەناز ؟***

لەم دێرە شیعرەیدا شاعیر وێنەیەکی ڕوون و ڕەوانی شیعریی بۆ خوڵقاندووین و وێنەکەش لە جۆری وەستاوەو بە وەسفی جوانیی دیمەنەکە کارەکەی ئەنجامداوە و بە هەستی بیستن وەردەگیرێ ، چونکە دەنگ وساز و ئاوازی گرتۆتە خۆ و چریکانیشی تێدایەبۆ کوردستانە خۆشەویستەکەی.

شاعیر لە هۆنراوەیەکی دیکەیدابە ناوی ( چەن تابلۆیەکی داستانی چلەی ژیانم ) و لە دوا دێریدا جوانترین وێنەی شیعریی لە بارێکی بێ ئاگایی هۆشیەوە خوڵقاندووە و دەڵێ :

ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەش گەش چنیبوو

لەو شوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لووتکەی ونی بوو

شاعیر کە ( ئاسۆی تاریکی بە ئەستێرەی گەش گەش دەچنێ ) هونەری خواستنی ڕەوانبێژی دەخوڵقێنێ و لە مەوەش وێنەیەکی وەستاو دەکێشێ و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و چواچێوەی وێنەکە دیارە ، بەڵام لە نیوە دێری دووەمیدا کە ( خۆی لە لووتکەی ونی دەدۆزێتەوە ) لێرەدا

وێنەیەك دەكێشێ بێ كۆتایی ، چونكە لووتكە ( لووتكەی ونیە ) و وێنەكەش لە جۆری وەستاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ.

لە هۆنراوەیەكی دیكەشیدا بە ناوی ( سەرنج ) یارە خۆشەویستەكەی بە ئەستێرەیەكی گەش و پڕشنگدار دەچوێنێ و لە دێری دووەمی هۆنراوەكەیدا لە رێگەی پێكەوەنانی هونەری ( خواستن )ەوە ، وێنەیەكی روون و رەوانی شیعریی دەخولقێنێ بەوەی ئەو ئەستێرەیە تاكو بەری بەیان بۆ شاعیر دجریوێنێ و هەموو تەلێكی نا دڵی دەلەرێنێتەوە و دەڵێ :

**هەموو شەو تا بەری بەیان بۆم ئەجریوێنێ**
**هەموو تەلێكی ناو دڵی من ئەلەرێنێ**

وێنەكەش لە جۆری جووڵاوە ، چونكە جریواندن و لەرینەوەی تێدایە بە هەستەكانی بیستن و بینین وەردەگیرێ.

لە هۆنراوەیەكی دیكەشیدا بە ناوی ( خەم و ترس ) شاعیر لە رێگە پێكەوەنانی هونەری (خواستن ) لە (گڕی سۆز) (هۆشی چنراو بە مەراق )وێنەیەكی وەستاوی شیعریی بۆ خولقاندووین و با بزانین چی كردووە ؟

**گڕی سۆزت دڵی تاری رووناك كردووم**
**هۆشی چنراو بە مەراقی بێباك كردووم**

وێنەكەش بە هەستی بینین دەركی پێ دەكرێ.

شاعیر لە هۆنراوەیەكی دیكەیدا بە ناوی ( چەن چرۆیەكی دارستانی دڵم ) دیسان بە هۆی پێكەوە نانی هونەری ( خواستن )ی ( پشكۆی سۆزی كوورەی دڵ ) و ( هەژانی كێوەكانی خەم ) دوو وێنەی شیعریی كێشاوە و بەم جۆرە خولقاون :

پشكۆی سۆزی كوورەی دڵم
كەوتۆتە بەر بای باوەشێن
كێوەكانی خەمم یەك یەك
ئەهەژێن و هەڵئەوەشێن

لە جووتە نیوە دێری یەكەمدا وێنەیەكی خولقاندووە لە جۆری وەستاوە و بە هەستی بینین وەردەگیرێ و لە جووتە نیوە دێری دواییشدا وێنەیەكی جووڵاوی بە هونەری خواستن خولقاندووە ، چونكە ( كاری هەژان و هەڵوەشانی ) تێدایە و ئەمانەش جووڵەن و وێنەكەش بە هەستی بینین وەردەگیرێ.

ئا بەم شێوەیە دوكتۆر وریا وێنەی ناسكی شیعریی لە رێگەی وەسف و لێكچواندن و هونەری ( خوازە و خواستن )ەوە بە هەردوو جۆری وەستاو و جووڵاو و هە جارەش بە هەستێك لە هەستەكانمان وەریاندەگرین.


**سەرچاوە و پەراوێز**

١ – د. كامل حەسەن عەزیز بەسیر – زانستی ئاوەڵواتا – بەغداد ١٩٨١ ل ١٠٧
٢ – سی. دی. لویس – الصوره الشعریه – ترجمه د. احمد الجنابی و اخرین ، بغداد ١٩٨٢ ص ٩٠
٣ – هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩٨
٤ – كۆمەڵە شیعری ( چاوی نەورۆزی ) ی دكتۆر وریا عومەر ئەمیم . دەسنووس


## چاوی نەورۆزی

**چاوەكانت دوو ئاسمانی بێ پایانن**
**دوو مانگی روو لە گزنگی بەربەیانن**
**دوو روباری بەر سوورایی خۆرنشینن**
**دوو ئەستێرەی پرشنگداری گەش و شینن**
**دوو شەنگە بیی قەد باریكی شۆخ و شەنگن**
**دوو پەپوولەی باڵ نەخشینی رەنگاورەنگن**
**جووتێ پەلە هەوری توندی بە بارانن**
**بەزم و یاریی پۆلە مەلی بەهارانن**

دوو جۆگەلەی بەر تریفەی مانگە شەون
دوو قوڵینگن ... لە ئاسۆدا سەر ئەکەون
دوو مانگی ناو.. گۆمی مەنگی دارستانن
دوو لووتکە چیای سەختی بەفرینی کوێستانن
چاوەکانت بلێسەی گڕی نەورۆزن
هەوری نازن... شنەی رازن... کانیی سۆزن
چاوەکانت هەزار ئەفسانە و داستانن
پەنۆڕامەی هەموو مێژووی کوردستانن

گۆڤاری نووسەری نوێ ژمارە (٢٢) هاوینی (٢٠٠٤) ل ٣٢ – ٤١

## مسعود محمد

**له ئالقەی پێنجەمی ( گەشتی ژیانم ) دا کە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ساڵی ١٩٨٦ ل ٢٨٠ بڵاوکراوەتەوە لە بارەی د. وریاوە دەڵێ :**

ماموستا ( عمر أمين ) خەڵکی هەولێر بوو. باشترین دەرسدەری ( قراءة ) و حیساب بوو . دوای دەیان ساڵ بۆی دەگێڕامەوە { خۆیشم لە بیرم بوو } کە لە ماوەییێکی کورتدا فێری نووسینی بووم ، هێندشم لێ رازی بوو کە زۆر جاران لە کاتی دەرسدا بە دوایدا دەناردم لە پۆلی خۆمەوە بۆ پۆلی لە خۆم هەورازتر ، دەچووم پرسیارێکم وەڵام دەدایەوە کە قوتابییەکی ئەو پۆلە وەڵامی پێ نەدرابۆوە. تا بشلێی مەمنوونی دەکردم کە دەمبیستەوە لای باوکم رەزامەندیی خۆی بەرانبەرم دەربڕیوە .

ماموستا ( عمر أمين ) لە پاش خۆی دیارییەکی باشی بۆ سەقافەتی کوردی بە جێ هێشتووە ، ئەویش ( د. وريا عمر أمين ) ە کە لە سەقافەتی نوێی زمانەوانیی ئەوروپا بەرخوردار بووە و خزمەتی زمانەکەمانی پێ دەکات.

# وریا هەم ئەشعرێنیٚ هەم ئەعلمێنیٚ

**محمود زامدار**

**گۆڤاری ( بەیان ) ژمارە ٨٣ ساڵی**

**١٩٨٢ ل ٦١**

(١٥) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ ، کە لە بەشە کوردییەکەی بەغدادا لە گەل کاك وریای دکتۆر قوتـابی بووین.. چەن پارچە شیعرێکی جوانی رێی کەوتە نێو دەمی ئەشکەوتی ئەرشیفە پەرپووتوکەمەوە ... ئەو وەختە وریا، وریا بوو .. (ئەیشعراند) ... بڕوا بکەن چاکیشی (ئەشیعراند)... کە چـووە دەرەوە و هاتەوە ، دەستی کرد بە ( عیلماندن ) . ئەم دووسیٚ لێکۆڵینەوەیـەی کـە لـەم دواییـەدا لێـرەو لـەویٚ بڵاوی کردەوە ، بەڵگەی ئەوەیە کە چاك ( ئەعلمێنیٚ ) ... کەچی ئیسـتا لـە (شـیعراندن) کـەوتووە... ئای چەن خۆشە ، مرۆڤ هەم (بشعرێنیٚ) و هەم (بعلمێنیٚ)..!!

**یەکەم و دوا دڵداریم**

**لە یادمە رۆژیٚ بە گەشت ...چووین بۆ سەیران**

رامانبوارد ... بە گۆرانی و بەستە و حەیران

لە سەر گیای نەرم و سەوز زۆر هەڵپەرین

بە ناو کوڕی کیژۆلانا زۆر تێپەڕین

بە دیمەنی بەهار مەست بووین وون بووین نەماین

بەو بۆنانەی کە نەرمە با لە رووی ئەداین

بلێسەی دڵ گڵپەی بەرز بوو کەوتە جۆش

تواینەوە لە ناو جوانیی بەهاری خۆش

ئەو رۆژە بوو دڵم تووشی دڵداری بوو

توشی ناڵە و ئاخ و ئۆف و ئازاری بوو

بووم بە دڵدار ... دڵداری چی .. هی شاخ و کێو

هی خوڕەی ئاو ... هی دیمەنانی هەست بزێو

ئەی یارەکەم ئەی کوردستانی ئێسك سووك

ئەی دلگیر تر ... رازاوە تر ... جوانتر لە بووك

بە کام وشەی گەش و زێڕین ... بە کام خامە

بۆت دەربڕم ئەو هەستەی دەربارەت لامە
بە کام زمان تاسە و جۆشی ئاگراویم
دەرخەم کە هەڵقووڵاوە لە جەرگەی لاویم
بە کام دەنگی ناسك و ساز ... بە کام ئاواز
بچریکێنم بۆت ئەی کوردستانی بەناز
نا ناتوانم هیچ بڵێم ... چونکە بە جوانیت
زۆر هیلاکم .. هەرچی بیڵێم .. هەرگیز وانیت
١٩٦٨

### گەڕانەوە

لەم شارەیە ئەو کیژەی من خۆشم ئەوێ
هاتووم بەڵکوو جارێ چاوم پێی بکەوێ
ئەو ریگایە دوورەم بڕی لە پێناوی
نیگایێکی تیشکی چاوی ئەفسووناوی
وا ئەگەڕێم ..کۆڵان نەما ..شەقام نەما
ئاوی پێم داهات ئیسقانی لاقم چەما
دەرگا نەما کە سەرێکی پێدا نەگرم
یا پەنجەرە دەمێ چاوی پیایا نەبڕم
ڕۆژ ئاوا بوو تاریك داهات ..نەمدۆزیوە
وا مانگ هەڵات بەو تریفەی ئەڵێی زیوە
ئەی تریفەی مانگی سپی ... ئەستێرەکان
چیبکەم وەختە نەمینم لە داخ و ڕکان
لە سەر خاکا چاو ئەگێڕم لە شوێنی پێی
نایدۆزمەوە لە جیاتم ئێوە بڵێن پێی
لاوێك لە دوور تینوو بۆ تۆ هات بتبینێ
تاسەی دڵی ئاگراویی دامرکێنێ
گەڵێ گەڕا ... بەڵام تۆی بۆ نەدۆزراوە
هەر بەو ئاگرەی لە دڵیا بوو گەڕاوە
١٩٦٩

# لە گوتوبێژێکی زانستی و فەرهەنگی و سیاسیدا

**د. مارف خەزنەدار**

**گۆڤاری ( مامۆستای کورد ) ژ ٢٤ و ٢٥**

**ساڵی ١٩٩٥ ل ٥٣**

..... بەشی زمانی کوردی دەورێکی گرنگی لە پێگەیاندنی خوێندەوار و رۆشنبیری کورد لە مامۆستایانی قوتابخانەی ناوەندی و ئامادەیی و کارگەرانی رادیۆ و تەلەفزیۆن راگەیاندن و رۆژنامە نووسی ، هەروەها بەشێکی زۆر لە نووسەر و رۆشنبیرانی نەوەی تازەمان دەرچووی بەشەکانی زمانی کوردیی کولێجی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا و سلێمانی و سەلاحەدینن. نامەوێ لە بیرت بچێ نووسەر و مامۆستایانی وەکوو مەحموود زامدار و **وریا عومەر ئەمین** و دڵشاد مەریوانی و ئەحلام مەنسوور و رەفیق سابیر و فریاد فازیل و خالید جوتیار و نەوزاد رەفعەت و ئەنوەر قادر و سامی شۆڕش و شیرین کەمال و سەلاح شوان و رەشاد میران و محەمەد بەکر فەرهاد شاکەلی و گەلێکی تر دەرچووی ئەم بەشی کوردییەن. یادگاری سەدەمی قوتابێتیتان لاپەڕەیێکی رووناک و بەهادارە لە ژیانی زانستیمدا و هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەم کە رۆژێ لە رۆژان قوتابیی من بوون.....

# سەیرانێکی شیعرستان

**د. مارف خەزنەدار**

ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی ) ژ (٧٣٠) ٨/١٠/٢٠٠٧ ل ١٠

وریا عومەر ئەمین لە جەنگەی گەرمای مانگی رابردووی بێ ئامان و بێ وێنە بە سەری کردمەوە.، لەو سەیرانەیدا دەست و دیاریی کتێبی ( سەیرانێکی شیعرستان) بوو.

جارێ لە بارەی شیعرستانەوە قسە بکەم. وریا دەیەوێ بڵێ شیعری داناوە، ئەو شیعرە بەلای ئەوەوە داهێنانێکی هونەرییە، دەچێتە ناو شار یا وڵات یا نیشتمان یا مەملەکەتی شیعرەوە، ئنجا بە خوێنەر و خوێندەوار دەڵێ : بڕۆن بۆ وڵاتی شیعر و سەیرانێکی تێدا بکەن و ئەو شیعرانە بخوێننەوە.، ئەمە ئەگەر کلاسیکیانە سەیری هەڵوێستەکە بکەین، بەلام ئەگەر ئارەزووی بکردایە لە باتی مەملەکەتی شیعر ئەنتەرنێت بەکار بێنێ و لە باتی ئەوەی شیعرەکانی لە کتێبی ( سەیرانێکی شیعرستان ) بڵاو بکاتەوە لە ئیمێلی خۆیدا تۆماری دەکرد، بەلام دیارە وەکو پێویستە هەموو کەسێك بیری لێ بکاتەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە کتێب و هەموو چاپەمەنییەك دەبێ لە ناو نەچن و هەر بمینن. خۆ لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ هەموو نووسینێك لە ناو کتێب و چاپەمەنییەوە بگوازرێتە ناو ئەنتەرنێتستانەوە.

تەنیا وریا حەقی ئەوەی نییە شیعر بنووسێ، بەڵکو هەموو مرۆڤێك لەورۆژەوەی خۆی لەسەر ئەم خاکەدا دیوە تا ئیستا و لەدوا رۆژیشدا مافی ئەوەی هەیە شیعر بنووسێ، چونکە شیعر بەرهەمێکە لە داهێنانی عالەمی هونەری بێ پایان: شێوەکار، مۆسیقار، نووسەر، پەیکەرتاش و میعمار و هی دیکە.

لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە دەزگا ئەکادیمی و زانستییەکاندا هەندێ بۆچوون کەوتۆتە ناوەوە دەڵێ هەموو ئادەمیزادێك گیانی هونەری تیدا هەیە، بەلام رەنگە لایەنی چێژوەرگرتن لە بەرهەمی هونەریدا زیاتر بێ لە دەربڕینی ئەو هەستەگیانییەی بەرهەمی هونەری دروست دەکات. واتا هەموو کەسێك توانای چێژوەرگرتنی لەلای زیاترە لە دەربڕ\شینی ئەو

هەستە، ئەمە مانای ئەوەیە زیاتر چێژ لە بەرهەمی داهێنراو وەردەگرێ، بەڵام ناتوانێ ئەو هەستە هونەرییەی چێژ دروستی دەکات بیکا بە بەرهەمێکی داهێنراو ( پارچە شیعرێك ).

بە پێی ئەم تیۆرییەی من و تۆ و وریا و هەموو کەسێك مافی ئەوەمان هەیە شیعر بهۆنینەوە، بەڵام مەسەلە دانانی شیعرەکە نییە، بەڵکو ئەو شیعرە چۆن دەبێت بە کردەوەییێك ، ناڵێم هەموو کەسێك، بەڵکو بەشێك لە کۆمەڵ دانی پێدا بنێن و ببێتە سەرچاوەی مشت و ماڵکردنی بیری ئەو کەسانە و ئاوەدانکردنەوەی ئاسۆی خەیاڵی فراوانیان.

وریا شیعری نووسیوە. پیشەی شیعر نووسینی نییە،بەڵام ئەوەی نووسیویەتی شیعرە.ئەو بەرهەمە لە دوای لە دایك بوون پەیوەندیی بە خاوەنەکەیەوە نامینێ. شیعر دانان پیشە نییە، ئەو کاتە دەبێتە پیشە ئەگەر خاوەنەکەی کاری دیکەی نەبێ و لەسەر شیعر بژی وەکو شاعیری تاجنیشینی ئینگلیز لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە مەلیکی بەریتانیا بە ڕەسمی شاعیری بووە، دەڵێن تا ئیستاش پشتاوپشت قەسری بەکینگهام شاعیری هەیە، ئەوە دەزانرێ لە کۆنا موچەی ساڵانەی دوانزە پاوەنی ئینگلیزی بووە، بەڵام ئیستاکە نازانرێ چەندە.

هەر چۆنێك بێ شیعری ( سەیرانێکی شیعرستان )م خوێندەوە، بەڵام بڕیارێکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنە گرتن لەلام دروست نەبووە.ئەمە هەموو شیعری تازەی کوردی دەگرێتەوە لە چارەکی سەدەی دوای بیستەمەوە تا ئیستا. مەبەست لە شیعری تازە بەرهەمی ئەو شاعیرانەیە لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە دایك بوو، واتە ئەوانەی لە دوای محەمەد سالح دیلان ناویان وەك شاعیر کەوتۆتە ناوەوە، مەبەستم ئەو شاعیرانەیە کە هێشتا لە ژیاندان.

بەردەوام شیعری تازەی کوردیم خوێندۆتەوە، بە گشتی وێنەی جونم تێدا کەوتۆتە بەرچاو لە هەندێ نووسینمدا ئاماژەم بۆ کردوون، کەچی تا ئیستا نەگەیشتوومەتە ئەوەی بڕیار دەربکەم ئایا چەند لەو شیعرەی ئیستا بڵاو دەکرێتەوە لە دوا ڕۆژدا دەبێ بە کلاسیك و شوێنەواری دەمینێ وەکو بەرهەمی شاعیرە کلاسیکیە گەورەکانمان! ئەمە پرسیاری سەرەکییە ئیستا لە دوای بڵاوکردنەوەی هەر حەوت بەرگی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) بیری لێ دەکەمەوە.

بۆ شیعری ناو ( سەیرانێکی شیعرستان ) دەڵێم: بە گشتی داهێنانی هونەری لەو شیعرەدا

بەرچاو دەکەوێ.

لە لیرکی ( چاوی نەورۆزی ) وێنەی رەوانبێژیی کلاسیکیی رۆژهەلاتی و رۆژئاوایی ئاشکرایە و هەستی پێ دەکرێ. شاعیر یەکێتیەکی لە خۆی و دولبەر دروست کردووە، داهێنانی شیعری هەمیشە شین و شەپۆریەتی چونکە دولبەر لێی دوورە.

شیعری بۆ منالان گوتووە، لەوان (کۆترۆکە) و (مانگ و ئەستێرە) و (باران) و (ئەڤۆکە) جوانن، بەلای منەوە ئەو شیعرەی بۆ مندالان دادەنرێ ئەگەر هەستی گەورە ببزوێنێ وەکو داهێنانێکی هونەریی جوان دەکەوێتە بەرچاو.

هەرچۆنێبێ من ئەم کۆمەڵە شیعرەم وەکو هەموو شیعرێکی دیکەی لەم بابەتە خوێندۆتەوە ئەوانەی کەوتوونەتە بەر چاوم و ئەوەی شیعری نوێ و سەردەمی پێدەگوترێ. وەك لە پێشەوە ئاماژەم بۆ کرد من نەچوومەتە ناو ئەو بەرهەمەوە بە نیازی لێکۆڵینەوە بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان بخەمە ناو مێژووی ئەدەبی کوردیەوە. ئەم شیعرە تازەیە یەکجار زۆرە قەولی شاعیری گەورەی کورد شێخ رەزامان دێنێتەوە یاد کە دەڵێ: ( چونکە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا...).

پێویست ناکا واقیعی نالەباری (شیعری نوێ)ی کوردی بشارێتەوە. کارەساتەکە لەوەدایە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا ئیستا ئەوانەی شیعریان نووسیوە ژمارەیان لە پێنج سەد کەس زیاترە. ئەمە دیاردەیێکی دڵخۆشکەرەوە نییە. هەرچۆنێ بێ لەناو ئەم هەموو خەلکەی بە ناو شاعیرن، هەندێکیان ناسراو و بەناوبانگن، جا ئەوە گرنگ نییە لەبەر بەرزیی بەرهەمەکانیان بێ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بەو بەرهەمانەی من ئاگاداریانم بەشێکیان بە داهێنراو کەوتوونەتە بەر چاوم، ئەمانەش دوو بەشن هەندێکیان رەسەنن ئەدەبی کوردی ئاوەدان دەکەنەوە، هەندێکی دیکەیان وەرگیراون، بڕێکیان بە دەسکارییەوە لە شیعری بێگانەوە دزراون، ئەمەیان نازانم چچی پێ بڵێم، خۆ ئەگەر شاعیرە کوردەکە بیگوتایە وەرگێڕانە بێ گومان ئەو شیعرە تازەیە بە کەلکی دەبوو ئەگەر بە زمانێکی ئەدەبیی راست و رەوان نووسرابن.

لەو کاتەی دەتوانم تا رادەیێك بەرنامە دابنێم بۆ سنوور کێشانی مێژووی ئەدەبی کوردی لە بابا تاهیری هەمەدانیەوە تا محەمەد سالّح دیلان واتە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، هەر لەو کاتەدا

ناتوانم بەرنامە دابنێم بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ و سەردەم بە پێی ئەو سیستەمەی بۆ مێژووی ئەدەبەکە لە سەردەمی رۆیشتووم تا ناوەڕاستی ئەو سەدەیە، چونکە لەم ماوەیەدا ئەگەر دەوری لە ئەدەبی کوردیدا لە شیعر زیاتر نەبێ کەمتر نییە.

ئیستا لەم مەسەلەیەدا من بەرامبەر دوو عالەمی جیاواز دەوەستم، یەکەمیان کلاسیکی، بەرهەمی ئەمان جێگەی خۆی گرتوو. بووە بە سەرچاوە و سامانی نەتەوە، لەسەر زاری هەموو خوێنەر و خوێندەوار و رۆشنبیری کوردەوەیە، کێش و قافیە و مۆسیقا و ریتم و هێزێکی جاویدانی ئاخنیوەتە ناو شیعرەکەوە، لە دوا رۆژیشدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ناو زیاتر لەو پێنج سەد شاعیرە تازەیە بەشێکی کەمیان دەبێ بە شیعری کلاسیك، ئەویش هەموو بەرهەمی نا بەڵکو هەندێکیان. ئنجا پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئەگەر شیعری کوردی لە سەرەتاوە تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەدوا رۆژدا وەك سامانی نەتەوەیی بمێنێتەوە ، ئایا ئەو شیعرە داهێنراوانەی کوردی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم لە کوردستانی عیراق دا لەسەر زاری خەڵکی دەبن وەکو شیعرە کۆنەکان؟ من خاوەنی ئەم پرسیارەم، بەڵام جارێ ناتوانم وەڵامی بدەمەوە.

# شاعیری میللی داری ساری

## وریا عومەر ئەمین

رۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٤ ی ٢٠٠٨/٨/٢٢

لـە رۆژی یەکشـەممەی ڕێکـەوتی ١٩٨٤/٨/٢٦ بـوو.. لـە کـاتی بەسـتنی گـۆنگرەی یێکیـەتی ئەدیبانی کورد ، دانیشتنێك لەگەڵ شاعیری میللیی کوردی فەیلیی مەزن (داری سـاری ) و مـەحموود زامدار و د. عیزەالدین مستەفا رەسوول و د. احسان فوئاد و د. فوئاد حەمە خورشید و حسـین جـاف و محمـد بـەدری و زۆری تـر ، کـۆی کردبووینـەوە . مامۆسـتا داری سـاری بـە قسـە خـۆش و پـڕ لـە بەشیرییاتییەکانییەوە شتی سەیر و سەمەرەی بۆ ئەگێڕاینەوە.. بە بەڵگەوە باسـی مێـژووی کـوردی پێش ئادەمی کرد...دوای ئەمە مەحمود زامدار هاتە سەر باسی ( کەر) و ( کەریزم ) بە وردی باسـی دەور و گرنگێتی ( زەرپێنۆلۆجیا ) ی کرد لە هەڵدانەوەی نهێنی و لایەنـە شـاراوەکانی بـیر و مێـژووی مرۆڤی پێش ئادەم ، ئنجا رووی کردە مامۆستا داری سـاری و وتـی : داری سـاری .. ئـەزانی کـە د. وریا وەك کەر گیا خۆرە بەزەیی بە ئاژەڵا یێتەوە هەرگیز گۆشـت نـاخوا و تخـوونی ناکـەوێ ؟ داری ساریش یەکسەر ئەم سێ دێرەی نووسی و دایە من:


لە میوە جیاتی گۆشتی چێشتی خۆی
هەرچی بای ئەدیب لە گۆشت بگوزەرێ
لە عورفی ژیان ییەی گیا خۆرە
لە عەقیدەی ژینە و غافڵی کرێ
ئەگەر محمود هات چێتو کەر ئەنوێ
دکتور وریا هۆکارەی گەرێ

یەکی کورد

**ئاریان عەزیز ئەحمەد**

**ڕۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٣٣٦٤ ی**

**٢٠٠١/٤/٢٣ ل ٩**

ئەوەی کە لە دۆست و دوژمنی کورد ئاشکرایە ، دان پیادانان و نکۆڵی نەکردنیانە کە بەشێکی زۆر لە زاناو بلیمەتەکانی جیهان کورد بوون. هەر چەندە هەندێك لەو کوردانە لە بەر نەبوونی کەش و هەوای ئازادی نەیانتوانیوە کە لە وڵاتەکەی خۆیاندا خزمەتی زانستە پیرۆزەکەی خۆیان بکەن و داهێنان پێشکەش میللەتەکەی خۆیان و جیهانی مرۆڤایەتی بکەن.

یێکێك لەو زانایانە کە ناوی پرۆفیسۆر دکتۆر ( وریا عومەر ئەمین ) ـە . مامۆستایە لە زانکۆی بەغداد ، کولێجی پەروەردە بەشی زمانەوانی. یێکێکە لەو زانا ماندوونەناسانەی نەتەوەکەمان کە کۆششی بەردەوامی داوە بۆ خزمەت کردنی وشەی رەسەنی کوردی و پێشخستنی هونەرە پیرۆزەکەی سەرەرای ئەو ئەرکانەی کە لە سەر شانیەتی لە لایەنی وانە وتنەوە لە چەند کولێژێکدا ، توانیویەتی لە دوای هەوڵدانێکی زۆر کە چەند ساڵێکی خایاندووە داهێنانێکی بە نرخی بە دەست هێناوە لە بواری زانستی ساڵنامەدا و ساڵنامەیێکی نوێی پێشکەش بە جیهان کردووە کە دەتوانرێت بۆ (٢٠٠) ساڵ کەڵکی لێ وەربگیرێت. واتە لە ساڵی ( ١٩٠٠ تا ٢١٠٠ ) ی زایینی ، بە شێوەیێکی وا کە هەرگیز پێویست بە ساڵنامەی دیکە نابێت.

لە ڕێگای ئەم ساڵنامەیەوە دەتوانرێت ئەو ڕۆژە دەستنیشان بکەیت کە دەکەوێتە چەند شەممەوە ، بە گوێرەی هەر ڕووداوێك کە مەبەستت بێت بیزانیت ، لە چ ڕۆژێکدا ڕووی داوە لە ڕۆژەکانی حەفتە وەکوو بەرواری لە دایك بوون یا کۆچ کردن و هەروەها بە گوێرەی هەموو ڕووداوە گرنگەکانی جیهان ودەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم ساڵنامەیەوە نەخشەیێکی زۆر ورد و جوان بکێشرێت بۆ هەموو پڕۆژە ئابووری و رامیاری و خوێندن و پڕۆژە گرنگ و دوورخایەنەکانی دیکەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت لە بواری مێژوو و گەردوون ناسیشدا.

بۆ ئەو مەبەستەی کە بە خۆتان بتوانن کەڵکی راستەوخۆ لەم داهینانە وەربگرن وێنـەیێکی ئـەم ساڵنامەتان بۆ بـڵاو دەکەینـەوە لـە گـەڵ رێنمـایی چـۆنیەتی بـەکار هێنـانی سـاڵنامەکە کـە داهێنـەر دەستنیشانی کردووە.

بۆ دەست کەوتنی ساڵنامەی هەر ساڵێکە نێوان ( ١٩٠٠ – ٢٠٧٥) :

١ – ساڵەکە لە ستوونەکەدا بدۆزەرەوە.

٢ – لە ژێر ستوونەکەدا بەرامبەر هەر مانگێك ژمارەیێك هەیە.

٣ – بە هۆی ئەم ژمارەیەوە لە خشتەکاندا مانگەکە دەستنیشان دەکرێ .

بۆ نموونە گەر بمانەوێ ساڵنامەی ساڵی (٢٠٠١) رێکخەین :

ساڵی ٢٠٠١ کەوتۆتە ستوونی ( یەکـەم ). لـەژێر ئـەم سـتوونەدا ژمـارە (٣) بەرامبـەر مـانگی کـانوونی دووەمە – (٣١) رۆژە – واتا خشتە ژمارە (٣) مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠١) ـە.

ژمارە (٦) بەرامبەر مانگی شوباتە (٢٨) رۆژە چونکە ساڵی ٢٠٠١ بە سـەر (٤)دا دابـەش نـابێ ( کەبیسە نی‌یە). واتا خشتە ژمارە (٦) مانگی شوباتی ساڵی( ٢٠٠١ ) ـە. لـە رۆژی چـوارشممەدا تـەواو دەبێ.

ژمارە (٦) بەرامبەر بە مـانگی ئـادارە – (٣١) رۆژە – واتـا خشـتە ژمـارە (٦) مـانگی ئـاداری سـاڵی (٢٠٠١)ـە.

ژمارە (٢) بەرامبەر مانگی نیسانە –(٣٠) رۆژە – واتای خشتە ژمارە (٢) نیسـانی سـاڵی (٢٠٠١)ــە . بە رۆژی دووشەممە تەواو دەبێ.

بەم جۆرە هەر دوانزە مانگی ساڵەکە دەستنیشان دەکرێ.

هەروەها لە رێی ئەم ساڵنامەیەوە (رۆژەکەی) هەر مێژوویێك دەزانرێ. بۆ نموونە گـەر بمانـەوێ بزانین نەورۆزی ساڵی (١٩٤٠) کە دەکەوێتە (١٩٤٠/٣/٢١) لە چ رۆژێکدا بووە.

ساڵی (١٩٤٠) لە ستوونی هەشتەمدایە. ژمارەی ژێر ئەم ستوونەی بەرامبەر مـانگی ئـادار (٧)ــە. لە خشتەی ژمارە ( ٧) دا بەرامبەر (٢١)ی مانگ ( پێنج شەممە) یە.

# سالنامەی وریا

## ١٩٠٠ ـ ٢٠٧٥

|  |  |  |  |  |  |  |  |  |  |  |  |  |  |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٠٠ | ١٩٠١ | | | | | | | | | | | | |
| ١٩٠٦ | ١٩٠٧ | ١٩٠٢ | ١٩٠٣ | | | ١٩٠٥ | | | | | | | |
| ١٩١٧ | ١٩١٨ | ١٩١٣ | ١٩١٤ | ١٩٠٩ | ١٩١٠ | ١٩١١ | | | | | | | |
| ١٩٢٣ | ١٩٢٩ | ١٩١٩ | ١٩٢٥ | ١٩١٥ | ١٩٢١ | ١٩٢٢ | | | | | | | |
| ١٩٣٤ | ١٩٣٥ | ١٩٣٠ | ١٩٣١ | ١٩٢٦ | ١٩٢٧ | ١٩٣٣ | | | | | | | |
| ١٩٤٥ | ١٩٤٦ | ١٩٤١ | ١٩٤٢ | ١٩٣٧ | ١٩٣٨ | ١٩٣٩ | | | | | | | |
| ١٩٥١ | ١٩٥٧ | ١٩٤٧ | ١٩٥٣ | ١٩٤٣ | ١٩٤٩ | ١٩٥٠ | | | | | | | |
| ١٩٦٢ | ١٩٦٣ | ١٩٥٨ | ١٩٥٩ | ١٩٥٤ | ١٩٥٥ | ١٩٦١ | | | | | | | |
| ١٩٧٣ | ١٩٧٤ | ١٩٦٩ | ١٩٧٠ | ١٩٦٥ | ١٩٦٦ | ١٩٦٧ | | | | | | | |
| ١٩٧٩ | ١٩٨٥ | ١٩٧٥ | ١٩٨١ | ١٩٧١ | ١٩٧٧ | ١٩٧٨ | | | | | | | |
| ١٩٩٠ | ١٩٩١ | ١٩٨٦ | ١٩٨٧ | ١٩٨٢ | ١٩٨٣ | ١٩٨٩ | | | | | | | |
| ٢٠٠١ | ٢٠٠٢ | ١٩٩٧ | ١٩٩٨ | ١٩٩٣ | ١٩٩٤ | ١٩٩٥ | | | | | | | |
| ٢٠٠٧ | ٢٠١٣ | ٢٠٠٣ | ٢٠٠٩ | ١٩٩٩ | ٢٠٠٥ | ٢٠٠٦ | | | | | | | |
| ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٧ | | | | | ١٩٠٤ | | |
| ٢٠٢٩ | ٢٠٣٠ | ٢٠٢٥ | ٢٠٢٦ | ٢٠٢١ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢٣ | ١٩١٢ | ١٩٢٤ | ١٩٠٨ | ١٩٢٠ | ١٩٣٢ | ١٩١٦ | ١٩٢٨ |
| ٢٠٣٥ | ٢٠٤١ | ٢٠٣١ | ٢٠٣٧ | ٢٠٢٧ | ٢٠٣٣ | ٢٠٣٤ | ١٩٤٠ | ١٩٥٢ | ١٩٣٦ | ١٩٤٨ | ١٩٦٠ | ١٩٤٤ | ١٩٥٦ |
| ٢٠٤٦ | ٢٠٤٧ | ٢٠٤٢ | ٢٠٤٣ | ٢٠٣٨ | ٢٠٣٩ | ٢٠٤٥ | ١٩٦٨ | ١٩٨٠ | ١٩٦٤ | ١٩٧٦ | ١٩٨٨ | ١٩٧٢ | ١٩٨٤ |
| ٢٠٥٧ | ٢٠٥٨ | ٢٠٥٣ | ٢٠٥٤ | ٢٠٤٩ | ٢٠٥٠ | ٢٠٥١ | ١٩٩٦ | ٢٠٠٨ | ١٩٩٢ | ٢٠٠٤ | ٢٠١٦ | ٢٠٠٠ | ٢٠١٢ |
| ٢٠٦٣ | ٢٠٦٩ | ٢٠٥٩ | ٢٠٦٥ | ٢٠٥٥ | ٢٠٦١ | ٢٠٦٢ | ٢٠٢٤ | ٢٠٣٦ | ٢٠٢٠ | ٢٠٣٢ | ٢٠٤٤ | ٢٠٢٨ | ٢٠٤٠ |
| ٢٠٧٤ | ٢٠٧٥ | ٢٠٧٠ | ٢٠٧١ | ٢٠٦٦ | ٢٠٦٧ | ٢٠٧٣ | ٢٠٥٢ | ٢٠٦٤ | ٢٠٤٨ | ٢٠٦٠ | ٢٠٧٢ | ٢٠٥٦ | ٢٠٦٨ |

| مانگ | | | | | | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کانوونی دووەم | ٣١ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ |
| ٢ | شوبات | ٢٨-٢٩ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٢ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٣ | ئازار | ٣١ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ |
| ٤ | نیسان | ٣٠ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ |
| ٥ | مایس | ٣١ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ |
| ٦ | حوزەیران | ٣٠ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
| ٧ | تەمووز | ٣١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ |
| ٨ | ئاب | ٣١ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
| ٩ | ئەیلوول | ٣٠ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ |
| ١٠ | تشرینی یەکەم | ٣١ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ |
| ١١ | تشرینی دووەم | ٣٠ | ٦ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٧ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ |
| ١٢ | کانوونی یەکەم | ٣١ | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ١ |

| | ١ | | | | | ٢ | | | | | ٣ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| یەک شەممە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| دوو شەممە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| سێ شەممە | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |
| چوار شەممە | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ |
| پێنج شەممە | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | |
| هەینی | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | |

| | ٤ | | | | | ٥ | | | | | ٦ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | ٣١ | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ |
| یەک شەممە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| دوو شەممە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| سێ شەممە | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| چوار شەممە | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| پێنج شەممە | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |
| هەینی | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ | | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ | ٣١ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ | ٣٠ |



| | ٧ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەممە | ٣٠ | ٢ | ٩ | ١٦ | ٢٣ |
| یەک شەممە | ٣١ | ٣ | ١٠ | ١٧ | ٢٤ |
| دوو شەممە | | ٤ | ١١ | ١٨ | ٢٥ |
| سێ شەممە | | ٥ | ١٢ | ١٩ | ٢٦ |
| چوار شەممە | | ٦ | ١٣ | ٢٠ | ٢٧ |
| پێنج شەممە | | ٧ | ١٤ | ٢١ | ٢٨ |
| هەینی | ١ | ٨ | ١٥ | ٢٢ | ٢٩ |

ئامادە کردنی پرۆفیسۆر وریا عمر امین

# له چیرۆكی ( میوانی ئازیز ) ی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین دا كۆمەڵێك كۆڵەگەو كەرەستەی داهێنەرانە لە ڕەوتی پیرۆزی پەروەردەكردنی منداڵدا بەرچاو دەكەوێت

**د. اسماعیل ابراهیم سالەیی**
**بەشی كوردی – زانكۆی بەغداد**
**هاوكاری ژمارە ٣٧٢٣ یەكشەممە ٢٠٠٢/٥/١٢ ل٩**

لە بەر ئەوەی ئەدەبی منداڵان زۆر ناسكە ، چونكە منداڵ خۆی لە خۆیدا ناسكە و خاوەنی هەستێكی زیاد لە ناسكی پاك و خاوێن وبێگەرد و خاویشە ، بۆیە سەوداكردن لەگەڵ جیهانی منداڵ توانای تایبەتی و شارەزایی و بوێریشی دەوێ. هەر لەبەر ئەمەشە زۆر كەس توخنی ئەدەبی منداڵان ناكەون و خۆیانی لێ لادەدەن. بەڵام كوردەواری لە دێرین زەمانەوە بایەخی داوە بە ئەدەبی منداڵان و لە فۆلكلۆری كوردیدا دەیان چیرۆكی منداڵان هەیە لەلایەن داپیرە و باپیرەوە یان دایك و خوشكی گەورە بۆ منداڵانیان گێڕاوەتەوە لە میانەی ئەو چیرۆكانەوە منداڵی كورد فێری ئازایەتی و دەست پاكی و گشت ڕەوشتێكی باش بووە.

لە سەر ئاستی ئەدەبی نوێش هەندێك لە چیرۆكنووسەكانمان هەوڵی باشیان داوە بۆ دەوڵەمەند كردنی بواری چیرۆكی منداڵان . ئەمەش لەو بۆچوونەوە سەری هەڵداوە كە منداڵان لە سەر ئاستی جیهان جێی بایەخن. چونكە منداڵ لەم سەردەمەدا بە گەورەترین سامانی نەتەوە دادەنرێت و هەر ئەویش سنوور بۆ رادەی پێشكەوتنی گەلان لە پاشەرۆژدا دادەنێت ، لەبەر ئەمەكۆمەڵانی خەڵك سوورن لەسەر ئەوەی شێواز و ڕێبازی داهێنەرانە لە پەروەردە كردنی منداڵاندا پێڕەو بكەن . بێگومان نەتەوەی كوردیش وەك هەر نەتەوەیێكی دیكەی سەر ئەم زەمینە پان وبەرینە پێویستە لەسەر ئەم مەبەستە پیرۆزە داكۆكی بكات و هەوڵەكانی بخاتە گەڕ. ئەدیبانی كورد بەشێكی هەرە گەورەی ئەم ئەركە پیرۆزەیان لەسەرە و هەر بەرهەمێكی داهێنەرانەش مایەی دڵخۆشیی رۆڵەكانی ئەم گەلەیە.

كە چیرۆكی ( میوانی ئازیز ) ی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمینم خوێندەوە ( گۆڤاری رەنگین ژ ١٥١ ساڵی ٢٠٠١ ) هەستم بە دارشتنێكی جوان و شێوازێكی بە چێژ و پڕ سۆز كرد. كەسانی نێو

چیرۆکەکە ئەندامانی خێزانێکن ، پاڵەوانیش منداڵێکی ئەو خێزانەیە. شوێنی رووداوەکەش هەر ئەو ماڵەیە. پاڵەوان دیمەنی ژیانی پەلەوەرێك شپرزەی کردووە ، پەلەوەریش جیهانی خۆی هەیە لە گەلێك رووی گشتیەوە وەکو ئادەمیزاد وایە ، بەلاّم لە هەندێ لایەنی گرنگەوە لە مرۆڤەوە دوورترە ، بە تایبەت ئەو ئازادیەی بۆ خۆی هەڵبژاردووە یان سروشت پێی بەخشیوە. کەچی سەرەرای بێوەیی بۆ ئادەمیزاد هێشتا هەر لە بەخیلی و چاوچنۆکی هەندێك لە لاسارانی نێو کۆمەڵی ئادەمیزاد رزگاری نەبووە ، چونکە ئەو کەسانە زۆریان لا ئاسییە بەردی تێ بگرن بۆ کوشتنی هەوڵ بدەن تەنانەت ئامێری تایبەتیشیان بۆ ئەو مەبەستە ناڕەوایە دروست کردووە و گەیشتۆتە ئەوەی منداڵەکانیشیان لەسەر ئەو دڵرەقی و بێ بەزەیییە رابهێنن هەتا باشتر نیشانیان لێ بگرن و گەورەترین ژمارەیان لێ بکوژن. لە چیرۆکی ( میوانی ئازیز ) دا ئاماژەیەکی روون هەیە بۆ نەفرەت کردن لەم کارە و مەحکووم کردنی. دیارە ئەمەش مەبەستێکی پەروەردەیی مەزنی لە پشتەوەیە ئەوەیە منداڵ پێویستە نەك تەنها لە ئازادیی مرۆڤ بنبێ بەڵکو گیان لەبەرانی دیکەش . دیمەنەکە هەرچەند ساکار بەلاّم سەرنج راکێش بووە ، نزیك بوو لە ژیانی ئادەمیزادەوە باڵندەیێکی جوان کونجێکی لە نێو ماڵێکدا هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی هێلانەی تیا دروست بکات. بە درێژایی رۆژ بە دەنووکە ناسکەکەی پووشی هێناوە و خستوویەتیە سەر یەك و تێهەڵکێشی کردوون و بە لیکی نێو دەمی بە یەکەوەی نووساندوون هەتا کردوونی بە هێللانە بۆ ئەوەی هێلکەکانی تیا دابنێ و لە مەترسی دووریان بخاتەوە. رۆژ تێدەپەڕێ هێاکەکان دەبن بە جووجك بەرە بەرە گەورە دەبن دایکەکەش بە دەنووك خۆراکیان بۆ دێنێ و ئەواتیش دەمی خۆیان بۆ دەنووکی دایکەکەیان دەکەنەوە و لە سایەی بەخششی ناسکەی ئەو دایکە دڵسۆزەدا نەشونما دەکەن. ( ئیڤان ) ئەو دیمەنە ناسکە دەبێتە جێی بایەخی و بەردەوام بۆ دایك و باوك وخوشك و براکانی خۆی باس دەکات ، ئەوانیش گوێی بۆ رادەدێرن و بەشداریی هەستی دەکەن.

رۆژێك دایکانەکە ئیتر نایەتەوە و... بێچوەکانیش هەر چاویان بەڕێوە دەبێ ... ئەنجام ئەو ماڵە بەخێویان دەکەن هەتا باڵ دەگرن ... ژیانی خۆیان هەڵدەبژێرن ..

لەم چیرۆکەدا مرۆڤ وا هەست دەکات کە چیرۆکنووسەکە ئەیەوێ منداڵان بە شێوەیەك رابهێنرێن کە بەزەییان بە ئاژەڵ بێتەوە و رەفتاریان شیرین و بێ وەی بن. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە باڵندەیەك کونجی ماڵێکی هەڵبژاردووە ، هێلانەی تیا دروست کردووە. منداڵانی ئەو ماڵە هێمن و سەلار بوونە لە جیاتی ئەوەی هێلانەکە تێك بدەن و باڵندەکەش بکوژن چاودێرییان کردووە . ئەمەش

ئامانجێکی گەورەیە پێویستە مرۆڤایەتی هەوڵی بۆ بدات هەتا بتوانێ بەرگی رەش و ناشیرین لە بەر خۆی داکەنێ و ببێتە مایەی دڵنیایی و ئارامی. لە هەمان کاتیشدا ئەوە ئەگەیەنێ کە لە نێو مرۆڤیشدا هەردوو هێزی خێر و شەڕ رۆڵی خۆیان دەگێڕن ، بەڵام بە زۆری هەر لایەنی خێر سەردەکەوێ و زاڵ دەبێ. لە چیرۆکەکەدا ئەمەش روونە ، چونکە ئەگەر منالێکی چەقاوەسوو بە دارلاستیك ئەو دایکانەیەی پێکابێ و ژیانی بێچووەکانی خستبێتە مەترسییەوە وا بەرامبەر بەمەش ( ئیڤان ) بووەتە منداڵێکی رەوشت فریشتەیی و ژیانی بێچوەکانی دابین کردووە.

لە راستیدا خوێنەر لەم چیرۆکەدا لە چواچێوەی داڕشتنێکی ساکاردا وەستایانە بۆ مندال تان و پۆ کراوە. بیری بەرزی مرۆڤایەتی و نیشتمانی بەدی دەکات ، کە پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین ویستوویەتی لە دڵ و دەروونی منداڵانی کورددا بیژیێنێ بەرەو نەهێشتنی هەندێ دیاردەی نەزۆك و ناڕەسەن کە رەنگە لە نێو هەندێ لە منداڵانی وڵاتەکەماندا سەریان هەڵدابێ و ببنە مایەی زیادەکردن و تەشەنەکردنی هەندێ رەفتاری ناڕێك و ناشیرین.

خۆزگە تیپ و دەزگا پسپۆڕەکانی نواندنی منداڵان ئەم چیرۆکە و چیرۆکی دیکەی لەم چەشنەیان دەخستە قاڵبی نواندنەوە و لە دەزگاکانی راگەیاندنی بیستراو و بینراوەوە پێشکەش بە منداڵانی وڵاتەکەمانیان دەکرد. خۆزگە ئەم جۆرە چیرۆکانە دەخرانە بەرنامەکانی خوێندنی منداڵان.

# دەربارەی وەرزی پایز و شیعری کوردی

**د. اسماعیل ابراهیم سالەیی**

**بەشی کوردی – زانکۆی بەغداد**

**ڕۆژنامەی هاوکاریدا ژمارە ٣٨٤٥ چوارشەممە**

**٢٠٠٢/١٠/٣٠ ل ٥**

لە پایزاندا جوتیارانی کورد شپرزەی شۆم و تۆم دەبن . ئەگەر زوو بارانی پەڵە باری ئەوە دەبێتە مایەی خۆشی ژیانیان ، کەچی ئەگەر بارانەکە دوا بکەوێ ئەوە خەم خەڵکەکە دادەگرێ ، پیاوان نوێژی باران دەکەن و لاوانیش کوسە بارانێ سازدەکەن و بە ماڵاندا دەگەڕێن ، خەڵکەکە ئاویان بەسەرا دەڕژێنن بەو نازەوە کە یەزدان بەزەیی بە خەڵکەکە بێتەوە و بارانیان بۆ دابارێنێ ... زۆرجاریش یەزدانی مەزن دێتە دەنگ کۆمەڵانی خەڵکەکەوە.

شاعیرانی ئەم سەردەمەش پەرۆشی بارانن ، بۆیە گەر درەنگ داهات و باران نەباری زمانیان دێتە گۆ ، سکاڵا دەردەبڕن . شایانی باسە هەر لە باسی باراندا ، لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٣٦٢٢ ی ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٩ دا ئەم پارچە شیعرەی مامۆستا وریا عومەر ئەمین بڵاوکرایەوە ، ئەوە بوو بارانی ڕەحمەتی بە دوادا دایگرت ، ئەوە ئیمساڵیش درەنگ داهات و باران دەنگ و باسی نییە ... لێرە دیسان شیعرەکە بڵاو دەکەینەوە ، چاوەڕوانی میهری یەزدان بین ، ئەمەش شیعەکەیە:

**باران بۆ لێمان تۆراوی**
**بۆچی وەك جاران نەماوی**
**وەتی وازت لێ هێناوین**
**چوار وەرزمان بوونەتە هاوین**
**دار و درەخت هەڵپرووکاون**
**کانی و جۆگەلە بێ ئاون**
**کژ و گیا سیس و لاوازن**
**باڵندەکان بێ ئاوازن**
**خۆشەویستەکەمان باران**
**وەرەوە ناومان وەك جاران**
**بیرت ئەکەین توخوا وەرە**

ببارە لەم دەشت و دەرە

خاك تینووە بە تەماتە

رزگارمان كە لەم نەهاتە

# هۆنراوەی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا

فارووق محەمەد رەزا نەقشبەندی

لە لاپەڕە ٦١ ی نامەی ماجستێری ( هۆنراوەی منداڵان
لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٥ – ١٩٩٠)
پێشکەش بە زانکۆی بەغداد کراوە ١٩٩٩

وریا عومەر ئەمین لەم هۆنراوەیەدا هەستێکی قووڵی باوکێتی دەردەبڕێ بەرانبەر بە نۆبەرەی ژیانی. هەست بە خۆشی و شادی و نائومێدی و ئاوات ئەکات بە شێوەییێکی تێکەڵاو وەك هەر باوکێ کە بۆ یەکەم جار خۆی بەرانبەر کۆرپەی ساوای دەبینێ . هەستی تاوان لەناویا پونگاوەتەوە.

زمانی هۆنراوەی رەوان و روونی تیا بەدی دەکرێ ، سەرکەوتووە لە وێنە شیعرییەکەدا.

**ئیڤان ئەی پشکۆ و خوێی سەر برینم**
**گەڕمە ئاوازەی قوڵپی گرینم**
**هەورە تریشقەی ئاسمانی تارم**
**تیشکی فرمێسکی .. چاوی بێدارم**
**پەلکەزێڕینەی درەنگە بارانم**
**چرۆ ناوەختەی خەوی جارانم**
**تۆ دەردی منی .. دەرمانی منی**
**تۆ پێکەنین و گریانی منی**
**تۆ خەمی منی .. تۆ شادیی منی**
**تۆ بەندیخانە و ئازادیی منی**
**تۆ بێ ئومێدی و ئاواتی منی**
**تۆ دەربەدەری و وڵاتی منی**
**تۆ پرسەی منی ... تۆ شایی منی**
**تۆ دڵنیایی و رارایی منی**

# د. فازل مەجید مەحموود

**لە کتێبی ( شیعری منالآن لە ئەدەبی کوردی ) دا ل١٤٧ی**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی٢٠٠٤**

(هەر لەم بارەیەوە وریا عمر أمین لە زاری منداڵەکەی خۆیەوە دەیەوێ بە هەموو منداڵان بڵێت کە هەوڵ بدەن ئازاری باڵندەنەدەن و بەستنی پەیوەندی و تەبایی لە گەڵیاندا و دڵنیا و هێمن کردنەوەیان بە مەبەستی دۆستایەتی و یاری لەگەڵ کردنیان کە خولیا و حەزی منداڵە دەڵێ :

**کۆترە نەرم و نۆڵەکە**
**کە بۆت دێم تۆ رامەکە**
**من هاوڕێی دڵسۆزی تۆم**
**خۆشم ئەوێی بە قەد خۆم**
**دانم بۆتۆ هێناوە**
**واتێنەگەی کە داوە**
**من ئازادی تۆم ئەوێ**
**خۆشی و شادیی تۆم ئەوێ**

رەنگین١٠٥

ئەم دەربڕینانە بزواندنی هەست و سۆز و بەزەیی منداڵە بەرامبەر بە گیاندار و دەرکردنی رق و بیری ئازاردانە لە دڵ و دەروونیاندا ، لە دوو دێری کۆتایی شیعرەکەدا مۆتیفێکی تری هێناوەتە ناوەوە کە هانی منداڵ بدات و تێی بگەیەنێ کە هەوڵ بۆ سەربەستیی بدات و دژی چەوسانەوە بێت کە ئەمە کارێکی مرۆڤانەیە و شاعیر دەیەوێ هەر لەو تەمەنەوە منداڵی پێ گۆش بکات و دەڵێت:

**حەزم لە سەر بەستی یە**
**رکم لە ژێر دەستی یە**

شیعرەکە بۆ منداڵی قۆناغی یەکەم و دووەم گونجاوە چونکە کێشەکەی حەوت برگەیی و زمانەکەشی سادەیە و لە فەرهەنگی زمانی ئەو قۆناغە وەرگیراوە).

# خوێندنەوەی ژیانی خوێندکاران و( فرمێسکی ماڵئاوایی )ی دکتۆر وریا عمر امین

ئەحمەد زەردەشت

گۆڤاری گەرمیان ژ(١٠) ساڵی ٢٠٠٦
ل ٦١ – ٦٣

ژیان بەردەوامە و چەرخی رۆژگار لە دەوراندایە. دوێنێ رابووردووە و سبەینێ ئەمرۆمان بە رێ دەکات . سبەینێی ئەمرۆمان داهاتووە و داهاتوو دەچێتە خانەی رابردۆوە..!! هاوکێشەیێکی بێ سەر و بنی رەوتی بێ وەستانی ژیانە.. هەر قۆناغێکیش یادگار و بیرەوەریی تایبەتیی خۆی تۆمار دەکات و زەنگی کلێسەکان دەزرینگێننەوە و شەپۆلەکانی نوغرۆی ناخی دەروون دەبن و هەڵدەقووڵێنەوە.

دوا ساڵی خوێندنله ئاسۆی خوێندکاراندا تیشکی ئافتاوی زەرد وسووری خۆر و ترپە و ئاوازی لێدانی دڵ و هەست و نەستی تایبەتیە و هەنگاوێکە بەرەو رۆژانی داهاتوو... ( فرمێسکی ماڵئاوایی) یش هۆنراوەیێکی شاکاری قوتابیی ئەو سەردەمە و پرۆفیسۆر و دکتۆری ئیستای ئازیزمان(( وریا عمر امین )) ـە .

خوێدکار ( وریا ) لە تافی لاوێتی و رۆژانی خوێندن و کۆشش دان ، بەرەو ئەو دوا رۆژ و پلەی لەوەو دوای کە بەلای هەموومانەوە ئاشکرایە.. ئا لەو قۆناغەدا وەك هەموو لاوێکی خوێندکاری تری زانکۆ ئەڵبەتە هەست و مەست و خواست و ئارەزوو و هیوا و ئاواتی تایبەتی سەرێنی خۆی هەبووە.

(( کچی خنجیلانەی )) ئاوات و خەیاڵیخۆی لە بیر و دڵ و هەناویدا رازاندۆتەوە و خەونی پێوە دیوە .. دیواری قەڵای بەهەشتی دڵداریی هەڵچنیوە و گەیشتۆتە حەوت تەبەقەی ئاسمانی ئەندێشە و خەیاڵ و لە ئەویندا چینەی وەفاداری کردووە و ماوەی چوار ساڵ ئەو کیژە ناسکەی خەیاڵی (( پەرستگای دڵی غەمگین و مات )) و خەون و خەیاڵی بووە و هەستی خرووشاندووە ، چوار ساڵ بە بێ هاتنی وەرزی بەهار ئەو بەهاری رازاوە و گوڵزاری هەمیشەیی و (( شنە و باران و فێنکی ))تاوسان و گەرەو گڵپەی بەتینی (( بیابانی دڵی وریا )) بووە.. لە تەك ئەوەشدا ئەڵبەتە (( وریا )) ئەوەشی لە یاد نەکردووە کە ئان و ساتی دەست لە یەك بەرداربوون لە ئاسۆدا دیارە ،هەر بۆیە (( زەردەخەنەی

سەر لێوی )) هەمیشە (( فرمێسکی قـەتیس ماوەکـانی نێـو گلێنـەی چـاوو نـاخی دەروونـی)) بـووە و زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانی بوو..

هەروەك زۆربەی لاوانی ئەو سەردەمەش توانا و جورئەتی ئـەوەی نـەبووە وشـە زیندانیـیەکانی نێودڵ و بیر و هۆشی وەك بولبولی لە قەفەس ئازادکراو ئازادکات و راز و نیازی دڵی خۆی بۆ (( کچـە خنجیلانەکەی خەیاڵی )) بدرکێنێ ...

ئەڵبەتە (( وریا )) و هاوەڵەکانی دوا ئاهەنگی دەرچوون و دوا ماڵئاوایی لە چوار ساڵی کولێژ بە دوا ماڵئاوایی لـە چـاوی نازدارەکانیـان دادەنـێن و ئاهـەنگی شـیوەنی دووری دەگێـڕن نـازانن بـە چـی سەبووریـیان بێ و .. و چۆن تیماری دەردی دووری بکەن..

لەم شیعرە ناسك و پـڕ هەسـت و نەسـتە راسـتەقینەیەی مامۆسـتا (( وریـا )) رۆمانسـیـیەت و ریـالیزم دەسـت لـە ملانـی یـەکتر دەبـن و بـە وشـە ناسـك و سـادە و سـاکارە کوردیـیـە بـە پـاراو و رەسەنەکانی ، بە بێ ئارایشت و جوانکاری دەستکرد ، شاکارێکی ئەدەبی تۆمـار دەکـات و ئەڵبەتـە ( وریا ) بەم چامەیە تەنها تەعبیر لە زاتی زاتیـیەتی خودی خۆی ناکات، بەڵکوو بگرە هەسـتی تـەواوی هاوتەمەنی ئەو سەردەمەی خۆی و تەواوی گەنجان و هەمیشە دڵتەڕان دەکات. تەعبیر لـە قۆنـاغێکی تەواوی ژیانی مرۆڤ دەکات...

ئەوەتا لە ئاهەنگی دەرچـوونی بەشـی کـوردیی سـاڵی ١٩٧١ دا وریـای خوێنـدکار ئـەم شـاکارە ئەدەبیـیــەی خوێندۆتــەوە و پێشکەشــی کــردووە بــە هــاوڕێ و هاوپۆلــەکانی . وەك خــۆی بــڵاوی دەکەیەوە.

**فرمێسکی ماڵئاوایی**

**ئەی فرمێسکی قەتیس ماو لە گلێنەی چاو**
**ئەی ئەو ئاخەی کە دەروونم ئەکەیت بەئاو**
**ئەی ئەو دڵەی کە جێ نشێنی خەفەتی**
**ئەی ئەو بوونەی ئیمڕۆ لە تاوا لەت لەتی**
**ئەی ئەو لەشەی یەك تۆز هێزت تیا نەماوە**
**ئەی ئەو هەستەی برینداری لە سەد لاوە**
**ئەی ئەو خوێنەی وەك ژیلەمۆی ئاگر گەرمی**

ئەی ئەو ئاواتە پڕ ژینەی ... ئێستا تەرمی
دوا ماڵ ئاواییتان بکەن لەم چوار ساڵە
ئاهەنگێکی خۆش بگێرن هەر چەند تاڵە
ئەو چوار ساڵەی پڕ خۆشی بوو پڕ شیرینی
کە بەسەر چوو .. بە ئاوات و خەو بینینی
ئەو چوار ساڵەی هەموو دەمێکی سەیران بوو
دڵمان شاد بوو دەممان بە بەستە و حەیران بوو
ئەو چوار ساڵەی بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو
لە بۆنی خۆش و جوانی یا بەهەشتێ بوو
ئەو چوار ساڵەی هەر ئێسك سووکی و هەر ناز بوو
هەر چرپە بوو ... هەر دەنگی خۆش و ئاواز بوو
ئەی ئەو کچە خنجیلانەی ئاواتم بووی
تۆ پەرستگای دڵی غەمگین و ماتم بووی
تاڵە تیشکی شەوی ژینی پڕ زارم بووی
خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی
شنەو باران و فێنکی ی بیابانم بووی
زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی
ئێش لابەری دەرد و زامی کەساسیم بووی
هێز و تین و خۆراکی گیانی برسیم بووی
سەردەمێکە .. ئەمەوێ و جورئەت ناهێنم
لەبەر دەمتا بوەستم بۆت بدرکێنم
تێت گەیێنم لە چ دۆزەخێکا ژیاوم
تیشکی چاوت چ گرێکی تێ بەرداوم
ئەوا ئەڕۆی ئیتر بە چی سێبووریم بێ
لە دوای تۆ چی .. دەرمانی دەردی دووریم بێ

# دیداری ڕۆژنامەی بەدرخان لەگەڵ پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین

**لە ٢٠٠٥/١٢/١٤ دا**

**حەمید ئەبوو بەکر ئەحمەد**

**بەشی یەکەم لە ژمارە ٦٦ / ٢٢-٢-٢٠٠٦ و**

**بەشی دووەم٧٧ / ٢٢-٣-٢٠٠٦دا بلاو کراوەتەوە**

لە ٢٠٠٦/١/١٤ لە نووسینگەی بەدرخان لە هەولێردا ، پرۆفیسۆر د. وریا عومەر ئەمین بە خۆی و جانتا سیحراوییەکەی کە هەر لە ئەسپلپسازی و کەرەستەکانی زمان و شیعر و ساڵنامە و تۆگوڵ و ئەتلەس و ئامێر و کتێبی جۆراوجۆری تێدا ئاخنیوە ، سەردانی کردین.

هەر وەکوو شاعیر و رەخنەگر عبدالرزاق بیمار لە لێکۆڵینەوەیەکیدا ، د. وریا بە ( جوانکیلەی پەناگرتوو )ناودێر دەکات، لە گەڵیا کەوتینە قسەکردن لەسەر بابەتی هەمەجۆر..بەرە بەرە دوای دە ساڵێك هەوڵدان لەگەڵیا توانیمان لەم پەناگەیەی خۆی تێدا حەشارداوە دەریبهێنین و بە رەنگی خۆی دوور لە سیاسەت و بێ سانسۆر لە دەرگای ئەومان دا. ئەویش کە د. احسان فوئاد بڕوانامەی (بەشیرا) ی پێ بەخشیوە ، بەشیر ئاسا گوتی : ئەمین رازیم بفەرمە.

***با بە سەرەتا و منالێت دەس پێ بکەین. لە پارچە شیعرێکتا کە لە گۆڤاری نووسەری نوی ژمارە ٢٦ ی نیسانی ٢٠٠٥ دا بڵاوبۆتەوە ئەڵێی:**

**ئەی منالیم ... ئەی بەهەشتە زەوت کراوەکەم**
**ئیستاش بەکوڵ بۆت ئەگریم و شینت بۆ ئەکەم**
**فرمێسکی خوێنینت وشك نەبووە لە چاوم**
**فێی بەدبەختی و خاکەسەریت بەری نەداوم**
**ئیستاش تامی تاڵاوی تۆ پڕی زارمە**
**نرکەی گریانت ئاوازی دڵی زارمە**
**ئیستاش ئا بەم هەستەی وشکم بەم دڵەی پیرم**
**ناخی ناخم رائەچەنێ کە دێیتە بیرم**
**موچڕك بە لەشما ئەگەڕێ گیانم سڕ ئەکا**
**هەست و هۆشم ئەشێوێنێ میشکم وڕ ئەکا**
**هەر برینە و لە دوای برین ئەکولێنەوە**

**بۆت ئەگریم و بەزەییم بە خۆما بێتەوە**
**ئەی دۆزەخی بێ ئومێدی و هەناسە ساردیم**
**تۆ بەهەشت بووی لە چاو ئەوەی لە دوای تۆدا دیم**
**رۆژەکانم هەموو خۆزگەن بە رۆژانی تۆ**
**بە شەوانی پڕ هەژان و روو گرژانی تۆ ..... هتد**

**تیایا وای دەرئەخەی کە منالێیەکی یەکجار تاڵی کارەساتاویت بەسەر بردووە و تارماییەیەکەی تائیستاش هەر بەردەوامە. کەچی ئەوانەی لە نزیکەوە ئەتناسن بە پێچەوانەی ئەمەت تێئەگەن. چۆن ئەمە لێك ئەدەیتەوە؟**

ژیان فرمێسك و زەردەخەنەیە . تاڵی و شیرینییە . شیعر دەربڕینی ئەم دوو سروشتە دژیەکەی مرۆڤە. لە بەر ئەوەی مرۆڤ بە زۆری هەست هەر بە تاڵییەکەی ژیان ئەکات و زۆر بە دەگمەن هەست بە شیرینییەکەی ئەکات، بۆیە شیعر زۆربەی هەرە زۆری دەربڕینی تلانەوە و خەم و پەژارەیە. شیعر باسی خۆشی بکات زۆر دەگمەنە. ئەم پارچە شیعرەی من زمانی دڵمە و تا رادەیێکی زۆریش رەمزییەتی تیایە .گەر سەیرێکی دێرەکانی دواییی بکەن ئەمە دەرئەکەوێ ، کە ئەڵێم

**لەگەڵ ئەوەی ژیانم هەمووی تاڵی و ترشی بوو**
**بە گەشبینی و زەردەخەنە رووی خۆم پۆشیبوو**
**ژە هراوم پێشکەش بکرابا ئەمکرد بە شەکراو**
**گریانم کردە گۆرانی فرمێسك بە گوڵاو**
.....تا دەڵێم
**ئاسۆی تارم بە ئەستێرەی گەشگەش چنیبوو**
**لەوشوێنە خۆم ئەدۆزیەوە لووتکەی وونی بوو**

*** حەز ئەکەین نەختێ باسی منالێتمان بۆ بکەیت و چی بوون ئەو هۆیانەی تۆیان بەرەو جیهانی رۆشنبیری و نووسین راماڵی ؟**

من لە بنەماڵێیکی رۆشنبیر پەروەردە بووم . باوکم فەرمانبەر و مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو. هەر چەن ساڵێ جارێ دەگوێزرایە یەکێ لە گوند و شارەکانی کوردستان. لە سییەکانەوە تا ساڵی ١٩٥٠ دوو جار ، هەر جارەی بۆ بێنج شەش ساڵ لە شاری کۆیێ مامۆستا بووە. لەوێ دەرسی بە ئەحمەد دلزار و دلداری شاعیر و مسعود محمد زۆر لە کەڵە پیاو و ناودارانی کوردی ئەم شارەی وتۆتەوە. لە ساڵی ١٥ / ٣ / ١٩٤٧ لە شاری کۆیە لە دایك بووم ، دایکم کۆییە . لە تەمەنی دوو ساڵیدا بووم کە باوکم گوێزرایە شاری سلێمانی . لە شەش ساڵیدا بووم گوێزرایە شاری هەولێر و لە حەوت ساڵیدا بووم کە گوێزرایە گوندی عەنکاوە. لەوێ حەوت ساڵ بەرێوەبەری قوتابخانەی

سەرەتایی عەنکاوە بوو. لە ساڵی ١٩٦٠دا بە یەکجاری گەڕایەوە هەولێر تا لە ١٩٦٤/١/٤دا کۆچی دوایی کرد.

ساڵی یەکەمی سەرەتاییم لە قوتابخانەی ئیبن ئەلمستەوفیی کوڕان لە گەڕەکی تەیراوە خوێند

خوا لێخۆشبوو مامۆستا فەتاح کە دەکاتە باوکی سامی شۆڕش مامۆستامان بوو. ئەو ساڵە بوو باوکم گوێزرایە عەنکاوە کە گوندێك مەسیحیە زمانەکەی کلدانیە ، ئیتر سەرەتاییم لە قوتابخانەی عەنکاوەدا تەواو کرد. لەوێ زمانی کلدانی فێر بووم و شارەزاییم لە ئایین و کۆمەڵەکەی پەیا کرد.خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو بەمە زمانی عەرەبیش فێربووم .ئەو مامۆستایانەی لەوێ دەرسیان پێ داوم ، لۆقا دمیانۆس کاکا و مەتی عۆدیش عەسکەر و صلیوە بویا کوندە و عبد الاحد ئۆغستین و شابۆ مەرقوس سیاوەش و پۆڵص گۆرگیس بیتوون و حەننا عبدالاحد پوتروس و یوسف یەلدا کاکۆنا و شمعون هورمز حەننا و باوکم عومەر ئەمین ... بوون. دوای ئەوەی قۆناغی سەرەتاییم تەواو کرد ، لە بەر نەبوونی قوتابخانەی ناوەندی لە عەنکاوەدا لە قوتابخانەی ناوەندیی زازا لە شاری هەولێردا تۆمار کرام. هەموو رۆژ بەیانیان زوو لەعەنکاوەوە لە گەڵ ژمارەیێك قوتابیی تر بەرەو هەولێر ئەکەوتینە رێ. زۆر جار ئۆتومبیل نەئەبوو، بە پێ ئەو رێگایەمان ئەبڕی. بە نزیکەی سەعاتێ ئەگەییشتین رێگا هەمووی سەوزی و دەغڵ و دان و گوڵ و مێرگ بوو . کە بووم بە دووی ناوەندی ماڵمان گوێزرایەوە هەولێر. لەوێ فێری زمانی تورکمانی بووم.

لەوانەی لە قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دەرسیان پێ وتووم مامۆستایان د. عبد الحمید یعقوب و ئەنوەر تاهیر و حوسام شاکیر وجەلال غەریب و لەتیف حامدی ئەدیب و چیرۆکنووس و فوئاد شێخ جەماڵ و عبدالمسیح مالح و باکووری و عبدالرزاق محمد و مەلا خدر مەولوود و مەلا عوسمان و زۆری تر بوون.

*** لە بیرەوەرییکانی ئەم قۆناغەی ژیانت ؟**

زۆر و خۆش بوو .. یەکێ لەو بیرەوەرییانەی کە پەیوەندیان بەم سەردەمەی ژیانم هەیە ئەوەیە، مامۆستای خوالێخۆشبوو د. عبدالحمید یعقوب لە دووی ناوەندیدا دەرسی ئینگلیزیی پێ ئەووتینەوە. ئەو ساڵە لای کەوتم و ئیکماڵبووم و لە دەوری دووەما دەرچووم. لە هەشتاکاندا ، دوای ئەوەی من خوێندنم تەواو کردبوو و گەڕابوومەوە ، ئەو چووە ئینگلتەرا و ماجستێری لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگرت و لە بەشی ئینگلیزیی کولێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بوو بە مامۆستا و دوایێ بووە سەرۆکی بەشی ئینگلیزی. وابوو هەموو تەرقیەکانی تا پرۆفیسۆریش کەوتنە لای من. هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥دا بووم بە سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی لە زمانی ئینگلیزیدا. لە

موناقەشەکەیدا وتم ( شانازی بەوە ئەکەم ببم بە سەرپەرشت و ، دکتۆرا لە ئینگلیزیا ببەخشم بەو ماملۆستایەم کە منی لە زمانی ئینگلیزیدا خست ).

باوکم خاوەن رەز و باغ بوو لە شەقڵاوە. هەمووساڵ لە پشووی هاوینا ماڵمان دەچووە شەقڵاوە. لەوێ لە بناری سەفین لە ناو رەز و باغە فێنکە دڵگیرەکاندا هاوینمان بەسەر دەبرد.

ئەم گوێزانەوەیەمان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێ دینامیکیەتێك و چێژێکی تایبەتیی بە ژیانی منالێم بەخشیبوو و بووە هۆی ئاشنابوونم لە گەڵ شێوە جیاوازەکانی کوردی و زمانەکانی تری کوردستان فێربم .

باوکم کتێبێکی زۆری هەبوو هەر لە منالێیەوە چاوم بە کتێب و گۆڤارەکانی ئەو کردەوە.

*** چی بوون ئەو کتێب و گۆڤارانە گەر لە بیرت مابن.**

گۆڤارەکانی گەلاوێژ و هەتاو و المعلم الجدید و الهلال و کتێبەکانی سەلامە موسا و مستەفا لوتفی ئەلمەنفەلووتی و ژمارەیێك لە دیوانەکانی شاعیرانی کورد وعەرەب و کتێبی زانستی و ...

باوکم هاوڕێ و دۆستی زۆر لە رۆشنبیرە کوردەکانی سەردەمی خۆی بوو ، زۆری ئەخوێندەوە. ناوە ناوەش شیعری ئەنووسی و لە گۆڤاری هەتاوی مامۆستا گیوی موکریانیی بڵاو ئەکردەوە. زۆر جار منی لەگەڵ خۆی ئەبردە لای مامۆستا گیو لە چاپخانەکەیدا . باوکم پێش ئەوەی بمرێ وەسیەتی کرد ئەم چوارینەی لە سەر کێلی گۆڕەکەی بنەخشێنرێ:

**بە کاری چی دێ سەر و ماڵ و ژیان**
**گەر بەختی نەکەی لە رێی نیشتمان**
**کوردم رواوم لە باغی ژیان**
**بە ئاو و خاکی پاکی کوردستان**

*** بیرەوەرییەکانت لە گەڵ مامۆستا گیوی مۆکریانی.**

ئێمە دەستەییێك گەنج بووین ئەچووینە لای مامۆستا گیو لە چاپخانەکەیدا .مامۆستا گیو مرۆڤێکی پاك و دڵسۆز و جەرگسۆز بوو بۆ کورد . دەورێکی باڵای هەبوو لە بڵاوکرنەوەی هەستی کوردایەتی لە هەولێردا . چاپخانەکەی مەڵبەندێکی رۆشنبیری بوو . رۆشنبیرانی کورد روویان تێ

ئەکرد. من زوو زووە ئەچوومە لای . لەوێ چاوم بە زۆر لە شاعیر و رۆشنبیران ئەکەوت وەك مدحت بێخەو و پیربالʼمحمود و حەبیب عەلی میرانی و مەلا مەسعوود بێبەش و جاهید و زۆری تر . هەر لای ئەم بە دیداری هەژاری موکریانی گەیشتم.

. لە کارە نەمر و مەزنەکانی مامۆستا گیو کە من ئاگاداری بم ، ئەوەیە گەر بیبیستایە کەسێ منالّی بووە دەچووەلای نوقلّ و شیرینی بۆ ئەبرد پیرۆزبایی لێ ئەکرد و قەناعەتی پێ ئەهێنا ناوی کوردیی لێ بنێت.

مامۆستا محمود زامدار بۆی گێڕامەوە وتی( خوتبەی هەینییان لە مزگەوتەکانی هەولێردا دا هەر بە عەرەبی بوو. باوکم ، مەلا عبداللەی شنەغەیی ، ئیمام و خوتبەتخوێنی مزگەوتی ناو بازاڕ بوو . لە سەرەتای پەنجاکانا یەکەم کەس بوو خوتبەی هەینییانی بە کوردی پێشکەش کرد. مامۆستا گیو کە ئەمەی بیست یەکسەر چووە لای لە مزگەوتدا سوباسی کرد و پیرۆزبایی لێ کرد. هەر سوالّکەرێ بهاتایە بەر دەم چاپخانەکەی داوای خێری لێ کردبا مامۆستا گیو پێی ئەووت رۆژی دووشەممە وەرە. ئەمە سەرنجی راکێشام جارێکیان لێم پرسی مامۆستا بۆ دووشەممە بێن ؟ ووتی هەر ئایینەی رۆژێکی پیرۆزی لە حەفتەدا هەیە. دووشەممە هی کوردە.

مامۆستا گیو لە سەر کێلی گۆڕی دایکی ئەم چوارینەی نووسیوە:

**لەناو مەینەتی دێهات و شاری**
**کوڕم پێ گەیاند بە خاکەساری**
**ئازادیان ئەکەم حوزنی و گیو ئەگەر**
**ببنە قوربانی بۆ کوردەواری**

ئەمانە هەموو بەلّگەی قوولّی ، و پاکیی هەستی کوردایەتی مامۆستا گیو بوون.

باوکم هاورێ و هاوپۆلی گۆران بوو لە کەرکوك بەیەکەوە خوێندوویانە . منالّ بووم وەك دوێنێ بێ ئاوا بیرمە لە هاوینی سالّی ١٩٥٩ دا بوو لە شەقلاوە گوران هاتە لای باوکم ، باوکم بە منی ناساند و ووتی ئەمە مامت گۆرانە شاعیرە. ئەویش دەستێکی بەسەری منا هێنا و ماچی کردم . بەیەکەوە گفتوگۆییێکی زۆریان لە بارەی شیعر و ئەدەبەوە کرد. یەکەم کسپەی دلّداریم لە گەلّ شیعرا و عیشقم بۆ گۆران لەوێوە دەست پێ ئەکات.

*** مامۆستا کەریم شارەزا لە وتارێکیدا بە زیرەکترین قوتابیی گۆرانت لە قەلّەم ئەدا و مامۆستا عبدالرزاق بیماریش ئەلێ شیعرەکانت بۆن و بەرامەی گۆرانیان لێ دێ .**

ئیستاش زۆربەی شیعرەکانی گۆرانم لە بەرە و هەمیشە وێردی سەر زارمن. هەرگیز ناتوانم خۆم لە جیهانی ئەفسووناویی گۆران دەربازکەم .

*** یەکەم شیعرت**

یەکەم هەوڵدانم لە شیعر بچێ ، لە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم برام ئازاد عومەر ئەمین لە پۆلی شەشەمدا بوو، ئەم سروودەم بۆ نووسی :

**ئێمە ئیستاکە لە پۆلی شەشین**
**بۆیە بەختیارین هێندە رووگەشین**

**ئیمسالَمان ماوە لە سەرەتایی**
**تەواوی ئەکەین موژدە ئەبەخشین**
**پەڕی منالی ئاوابوو لێمان**
**ئیستا ئێئەگین بە بیرو هۆشین**
**ئەزانین کەوا ناگەین بە ئامانج**
**بێ هەوڵدان و رەنج و تێکۆشین**

لەو سەردەمەدا زۆربەی شیعرەکانم سروودی قوتابخانە و نیشتیمانی بوون.

*** یەکەم شیعری دڵداریت؟**

یەکەم شیعری دڵداریم بڵاوبووبێتەوە لە ژێر ناوی (سەرنج) دایە لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ دا بوو ، تیایا ئەڵێم:

**لە ئاسمانا ئەستێرەیێك هەیە پڕشنگدار**
**ئەی جوانەکەم من گیرۆدەی ئەوم وەتی پار**
**هەموو شەو تا بەری بەیان بۆم ئەجریوێنێ**
**هەموو تەلێکی ناو دڵی من ئەلەرێنێ**
**لە تەنیایی ژینی شەوا هاوڕازی منە**
**نەغمەی بولبولی بەیانان ئاوازی منە**
**تا دڵ و چاو ماندوو ئەبێ هەر سەیری ئەکەم**
**تا لە ناخما ئەتوێتەوە دوا گرمۆچکەی خەم**
**ئەی جوانەکەم ئەزانی بۆ گیرۆدەی ئەوم**
**لە پێناویا هەموو شەو پێ ئەنێم لە خەوم ؟**
**چونکە گەشەی چاوت هەیە لە پڕشنگی یا**
**ماتی و هێمنەی تۆ هەیە لە بێ دەنگییا**

**چونکە لە دووریدا دووریم لە تۆ ئەبینم**
**لە بەرزیدا شوێنت لەناودڵئەخوێنم**

*** کەی دەستت بە بڵاوکردنەوە کرد و یەکەم شیعری بڵاوکراوەت لە کوێ بڵاوکرایەوە ساڵی؟**

یەکەم شیعرم لە ساڵی ١٩٦٦ دا بڵاوکردۆتەوە لە ڕۆژنامەی دەنگ و باسدا کە حەفتانە لە بەغدا دەرئەچوو و لاپەڕییێکی بە کوردی بوو.

*** کێ بوون ئەو شاعیرانەی لەو سەردەمەدا هاوڕێت بوون و ئەتناسین .؟**

مەحموود زامدار و عبدالله پەشێو و سەعدوللا پەرۆش و سامی شۆڕش و عبدالخالق سەرسام و د.عبدالله حداد و جەمیل ڕەنجبەر ڕۆستەم باجەڵان و زۆری تر کە ئێستا هەموو جێ پەنجەیان لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا دیارە. زوو زووەش سەردانی مامۆستا و شاعیران مدحت بێخەو و پیرباڵ مەحموود و مەلا مەسعوود بێ بەشم ئەکرد .

*** وا ناسراوی کە ژمارەییێکی یەکجار زۆر شیعری کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و بەشێکی زۆری قورئان وگۆرانیەیەکانی ئومکەلسووم و موعەللەقات و جەواهیری و زۆر لە شاعیرانت لەبەرە. لە چ قۆناغێکی تەمەنتدا ئەمانەت لەبەر کردووە.**

کە ماڵمان لە هەولێر گیرسایەوە، لە پشووی هاوینانا ئەچووم لە مزگەوتدا قورئان و کتێبە ئایینییەکانم لە ژێر دەستی مەلا سابیر لە مزگەوتی مەحموود عەلاف ئەخوێند. ئەوسا زۆر لە ئایەتەکانی قورئان و حەدیسم لە بەر کرد. عیشقی شیعریش وای لێ کردووم هەر شیعرێکم بە دڵبێ بە ئاسانی لە بەری ئەکەم. ئیستاش زۆربەی ئەو شیعرانەی لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیم لەبەرم کردوون لە بیرم ماون . جگە لەمە کە لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم لە عەنکاوەدا لە وانەی ئاییندا ئامادە ئەبووم و هەمیشە بەرزترین دەرەجەم تیا وەرئەگرت ، لە گەڵ هاوڕێیەکانم ئەچوومە کلیسە و ئینجیلم ئەخوێند و لە بەرم ئەکرد. ئیستاش هەر شیعرێکم بە دڵ بێ بە ئاسانی ئەزبەری ئەکەم.

***جگە لە زمانی کوردی و کلدانی و تورکمانی و عەرەبی ، ئینگلیزی و فارسی و رووسیش ئەزانی. چۆن ئەم زمانانە فێربووی؟**

لە ساڵی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ دا لە بەشی کوردیی کولێجی زمانانی زانکۆی بەغدا وەرگیرام. لە بەرنامەی خوێندنەکەیدا وانەیەکی فارسی هەبوو. دکتۆر صاڵح تەقی دەیووتەوە. مامۆستاییێکی یەکجار خۆش و دڵ تەڕبوو . موسەجیلەی ئەهێنایە پۆل و مۆسیقا و گۆرانیی فارسیی خۆش خۆشی بۆ لێئەدان و شیعرەکانی پێ لەبەر ئەکردین. خۆشم پێشتر هەندێ هەوڵم دابوو لە شیعرەکانی عومەر خەیام و جەلال الدین روومی و شاعیرانی تری فارس بگەم . بەمە نەختێ شارەزاییم لە زمان و ئەدەبی فارسی

پەیاکرد. لە رووی ئەکادیمیشەوە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا کرام بە سەرۆك و ئەندامی لیژنەی موناقەشەی زۆربەی زۆری قوتابیەیانی دکتۆرا و ماجستێری زمان و ئەدەبی بەشی فارسیی زانکۆی بەغا و خەبیری تەرقیەی هەموویان بووم.

بە گوێرەی زمانی رووسی ، لە ساڵی ١٩٧٢ دا بۆ خوێندنی باڵا چوومە یەکیەتیی سۆڤیەت لەوێ زمان و ئەدەبی رووسیم خوێند و کولێجی ئامادەییم تەواو کرد.

بە گوێرەی زمانی ئینگلیزیش ، جگە لە خوێندنی قوتابخانە ، لە ساڵی ١٩٧٤وە تا ١٩٨٠ لە ئینگلتەرە ژیاوم و خوێندنم بە زمانی ئینگلیزی بووە.

*** لە بواری زمانی رووسیدا هیچ جموجۆڵی ئەکادیمیت بینیووە؟**

بەشداریم لە تەرقیەی هەموو ئەوانە کردووە بۆ پلەی پرۆفیسۆری لە زمانی رووسیدا لە کولێجی زمانانی زانکۆی بەغا.

*** کێ بوون مامۆستاکانت لە بەشی کوردیدا؟**

مامۆستا عەلائەدین سوجادی و د. مارف خەزنەدار و د. عزالدین مستەفا رەسووڵ و د. ئیحسان فوئاد و د. کەمال فۆئاد و د. ئەمین موتابچی و د. ئەحمەد عوسمان و د. پاکیزە رەفیق حلمی و د. نەسرین فەخری و د. صاڵح تەقی ..

*** ژیانی زانکۆتان چۆن بە سەر برد؟ چین ئەو بیرەوەریيانەی هەرگیز لە یاددتان ناسڕێنەوە؟چیرۆکی ئەو شیعرە چیيە کە هەموو ساڵ لە ئاهەنگەکانی دەرچووندا دەخوێندرێت و بڵاودەکرێتەوە؟**

لە ساڵی چوارەمی ئامادەیی لقی زانستی بووم کە بریارم دا دوای تەواوکردنی ئامادەیی بچمە بەشی کوردی. ئەم ئاواتەم هاتە دی. ئەوسا بەشێکی زۆری گۆڤار و دیوان و کتێبە کوردیيەکانم خوێندبووەوە. شیعر و نووسینم بڵاو ئەکردەوە . مامۆستایان عەلائەدین سوجادی و د. پاکیزە رەفیق حلمی و د. عزەددین مستەفا رەسوول موقابەلەیان کردم . یەکەم پرسیار د. عزالدین لێی پرسیم گەر هیچ شیعرێکی کوردیم لە بەر بێ ، منیش وتم هی کامە شاعیر ؟ بە سەرسوڕمانەوە وتی ئارەزووی خۆتە ، دیارە زۆر شیعرت لەبەرە. منیش کە پێشتر کتێبەکەیم ( الواقعیە فی الادب الكردی ) خوێندبووەوە و ئەمزانی د. عزالدین گۆرانستە ، وتم شیعرێکی گۆران هەڵئەبژێرم و گوڵی خوێناویم پێشکەش کردن دوای ئەمە چەن پرسیارێکی تریان لێ کردم . د. عزەددین وتی تۆ ئەبێ وەربگیرێی. د. پاکیزەش وتی یەکەم قوتابیم بۆ دکتۆرا نارد د. ئەمین موتابچی بوو دووەم تۆ ئەنێرم. ئاوا لە

بەشی کوردیدا پێشوازی کرام . بە درێژایی خوێندنم هەموو مامۆستاکانم ریزی تایبەتییان ئەگرتم. وەك هاورێ هەڵسوکەوتیان لە گەڵا ئەکردم. ئیستاش ئەم پەیوەندیی مامۆستایەتی و برایەتی و هاورێیەتی و خۆشەویستی نێوانمان بەردەوامە ئیستاش زوو زووە ئەچمە خزمەتیان و بەردەوام تەلەفۆنیان بۆ ئەکەم و لێیان ئەپرسمەوە.

لە ساڵی دووممدا بووم ئەو ساڵە بوو کە تازە رژێمی بەعس هاتبووە سەر حوکم رۆژێکیان ئێمەی قوتابییانی کورد ئاهەنگێکی کوردانەمان گێڕا بە هەڵپەڕکێی کوردی و سروود و شیعر و گۆرانیی کوردستانی. لە پڕ فاشیستە دڕندەکان پەلاماریان داین و بەربوونە گیانمان. ئەنجام من سەخت بریندار بووم. منیان گەیاندە نەخۆشخانەی تەواڕی لە شێخ عومەر. د. عزالدین مستەفا رەسوول داوای لە قوتابییەکان کرد زوو فریام کەون بۆ خوێن بەخشین . بە موعجیزە لە مردن نەجاتم بوو. هاورێکانم ژوورسەریان بەرنەدام بە تایبەتی کاك ئاسۆ عەلی ئەمین (برای مامۆستا نوری عەلی ئەمین ) تا لە نەخۆشخانە دەرچووم هەر بە دیارمەوە بوو. قوتابییانی بەشی کوردی لە سەر ئەمە سێ رۆژ مانیان گرت.کاك عبدالقادر محمد ئەمین و محمود زامدار لەمەدا دەورێکی زۆریان هەبوو . ئیستاش ئاسەواری برینەکان لەسەر روو و لەشم دیارە و شانازییان پێوە ئەکەم. جگە لەمە بەگشتی ژیانێکی خۆشی زانکۆییم بە سەر برد. هەموو ساڵ بە یەکەم دەرئەچووم. لە ئاهەنگی دەرچوونمان لە ساڵی ١٩٧١دا پارچە شیعرێکم پێشکەش کرد تیایا هەستی خۆم بەرامبەر بەم چوارساڵەی ژیانم دەرئەبرم. تیایا ئەڵێم:

**ئەی فرمێسکی قەتیس ماو لە گلێنەی چاو**
**ئەی ئەو ئاخەی کە دەروونم ئەکەیت بەئاو**
**ئەی ئەو دڵەی کە جێ نشێنی خەفەتی**
**ئەی ئەو بوونەی ئیمڕۆ لە تاوا لەت لەتی**
**ئەی ئەو خوێنەی وەك ژیلەمۆ گەش و گەرمی**
**ئەی ئەو ئاواتە پڕ ژینەی ... ئێستا تەرمی**
**دوا ماڵ ئاواییتان بکەن لەم چوار ساڵە**
**ئاهەنگێکی خۆش بگێرن هەر چەند تاڵە**
**ئەو چوار ساڵەی پڕ خۆشی بوو پڕ شیرینی**
**کە بەسەر چوو .. بە ئاوات و خەو بینینی**
**ئەو چوار ساڵەی هەموو دەمێکی سەیران بوو**
**دڵمان شاد بوو دەممان بە بەستە و حەیران بوو**
**ئەو چوار ساڵەی بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو**
**لە بۆنی خۆش و جوانی یا بەهەشتێ بوو**

**ئەو چوار ساڵەی هەر ئێسك سووكی و هەر ناز بوو**
**هەر چرپە بوو ... هەر دەنگی خۆش و ئاواز بوو**
**ئەی ئەو كچە خنجیلانەی ئاواتم بووی**
**تۆ پەرستگای دڵی غەمگین و ماتم بووی**
**تاڵە تیشكی شەوی ژینی پڕ زارم بووی**
**خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی**

**شنەو باران و فێنكی ی بیابانم بووی**
**زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی**
**ئێش لابەری دەرد و زامی كەساسیم بووی**
**هێز و تین و خۆراكی گیانی برسیم بووی**
**سەردەمێكە .. ئەمەوێ و جورئەت ناهێنم**
**لەبەر دەمتا بوەستم بۆت بدركێنم**
**تێت گەیێنم لە چ دۆزەخێكا ژیاوم**
**تیشكی چاوت چ گڕێكی تێ بەرداوم**
**ئەوا ئەڕۆی ئیتر بە چی سێبووریم بێ**
**لە دوای تۆ چی .. دەرمانی دەردی دووریم بێ**

ئەم شیعرە بۆتە سرودی دەرچوون زۆر جار لە ئاهەنگەكانی دەرچوون لە زانكۆكانی كوردستان ئەخوێنرێتەوە و لە پەخشەكانیاندا بڵاو ئەكرێتەوە.

*** كێ بوون هاوپۆلەكانت ؟**

ئاسۆ عەلی ئەمین – ئەمینە موراد – بابا عەلی بەرزەنجی – بەرائەت عەونی – بەسیمە كامل – بەیان عەبدولكەریم – تاریق عەبد – پەروین حەوێزی – جەماڵ رەشید – جەمیل هەمزە كاكە شین – حسین محەمەد ئەلكركری – خەلیل دۆسكی – دولبەر سەلیم میران – رەفیق سالح محمود – ڕووناك مەحموود بۆمبا – ڕووناك محەمە علی – سالم خالد مستەفا – ساهیرە غولام – سەبرییە عەبدولقادر – سەبرییە كەریم – سەلیم رەجەب – سلاحەددین عەلی – سنۆبەر ئەحمەد خاڵ – سوعاد سالح سەعید – سوهام بیلال – شامل مەردان – شوكریە ئەشرەف خەتاب– صالح عەلی گولی – عەبدولرەحمان حسین مستەفا هەمەوەندی – عەبدولقادر محەمەد ئەمین – عوسمان عبداللە – عوسمان محەمەد عەلی تاها – عیزەددین محەمەد بەهائەددین – فائیقە محەمەد سالح – فازیل موعتەسم نەجم – فەتحیە وەلی – فەرید بیلال – قاسم جەلیل عەتار – قەیتەران موتتەلیب خۆشناو – قومرییە عەلی مەحموود – كازیمە نادر – كەریم محەمەد

قاسم – لامیعە نوورەددین – لیۆن شەعیا زیا – محەمەد سەلیم مستەفا – میخائیل سندی – نەمیر نوورەددین – نازیمە ئەحمەد – نەجات کەریم – نەجیبە سابیر – نزار شەوکەت – یاسین مستەفا خۆشناو

**کێ بوون ئەو شاعیر و نووسەرانەی لە بەشی کوردیدا لەو سەردەمەدا ئەیانخوێند ؟.**

د. کوردستان موکریانی – مەحموود زامدار – د. رەفیق سابیر – د. ئەنوەر قادر جاف – قادر محمد أمین – سامی شۆڕش – د. فاروق عومەر سدیق – ئەحلام مەنسوور – دڵشاد مەریوانی – د. عبدالله حەداد – جەلیل ئەرکەوازی – فریاد فازیل و زۆری تر

*** دوای دەرچوونت لە بەشی کوردی؟**

لە قوتابخانەی اعدادیە الجمهوریە لە بغداد الجدیدە لە ١٩٧١/١٢/١٩ دا بە مامۆستای زمانی کوردی دامەزرێنرام. هەر ئەو ساڵە بوو وەزارەتی خوێندنی باڵا بڕیاری دا ١٥٠٠ قوتابی بۆ خوێندنی دکتۆرا لە هەموو بوارە زانستییەکاندا بنێرێتە دەرەوە ، دووی بۆ زمان و ئەدەبی گوردی تەرخانکرابوو.من کە یەکەمی دەورەی خۆم بووم تەقدیمم کرد ( هەموو ئەوانەی تەقدیمیان کردبوو ١٨ بوون ) من یەك لەم دوو سیتەم دەسکەوت. سیتەکەی تر بەر خوالێخۆشبوو محمدئەمین قادر کەوت. من نێررامە یێکیەتی سۆڤیەت.

کە ناوم دەرچوو و خۆم ئامادە کرد بچمە مۆسکۆ ، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد منی لەگەڵ خۆی بردە لای نوێنەری رۆشنبیری لە سەفارەی یێکیێتی سۆڤیەتدا.منی پێ ناساندن و رایسپاردن ئاگایان لێم بێ. نامەیێکیشی بۆ نوسسیم بۆ پرۆفیسۆر بەکاییف. دوای حەفتەیێ لە گەیشتنمە مۆسکۆ چوومە لای بەکاییف و نامەکەم گەیاند . پاشان هەر لە بەهاری ئەو ساڵەدابوو سەرێکی لیننگرادم دا و چوومە خزمەت قەناتی کوردۆئیف و کەریمی ئەیووبی و زەرێ یووسف. لەوی لای د. جمشید حەیدەری مامەوە هەر ئەو منی بە ئەوان ناساند.

*** کێ بوون ئەو قوتابییە کوردانەی ئەوسا لە یێکیێتی سۆڤیەتدا ئەتناسین ؟**

د. کوردستان موکریانی و د. شوکریە رەسوول و د. فاروق عومەر سدیق و د. عەزیز شاهۆ و د. عبدولجەبار قادر غەفوور و د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم و ...

دوای تەواو کردنی کولێجی ئامادەیی شوێنی خوێندنی هەموو ئەوانەی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە نێررابوونە یێکیێتی سۆڤیەت گوێزرانە زانکۆکانی رۆژئاوا. من نیررامە ئینگلتەرا. لە

١٤/٤/١٩٧٤ دا چوومه لەندەن. ساڵێ زمانی ئینگلیزیم لە پەیمانگای International School و LTC خوێند و دبلۆمام لە زمانی ئینگلیزی وەرگرت و شەش ساڵ لە زانکۆی لەندەندا فەلسەفەو زانستی زمانم خوێند. سێ بڕوانامەی بەرزم تیا وەرگرت . لە ساڵی ١٩٨٠ دا گەڕامەوە و لە بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی سەر بە زانکۆی بەغا بە مامۆستای زمانەوانی دامەزرام و لە (١٩٨٢ – ١٩٩٨) سەرۆکایتی بەشەکەم پێ سپێررا . ئیستاش وەك مامۆستا تیایا بەردەوامم.

*** نامەکانت لە بارەی چیەوە بوون؟**

نامەی ماجستێرەکەم بەم ناوونیشانەیە Some fundamental rules of Kurdish Syntax Structure واتا (چەن یاسایێکی بنجیی داڕشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا) یەکەم هەوڵدانە بۆ دەست نیشان کردنی یاساکانی داڕشتنی فرێزیی PSR زمانی کوردی بەپێی ڕێبازی بونیەوی. لە ساڵی ١٩٧٦دا پێشکەشم کرد. نامەی دووەمم کە دوای سێ ساڵ واتا لە ساڵی ١٩٧٩دا پێشکەشم کرد بەم ناوونیشانەیە Aspects of the Verbal Construction in Kurdish واتا ( لە رووەکانی داڕشتنی کار لە کوردیدا ) ئەمە یەکەم هەوڵدانە بۆ نووسینەوەی ڕێزمانی کار لە زمانی کوردیدا بە پێی ڕێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی.

*** بۆ تائیستا نەتکردوونەتە کوردی و بڵاوت نەکردوونەتەوە ؟**

بە گوێرەی بڵاو کردنەوەیان هەر لەگەڵ تەواوکردنیان وەك خۆیان بە زمانی ئینگلیزی بڵاو کراونەتەوە و دانەم لێ پێشکەش بە زۆربەی زمانەوانان و کتێبخانەکان کردووە و هەر لەو ساکەوە بوون بە سەرچاوە بۆ گەلێ باس و لێکۆڵینەوەی دواتر. بە پێی مەرج و پێڕەوی ئەکادیمی و ئامانجەکانی خوێندنی باڵا هەموو نامەیێکی ماجستێر و دکتۆرا ئەبێ شتێکی تازەی بە دەستەوە دابێ و هەنگاوێ بێ لە بوارەکەدا و ئەبێ یەکسەر لە گەڵ دەرچوونیان بخرێنە بەر دەست لێکولەرەوان با بەو زمانەش بێ کە پێی نووسراوەتەوە. بە گوێرەی کردنیان بە کوردی وەك ئەزانن زمان و شێوازی زانستی زمانی تازە و زاراوەکان و بەکار هێنانی هێماکان و کورتکراوەکان و تەکنیکی داڕشتنی یاساکان لەم ڕێبازەدا بە زمانی کوردی ئاسان نیە و بەڵکوو ڕێکناکەون. هەرچۆنێکی بێ لێکۆلەری قۆناغی ماجستێر و دکتۆرا ئەتوانێ سوودیان لێ وەرگرێ وەك لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان دەرئەکەوێ. ئیستا بە تەمای ئەوەم چاپی دووەمی هەردووکیان هەر بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکەمەوە.

*** دکتۆرایەکیشت لە مێژوودا هەیە. ئەمەیان لە بارەی چیەوە بوو.؟**

ناو و نیشانی نامەکە ( مێژوو و دەست نیشان کردنی پەیوەندیە بونیەوییەکانی سالنامەی گریگۆری و هیجری و دامەزراندنی سیستەمی سالنامەی کوردیی هەمیشەیی)یە . کە سێ بوار کۆ ئەکاتەوە ( مێژوو و ماتماتیك و فەلەك ) . بە ئیمتیاز دەرچووم. جێی شانازییە کە د. کەمال مەزهەر ئەحمەد سەرۆکی لیژنەی موناقەشەکەم بوو.

*** بیستوومانە خەریکی دکتۆرای سێیەمی.**

خۆزگە وابێ.

*** ئێوە یەکەم کەسن لە کوردستانی عیراقا پلەی پرۆفیسۆریتان لە زمانەوانی و زمانی کوردیدا وەرگرتووە. ئەمە کەی بوو ؟**

ئەمرەکەی لە ٩/٤/ ١٩٩٢ دا دەرچوو.

*** تۆ مرۆڤێکی رووەکخۆری هەرگیز توخون گۆشت ناکەویت. گەر ئەم چیرۆکەمان بۆ بگێڕیتەوە؟**

هێشتا قوتابیی قوناغی ئامادەیی بووم ، لەڕێی نووسینەکانی سەلامە مووساو ئەو کتێب و وتارانەی لە بارەی غاندی و ئەبولعەلائلمەعەرییەوە، بەم بیر و باوەڕەم زانی. ئەبوولعەلا و غاندی و سەللامە مووسا نەباتی بوون . کە بۆ خوێندن چوومە ئینگلتەرا بینیم ئەم بیر و باوەڕە لە رۆژئاوادا زۆر باوبوو و تەشەنەی سەندبوو ، بە هەزاران گەنجی کوڕ و کچ پیڕەویان ئەکرد. لە وێ لە زانکۆدا بووم بە هاوڕێی دەستەیێك قوتابی کە نەباتی بوون. لە گەڵیان ئەچوومە چێشتخانەی رووەکییەکان کە هەرگیز گۆشتیان تیا پێشکەش ناکرێ. لەوێ هەستم بە حەسانەوەیێکی گیانیی ئەکرد .. بەرە بەرە گۆشتم لە بەر چاو کەوت تا ٢٤ — ١٠ — ١٩٧٧ دا دواجار گۆشتم خواردووە. بووم بە ئەندام لە ( کۆمەڵەی بزەیی بە ئاژەڵا هاتنەوە). وا بزانم ئەوەی بە قووڵی بیر لە لوغز و کارەساتی بوون و ژیان و ئێش و ئازار و مردن بکاتەوە ئەم رێبازە فیکرییە پەسند ئەکات. ئاژەڵ هاوژینی ئێمەن و بە قەد ئێمە حەقی ژیانیان هەیە. رزگاربوونی مرۆڤ لەدەست مرۆڤ ئاواتێك و خەوێکی یەکجار دوورە، ئەی رزگاربوونی ئاژەڵ لە دەست مرۆڤ ؟. هەندێ شیعر و چیرۆکم بۆ منالان نووسیوە و بلاو کردۆتەوە تیایانا ئەم هەستەم بەرامبەر ئاژەڵ دەرئەبرم.بۆ نموونە چیرۆکی ( میوانی ئازین) و ( جەژنانە ).

* دەورت لە بواری خوێندنی بالادا.؟

لە ساڵی ١٩٩٢دا کە سەرۆکی بەشی کوردیی کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد بووم . بە پێشنیار و هاوکاری و هاندانی مامۆستایان د. کەمال مەزهەر ئەحمەد و د. ئەمین موتابچی توانیم

بەشی خوێندنی باڵا دامەزرێنم . تا ئیستا بێ وەستان بەردەوامە و بە دەیان قوتابیی تیایا بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرایان وەرگرتووە.لەو دەسکەوتانەی کە شانازیان پێ ئەکەم لەم بووارەدا ئەوەیە ڕەزامەندیم دەسگیرکرد مامۆستایان نوری عەلی ئەمین و عبدالرزاق بیمار بە دەرسدانەوە و موناقەشەکردن بەشداری لە خوێندنی باڵا بکەن. ئەمە داننانێکی فەرمی بوو بە پایە و پلەی بەرزی ئەکادیمی ئەم دوو زانایانەمان.

لە ساڵی ١٩٩٤ دا بوو عەمیدی کولێجی ئادابی سەلاحەددین لە هەولێر د. ئازاد محمد امین نەقشبەندی و سەرۆکانی بەشی ئینگلیزی و کوردی داوایان لێ کردم یارمەتییان بدەم لە دامەزراندنی خوێندنی دکتۆرا و ئەوەشیان دەرخست کە بێ هاوکاریی من ناتوانن ئەم هەنگاوە بنێن. منیش سەرباری باری نالەبار و ترسناك و بێ ئامانی ئەوسا هەموو توانای خۆمم خستە ژێر دەستیان و چووم بۆ دەرسدانەوە بووم بە سەپەرشتی هەموو قوتابییانی دکتۆرای دەورەی یەکەمی بەشی ئینگلیزی و کوردی. هەر دوو حەفتە جارێ ئەچووم ، هەمان شت بە گوێرەی زانکۆی سلێمانی. لە ساڵی ١٩٩٨ەوە بە بەردەوامی لە بەشی خوێندنی باڵای ئینگلیزییەکەیدا دەرس ئەڵێمەوە و سەر پەرشتیی قوتابییانی ئەکەم و بەشداری لە موناقەشەکانیان ئەکەم.. بەشێکی زۆری هەڵگری ماجستێر و دکتۆراکانی ئینگلیزی و کوردی هەموو زانکۆکانی کوردستان قوتابیی من بوون چ بە دەرسدانەوە چ بە سەپەرشتی چ بە موناقەشە. تا ئیستا بوومەتە سەرپەرشت و ئەندام و سەرۆکی لیژنەی موناقەشەی زیاتر لە ٢٥٠ قوتابیی دکتۆرا و ماجستێر لە نۆ اختصاصی جیا جیادا. جگە لەمە بەشداریم لە تەرقییەی هەمووان کردووە بۆ پلەی مامۆستایی و یاریدەریی و پڕۆفیسۆری . ئیستاش بەردەوامم لە هاوکاریی ئەکادیمیی لەم دوو زانکۆیەدا بە دەرسدانەوە و هەموو جۆرە جموجۆڵێکی زانستی.

*** کێن ئەوزمانەوانانەی لە ژێر دەستی تۆدا بوون بە پڕۆفیسۆر؟**

د. ئەورەحمانی حاجی مارف و د. نەسرین فەخری و د. محمد معروف فەتاح و زۆری تر لە بوارەکانی تردا.

*** جگە لە مانەی باست کرد ، لە چ بابەتێکی تردا ترقیەت بە مامۆستایانی زانکۆ کردووە؟**

لە ئەدەبی عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسی و زمان و ئەدەبی ئینگلیزی و فارسی رووسی و... بۆ پلە جیاوازەکان.

*** کە سەرپەرشت و ئەندام و سەرۆك لیژنەی موناقەشەی زیاتر لە ٢٥٠ قوتابیی ماجستێر و دکتۆرا بوویت و تەرقیەت بەم هەموو مامۆستایە لەم هەموو اختصاصە جیاواز جیاوازانەدا .. لە رووی اختصاصەوە خۆت ئەخەیتە چ خانەیێکەوە.**

بەختەوەرم و شانازی بەوە ئەکەم کە شاگردێکی بچووکی زمانە شیرینەکەمم. ئەم عیشقەم بۆ زمان و ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی هەر لە منالّیەوە چۆتە هەوێنم.

*** بەرێزتان بە هێمنی ئەندام و سەرپەرشتیار و نووسەری چەن گۆڤار و رۆژنامەیێك بوون. چین ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کارتان تیا کردوون. ئایا خۆت بە رۆژنامە نووس ئەزانی؟**

لە سالّی ١٩٨٤دا بوو لە گەلّ د. محسن محمد حوسێن و هەر بە دەسپێشخەریی ئەم هەولّێکی زۆرمان دا تا رەزامەندیی وەزارەتی خوێندنی بالآمان دەستگیر کرد بۆ ئەوەی گۆڤاری (رۆشنبیری نویّ)، کە دەزگای رۆشنبیریی کوردی لە بەغا دەری ئەکرد ، لە رووی ئەکادیمیەوە دانی پیّ بنریّ. دەستەیێك مامۆستای زانکۆ کران بە ئەندامانی لیژنەکە من یەکیّ بووم لەوان. بە سایەی ئەمە بوو ژمارەیێکی زۆر لە مامۆستایانی زانکۆ تەرقیەیان کرد. جگە لەمە، لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا ئەم کارانەشم پیّ سپێرراوە:

**سەرپەرشتی زمان و لاپەری زانستیی رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٨٤دا.**

سەرپەرشتی زمان لە گۆڤاری( نووسەری کورد)ی یەکیەتیی ئەدیبانی گشتی ١٩٨٥.

سەپەرشتی زمانەوانی و زانستی لە دەزگای رۆشنبیریی کوردی ١٩٩١.

ئەندامی لیژنەی راوێژکاران لە دەزگای رۆشنبیری کوردی ١٩٩١.

ئەندامی تەحریری گۆڤاری ( الاستاد ) ی زانستی کە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد دەری ئەکات١٩٩٣.

ئەندامی لیژنەی تەحریری گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق — دەستەی کورد.١٩٩٤

ئەندامی تەحریری گۆڤاری ( التربیە و العلوم ) ی وەزارەتی پەروەردە ٢٠٠٠.

ئەندامی لیژنەی زانستیی گۆڤاری ( المشکاە) ٢٠٠٤.

جگە لە مانە بۆ ماوەی ١٣ سال ( ١٩٨٣ — ١٩٩٦) بەرنامەیێکی زانستیی حەفتانەم لە ئیزگەی بەغای کوردیدا پێشکەش کردووە. نازانم گەر ئەمانە بە کاری ڕۆژنامە نووسیی لە قەڵەم بدرێن .

*** پەیوەندی و جم و جۆڵت لە کۆڕی زانیاریدا ؟**

لە ساڵی ١٩٨٠ دا ئەو ساڵە بوو کە گەڕامەوە وڵات ، هەڵبـژێررام بـە خـەبیر لـە کـوڕی زانیـاریی عیراقدا . کرام بە ئەندامی لیژنـەی زمـان و لیژنـەی کەلـەپوور و لیژنـەی گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری — دەستەی کورد . تا تێکچوونی کۆڕ بە رووخانی بەغا لە ٩/٤ / ٢٠٠٣ دا لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئـەم لیژنانە ئامادە ئەبووم .

لە ساڵی ١٩٩٧ دا بووم بە ئەندامی کـۆڕی زانیـاریی عـیراق — دەسـتەی کـورد. لـەو کارانـەی لـە کۆڕدا پێم سپێررا دانانی فەرهەنگێکی گشتیی ناوی کوڕ وکچـانی کـوردی بـوو ، وا بـوو فەرهـەنگێکی ٤٣٥٠ ناویم بۆ ئامادە کردن . هەروەها لەگەڵ خوا لێخۆشبوو د. جەلال محمد صالح دا هەزار زاراوەی فیزیای ئەتۆمیمان بە زمانی کوردی داڕشـت. بـەردەوام بـاس و لێکۆڵینەوەشـم لـە گۆڤارەکەیـدا بـڵاو ئەکردەوە و لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانم بۆ هەڵئەسەنگاندن.

*** کێ بوون ئەوماموستایانەی لەم لیژنانەدا هاوکارت بوون؟**

مامۆستایان جەماڵ بابان و نووری عەلی ئەمین و صادق بەهائەدین و د. کامل بەسیر و د. ئاورەحمانی حاجی مارف و د. عبدالرحمن عبدالله و د. ئەمین موتابچی و حەمەی مەلا کەریم و ئەنوەر قـەرەداغی و ئەبوو زەید سندی و مەلا شوکور و مەلا جەمیلی رۆژبەیانی و د. عەلی تۆفیق نادر و د. جـەلال محمـد صالح و د. جوامێر مجید سەلیم و د. زەنوون پیریادی و د. هوشیار مەعروف و محمد عەلی قەرەداغی و د. فوئاد حەمە خورشید و د. بدرخان سندی و حوسێن جاف و ...

*** لە ساڵی ١٩٩٨ دا بۆ سەرۆکایەتیی کۆڕی زانیاریی کوردستان هەڵبژێررایت. داوای لێبووردنت کرد ، بۆ؟**

بە داخەوە زۆر هۆ و تەگەرە و کۆسپ ڕێیان نەدامێ . ئیستا تیایا ئەندامی لیژنـەی زمـانم و بەشـداری لە هەندێ جموجۆڵە زانستیەکانیانیدا ئەکـەم و بـاس و لێکۆڵینـەوەش لـە گۆڤارەکەیـدا ( ئـەکادیمی) بڵاو ئەکەمەوە.

*** یەکێ لە شاکارەکانت دامەزراندنی ساڵنامەی کوردستانە.**

لە سێیەکانی سەدەی رابردووەوە گەلێ هەوڵ دراوە بۆ دانانی ساڵنامەی کوردی. هیچ کامێکیان مەرجەکانی ساڵنامەی زانستی جێبەجێ ناکەن. ساڵ بە ساڵ دائـەنران واتـا سـتراتیجی نـەبوون و هـەر

یەکەش بە ئارەزووی خۆی ژمارەی رۆژەکانی مانگەکانیی دەست نیشان ئەکرد. هیچ یاساییێکیان بۆ دەستنبشان نەکراوە. لەم کارەدا من ساڵنامەیێکی نەتەوەیی هەمیشەییم داناوە کە لە سەر بیناغەی حیساباتی فەلەکی و یاساکانی ماتماتیکی دامەزراوە ، بە هۆیەوە ئەتوانرێ زۆر بە ئاسانی ساڵنامەی هەر ساڵێکی کوردی ( رابردوو و داهاتوو هەتا هەتایێ ) دەست کەوێ . هەروەها هەموو یاساکانی دەست نیشانکردنی ساڵی کەبیسە و گوێزانەوەی بۆ ساڵنامەی گریگۆریم بۆ رێکخستووە کە ئەنجامەکان بێ هیچ هەڵەیێ بە دەستەوە ئەدەن. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاوی کردەوە.

*** لە نووسینەکانتا کەم بابەتی زانستی هەیە خۆت لێ نەدابێ. جگە لەمانە لە چ بوارێکی تردا جموجۆڵی زانستیت هەبووە؟**

زیاتر لە ٥٠٠ کتێب و باس و لێکۆڵینەوەی بوارەکانی زمانەوانی و ئەدەبی و زانستی فیزیا و فەلەك و ... بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی و رووسیم بۆ زانکۆکان و دەزگا زانستییەکان و بڵاوکردنەوەکان هەڵسەنگاندووە و لە دەیان لیژنەی زانستی لە زانکۆ و وەزارەتی پەروەردەدا بوومەتە سەرۆك و ئەندام و راوێژکار. ژمارەیێك باس و وتاریشم لە بارەی فەلەك و بیئە و فیزیاو و جوگرافیا و فەلسەفە و مێژووی زانست و ئەدەب و شیعر و چیرۆك و زمانی عەرەبی و بواری تر بڵاو بوونەتەوە. ...

*** دونیای ئەمرۆی شیعری کوردی چۆن دەبینن؟**

بە لای منەوە شیعری کوردی شان بە شان پێداویستییەکانی کۆمەڵی کورد و گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئەڕوات. شیعری کوردی قوتابخانەی نەتەوایەتیی کوردە دەورێکی باڵای گێڕاوە لە پتەوکردن و گەش کردنەوەی ژیلەمۆی هەستی نەتەوایەتی و خۆشویستنی کوردستان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتیمان . من بە هێز و سوپاییێکی گەورەی ئازاو بە جەرگی سوپای ئازادیخوازی کوردستانی تێئەگەم.

*** ئایا لەگەڵ ئەوەن کە زەمەنی شیعر بە سەر چووبیت؟**

زەمەنی شیعر هەرگیز بەسەر ناچێ ، جیهانی شیعر ئەزەلییە . تا مرۆڤ مابێ خۆشەویستی ئەمینێ و تا خۆشەویستیش مابێ شیعر ئەمینێ. شیعر نامەی دڵداری و عیشقی مرۆڤە بۆ ژیان و بوون.

*** دونیای شیعر چی پێ بەخشیت؟**

لە رێی شیعرەوە دەرکی مەزنی و جوانیە شاراوەکەی سروشت و ژیان و بوونم کرد.جیهانی شیعر ئەو بەهەشتەیە کە لە جوانی و پاکژی زیاتر هیچی تری ناچیتێ. دەریاییێکی بێ بن و سنوورە سەرگوزشتەی ژیان و بیر و خۆشەویستیی هەموو مرۆڤایتیی هەزاران ساڵەی تیا رژاوە. منی بە خۆمەوە ناسان ، تەمەنی کردم بە تەمەنی هەموو مرۆڤایەتی لەسەر ئەم ئەرزە. ئەوەی ئەیەوی سوود و چێژ لە ژیانا وەرگرێ با بچێتە شیعرستان.

*** یەکەم شیعرت دوای رووخانی رژێمی بەعس نووسی؟**

– دوای رووخانی رژێمی سەدام گەلێ لە ئەندامان و سیخوڕانی دام و دەزگا ئەمنییەکانی کەوتنە پەڕۆبازی و لافوگزافی ئەوەیان لێ ئەدا کە خەتاییلی حیزبەکان بوون لە ناو بەعسدا، ئەمە بوو بە هۆی لە دایکبوونی ئەم شیعرە:

**تا دوا صەموون .. تا ئێسقانی بەعسی بوو**
**راپۆڕتی لەسەر خوشکیشی نووسیبوو**
**رەشاش لە دەسیا بە جلی زەیتوونی**
**فیدای صدام بوو بە دڵ و دەروونی**
**خۆی کورد و بۆ ئەم کورد کوژە دڵسۆز بوو**
**بە ڕادەیێ ئەنفالی لا پیرۆز بوو**
**سەر و سامان ... هەر چییەکی کە هەیبوو**
**بە ساقەی ساتێکی کاکە عودەی بوو**
**وای ئەزانی ئیتر هەتا هەتایێ**
**بۆی ئەمینێ خواش دەرەقەتی نایێ**
**صدام بەزی ئەو یەکسەر گێڕی گۆڕی**
**وتی ئۆخەی هەزار لەعنەت لە گۆڕی**
**ئەم خوێڕییە بوونگەنیوە دەبەنگە**
**لێمان بوو بە ... خەت مابیل و پێشمەرگە**
**هەروەك بڵێی نە بای دیبێ نە باران**
**کەوتۆتەوە فشەفش وەکو جاران**

*** پەیوەندیتان لە گەڵ رۆشنبیرانی بیانی چۆنە؟**

– نیەیە

*** لە هەولێر دەلێن تۆ سلێمانیت و لە سلێمانیدا دەلێن تۆ هەولێریت. بەرێزتان خەڵکی کوێن؟**

هەژاری موکریانی ئەڵێ:

بەدەربەدەری یا لەماڵی خۆم

لە خاکی عەرەب لە ئێران و رۆم

کۆك و پۆشتە بم رووت و رەجاڵ بم

کۆشکم دە قات بێ وێرانە ماڵ بم

کوردم و لە رێی کورد و کوردستان

سەر لە پێناوم گیان لە سەر دەستان

*** بە حوکمی داگیرکاری کوردستان زمانی کوردی بە پەرش و بڵاوی ماوەتەوە، پێتان وایە چی بکرێ بۆ ئەوەی زمانی ستاندەرتی یەکگرتووی کوردی چێ بکرێ؟**

ئەمە مێژوو بریاری ئەدا و لە ژوور دەسەڵاتی زمانەوانانە.

بەلای ئێوەوە رێزمان چ دەورێك ئەبینێ لە پاراستن و گەشەسەندنی زمان ؟

زمان گەر ئالۆزترین دیاردەی سروشت نەبێ یێکێکە لە هەرە ئالۆزترینەکانی. یاساکانی زمان سروشتین واتا دانراونین. وەك هەر یاسایێکی سروشتیی ، هەڵسووڕان و کار کردنیان لە ژوور دەسەڵاتی مرۆڤدان. دەوری زمانەوان تەنیا وەسف کردن و دەست نیشانکردنی یاساکان و رووە شاراوەکانی ئەم سیستەمە لەرادە بەدەر ئالۆزەیە.. ئەم یەکجار سرکی و ئالۆزیییەی زمانیش وای کردووە زمانەوانان هەرگیز نەتوانن تەنانەت بەشێکی کەمیشی لایەنەکانی زمانەکانی خۆیان دەست نیشان بکەن و بخەنە روو. ئیتر چۆن شتێ بە وەسفکردنێکی ناتەواویی ئەپارێزرێ؟.. واتا رێزمانی زمان بنووسرێتەوە و نەنوسرێتەوە زمان کاری خۆی هەر ئەکات و ستاندەرتەکەی دروست ئەبێ ئەگەر باری مەوزووعی پەیا بێ . بۆ نموونە زمانی یەکگرتووی عەرەبی لە سەردەمی جاهیلیدا دامەزرابوو و سەدان ساڵ بەردەوام بوو و ئەو هەموو شیعرە مەزنەی جاهیلی و موعەللەقاتی پێ نووسرا و دوایێ قورئانی پیرۆزی پێ دابەزی و تائیسناش بەردەوامە بێ ئەوەی باسی هیچ رێزمانێکی لەو سەردەمەدا کرابێ کە ستاندەرتەکەی تیا دروست ئەبوو . تەنانەت نووسینیش یەکجار دەگمەن بوو و شیعر و ئەدەبیان بە هۆی لەبەرکەرەکانەوە (راوییەکان) بڵاو ئەکرایەوە و لە نەوەیێکەوە ئەگوێزرایە نەوەییێکی تر . قۆرئان دوای مردنی پێغەمبەر بە بیست و پێنج ساڵ نووسرایەوە. نموونەی تر زۆرە ... راییێکی کۆن و مردووە کە ئەڵێ رێزمانی زمان لە پێناو پاراستنی زمان ئەنووسرێتەوە. ئەمە وەك ئەوە وایە بڵێی یاساکانی کێش و سووڕگەکانی بنەماڵەی خۆر دەست نیشان ئەکرێن و ئەنووسرێنەوە لە پێناو پاراستنی سیستەمەکەی. ئەوەی زمان ئەپارێزێ مانەوەی میللەتەکەییێتی. تا خاوەن زمانەکە مابێت زمانەکەی ئەمینێ و ئەپارێزرێ. گەشی و کزیی هەر زمانێکیش لە رووی فەرهەنگ و

دەربڕینەوە بەندە بە باری هوشیاری و ڕۆشنبیری و شارستانیەتی میللەتەکەی. زمان بەردەوام لە گۆڕینێکی خێرادایە. هیچ هێزێ ناتوانێ ئەم گۆڕینە راگرێ . .گەر زمانی ئیمڕۆی کوردیمان بەراورد بکەین لە گەلٚ هی سەد سالٚ پێش ئیمڕۆ شتی سەیرمان بۆ دەرئەکەوێ . گەر نالی ، کە سەدو پەنجا سالێ لەمەوبەر مالٚئاوایی لێ کردووین ، زیندوو بێتەوە زمانی کوردیی ئیمڕۆمان بە زمانێکی بیانیی تێئەگا و بڕوا ناکەم لە یێك دێر شیعری شێرکۆ بێکەس حالٚی بی و وشەکانی بۆ لێکبدرێتەوە.

لە رووی زانستیەوە نووسینەوەی رێزمانی زمانانە جیاوازەکانی جیهان زۆر گرنگە و رۆلٚی تایبەتیی هەیە لە دۆزینەوە و دەست نیشانکردنی نهێنیەکان و رووەکانی ئەم سیمایە گرنگەی مرۆڤ. ئامانجی هەرە سەرەکیی زانستی زمان دەست نیشانکردنی پرینسیپە گشتیە هاوبەشەکانی زمانە وەك دیاردەیێکی مرۆڤیی گشتیی .ئەم ئامانجە تەنها لە رێی بەراووردکردنی رێزمانی زیندووی زمانە جیاوازەکانی جیهان دێتە ئەنجام.

لە لاییێکی ترەوە لەم سەردەمەی ئیستاماندا کە لە قۆناغی دامەزراندنی زمانی یێکگرتوو داین رێزمان داڕشتن گرنگێتی تایبەتیی هەیە. چونکە ستاندەرت وەك زمانێکی دووەمی لێ دێ و قسەکەرانی سەر بە شێوە جیاوازەکانی تری زمانەکە فێری ئەبن. فەرهەنگ و رێزمانی تەقلیدیی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ نموونە رێزمانی ستاندەرتیانە تا رادەیێکی زۆر جیایە لە فەرهەنگ و رێزمانی زمانی ئاخاوتنیان و وەك زمانێکی دووەمیان لێ هاتووە بۆیان و لە قوتابخانەدا فێری ئەبن. بە گوێرەی زمانی کوردیش شێوەی سلێمانی لە کوردستانی خوارووا بۆتە بیناغە و ناووکی پێکهاتنی زمانێکی ستاندەرت لەم بەشەی کوردستاندا. گەر ئەم ستاندەرتە بەراورد بکرێ لەگەل قسەی ئاخاوتنی شاری سلێانی دەرئەکەوێ کە زۆر لێکترازاون.

*** وەك زمانەوانێك چۆن سەیری گیروگرفتی زاراوەسازی دەکەن؟**

زاراوە وشەیێکە لە بواری زانستیدا وەك ناوێ لە شتێ یا لە چەمکێکی مادی یا مەعنەویی زانستی ئەنرێ وەك هەر ناوێکی تری زمان. زاراوە پێناسین نیە بۆ ئەو شتەی ئەیگەیێنێ و مەرج نیە پەیوەندیی واتایی لە نێوان زاراوەکەو ئەو چەمکەی کە ئەیگەیێنێ هەبێ. رادار و لیزەر و یۆنسکۆ و هەزاران زاراوەی تری لەم جۆرە کە بە پێرەوی ئەکرۆنۆمی داڕێژراون. نیوتن و ڤۆلٚت و ئەمپێر و داین و هەزاران زاراوەی تری زانستی کە بە ناوی زانایانەوە نراون. چ پەیوەندیەك لە نێوان

واتای ئەم ناوانە و ئەو چەمکانەی کە وەك زاراوە بۆیان دانراوە هەیە. گونجاندنی زاراوە لەگەڵ ئەو چەمکەی ئەیگەیێنێ لە رووی واتاوە ئاسنی سارد کوتینە و هەرگیز ناتوانرێ بوارێ لە وشەیێکا کۆکرێتەوە. کە ناوێ لە شتێ ئەنرێ یا زاراوەیێ بۆ چەمکێکی زانستی دائەنرێ چاك یا خراب پێویستە رەچاو بکرێ لە پێناو پاراستنی یێکیێتی لێکۆڵینەوەی زانستی. لە ئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوام بەرە بەرە لە رووی سایکولوجیەوە چەمکەکەی لێ ئەنیشێ و لەناو یاسا دەنگیەکانی زمانەکە خۆی ئەتوێتەوە و ئەبێ بە شتێکی سروشتی. بەداخەوە لای ئێمە هەندێ زمانەوانان پێشنیاری زاراوەی دووەم یا سێیەم بۆ هەندێ زاراوە زمانیکانمان ئەکەن. ئەمە وا ئەکات بەرە بەرە لێکولەرەکانمان ببن بە دوو بەش و سێ بەش لە رووی بەکار هێنانی زاراوەکانەوە زۆر جار هەمان نوورسەر هەردوو یا هەرسێ زاراوەکە بەکار ئەهێنێ . کە زاراوەیێ دائەنرێ ئەبێ لێکۆڵەر و قوتابی و نووسەران بەو جۆرەی کە دانراوە بەکاری بهێنن . ئەگەر هەر یەکە لە خۆیەوە بێ شێوەی تری بۆ پێشنیار بکات ئەوە ئەبێتە فەوزا و گێرە شێوێنی و پەرت و بڵاوی و زیان بە کاروانی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەگەیێنێ. بەداخەوە تائیستا دەزگاییێکی زانستیی وا لای ئێمە نیە کۆنترۆلی ئەم لایەنە بکات و زمانەوانان پێڕەوی بکەن.

بە گوێرەی زاراوە زانستیەکانی جیهانیش ، بەلای منەوە ئەبێ وەك خۆیان بەکار بهێنرێن ، چونکە پەرەسەندنی یەکجار خێرا و فرەوان لە بواری بیر و زانستا رۆژێ بە هەزاران زاراوە دێنیتە کایەوە، هەرگیزاو هەرگیز هیچ میللەتێ فریای ئەوە ناکەوێ بە زمانی نەتەوەیی خۆی دایانرێژێتەوە . لەمەش گرنگتر زمانی زانست ئیستا بۆتە زمانێکی یەکگرتووی جیهانی.

**راتان بە گوێرەی رێنووسی لاتینی.؟**

سەرەتا ئەبێ ئەو بزانین کە ئەلفوبێی لاتینی و عەرەبی و زۆربەی هەرە زۆری زمانانی جیهان لە رووی مێژووییەوە هاوسەرچاوەن. هەموو لە هیرۆگلیفیەوە دابەزیوون . واتا لە بنەڕەتا هیچ ئەلفوبێیێك بە تایبەتی بۆ هیچ بنەماڵێکی زمانیی یا بۆ هیچ یێك لەو زمانانەی بەکاریان ئەهێنن دانەنراوە. هەر زمانێك ئەشێ بە هەر ئەلفوبێیێك بنووسرێ. زمان دیاردەیێکی سرك و بزێو و زیندووە و نووسین وشکە و مردووە بۆیە هەر زمانێك هەر جۆرە ئەلفوبێیێکی بۆ بەکار بهێنرێ گیروگرفتی رێنووسی تیا سەر هەر هەڵئەدا و بە تێپەڕینی کات گیروگرفتەکان زیاد ئەکەن. بە لای منەوە کوردی چ بە رێنووسی دامەزراو لەسەر بیناغەی ئەلفوبێی عەرەبی بێ چ لاتینی هەمان شتە. گرنگ پیکهاتنێکی گشتیە کورد بییکێنێ.

**باشترین زمانەوان بەلای ئێوەوە ؟**

باشترین زمانەوان زمان خۆیەتی.

*** ئەگەر د. وریا زماننا‌س نەبوایە چی ئەبوو؟**

ببام بەر هەر شتێکی تر هەمان شت بوو . ئەوەی لە زمانا ئەیبینم لە هەر شتێکی تریشدا ئەیبینم.

*** هیوایەتت چیە؟**

باغەوانی و گوڵ و نەمام چاندن و پاراستنی ژینگە .

*** گوڵە وریا بە ناوی تۆوە نراوە. کێ ئەم ناوەی لێ ناوە.؟**

ژیانی منالیم لە ناو رەز و باغە دلگیرەکانی شەقلاوە و گوڵستانی دەشت و دەر و سەیرانگای بەهارانی عەنکاوە و سەرچاوە دلگیرەکەی دا بەسەر برد. هەر لەو ساکەوە لە عیشق و خۆشەویستیەکی تایبەتیدا ئەژیم لەگەڵ سروشتدا بە گشتی و دار و درەخت و گوڵ و گژو گیا بە تایبەتی. هەر لەو ساکەوە و تا ئیستاش هەموو وەرزێ تۆی گوڵان ئەگرم و کۆ ئەکەمەوە و دابەشیان ئەکەم و بۆکوێ بچم لە چیمەنە گشتیەکان و ماڵە هاورێکان و زانکۆکاندا پێیانوەرئەکەم.. کە لە ساڵی ١٩٨٠ دا خوێندنم تەواو کرد و گەڕامەوە وڵات . دەیان جۆر تۆی گوڵم لە گەڵ خۆما هێنا. یەکێ لەمانە گوڵێکی رەنگ نارنجیە. یەگجار جوانە و خێرا بەرز هەڵئەچێ پەلوپۆ ئەهاوێژێ و پەرت و بڵاوئەبێتەوە و زۆر گوڵ ئەگرێ و خۆی هەموو ساڵ خۆی ئەڕوێنێتەوە. لەوساکەوە ساڵ بە ساڵ تۆکەی ئەگرمەوە و چیمەنەکانی کولێج و زانکۆکان و رێ و بان و ماڵە هاورێیانم لێ پڕ کردووە د. کەمال مەزهەر ئەحمەد بەم کارەی منی ئەزانی و ئەم گوڵەی زۆر پێ جوانبوو و لە چیمەنی ماڵەکەشیا چاندبووم. رۆژێ لێی پرسیم ناوی ئەم گوڵە چیە وتم نازانم . وتی ناوی گوڵە وریایە ئیتر بەم ناوە بڵاو بووەوە.

*** چۆن سەیری رەخنە و رەخنەگر ئەکەیت. ئایا لەگەڵ ئەوەی کە ئەڵێ رەخنەگر نووسەرێکی فاشیلە؟**

بەلای منەوە رەخنە بە سلبی و ئیجابیەکەیەوە لای ئێمە شتێکی زیادە. بەرهەمی باش و رەسەن هەزار رەخنەچیی لێ راست بێتەوە هەرگیز ناتوانن لە رەسەنایەتیەکەی بخەن ، بەرهەمی پووچیش هەزار دۆڵ و زوڕنای بۆ لێدرێ یەك میللیم ناڕوات. کوان ئەوانەی گۆران و پیرەمێرد و عەلائەددین سوجادی و ئێلیا ئەبوو مازی و دەیان داهێنەریان تیرباران کرد. رەخنەگری چاك ئەوەیە کە شتی چاك لە خراپا ئەدۆزێتەوە و رەخنەگری خرابیش ئەوەیە شتی خراب بۆ چاك هەڵئەبەستی و دروست

ئەكات. بە گوێرەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت مەرج نییە هەموو رەخنەگرێك نووسەری فاشیل بن ، تی سی ئیلیۆت شاعیر و داهێنەرێکی پلەی یەکەم بوو و رەخنەگرێکی مەزنیش بوو.

*** چی پەستت ئەکات و چی دڵت خۆش ئەکات؟**

لە دێرێکی شیعرێکما ئەڵێم :

دڵخۆشێکم دیبا دڵم لەو خۆشتر ئەبوو

لە گەڵ گریاوان گریانم بە جۆشتر ئەبوو

*** پرۆژەکانت ؟**

چەن کتێبێکم ئامادەن وا بەتەمام بە چاپیان بگەیێنم و یەکێ لە پرۆژەکانم نووسینی رێزمانی کوردییە بە گشتی کە دەمێکە خەریکم و بە پرۆژەی تەمەنی لە قەڵەم ئەدەم. هیوادارم بۆم تەواو بکرێ . بارودخی نالەبار و زۆری ئیلتیزاماتی ئەکادیمیم کە لە سێ زانکۆی دوور لە یێك ( سلێمانی و سەلاحەددین و بەغداد ) تیایانا لە شەش بەشدا دەرس ئەڵێمەوە و بەشداری لە جموجۆڵە زانستییەکانیان ئەکەم ، هەموو کۆسپ و تەگەرەن.

*** لە رێبازی بەشیریزما پێکەتان چی بوو؟**

د. ئیحسان فوئاد کە سەرکردەیێك و تێکۆشەرێکی مەزنە لە کاروانی بزووتنەوەی بەشیریزما. لە سەرەتای هەشتاکانەوە بڕوانامەی ( بەشیرا ) ی پێ بەخشیوم.

*** قسەیێکی نەستەق یا پەندێك کە لە هەمووان زیاترت بە دڵ بێ؟**

لە کەلەپووری جیهانی بە گشتی و لە هی نەتەوایەتی بە تایبەتی بە سەدان بەڵکو بە هەزاران پەند و وتەی نەستەق هەن کە هەموو ئەنجامی بیر و تەجرەبەی هەزاران ساڵی هەموو مرۆڤایەتین. هەموو پێکەوە قوتابخانەی ژیان و مرۆڤایەتی پێکئەهێنن. بە سەدانیان لێ ئیستا لە خەیاڵمایا پەنگیانخوادۆتەوە هەر یەکەیان لە هەموو ئەوانیتر باشتر و مەزنتر و کاریگەرترن . هەڵبژاردنی باشترینیان مەحاڵە. بۆ نموونە لەو پەندانەی کە بەرنامەی ژیان و شارستانییەت پێشکەش ئەکەن ئەو چواردە دێرە شیعرانەی دوایی موعەللەقەکەی زوهێر بن ئەبی سولمان . لێرە ئەم وتەیەی یێکێ لە فەیلەسووفەکانی بیری مرۆڤایایەتی ئەهێنمەوە کە من بە پەندی هەموو پەندەکانی تێئەگەم ، ئەوەیە کە ئەڵێ : بە چ کەڵك دێ گەر هەموو جیهان ببەیتەوە و خۆت بدۆڕێنیت ! ؟

*** بە لای ئێوەوە کێ خۆی دۆڕاندووە.؟**

ئەوەی لـە روانگـەی بەرژەوەنـدیی تەسـکی مـاددی و کەسـیی خـۆی شـت ئـەبینێ و هەڵئەسـەنگێنێ. ئەوەی بە مەنتیقی بانێك و دوو هەوا بیر ئەکاتەوە.

**لە گەڵ هونەرا پەیوەندیت چۆن بووە؟**

لە قۆناغی ناوەندیدا بووم لاسایی هەندێ گۆرانی بێژ و عبدالباسـتم لەخوێنـدنی قورئانـا ئـەکردەوە و شمشاڵم ئەژەنی. ئەمتوانی لاسایی دەنگە سرشتیەکانی وەك خـوڕە و هـاژەی ئـاو و گڤـەی بـا و هەموو تەیروتوار و ئاژەڵان بکەمەوە. ئیستاش هی زۆریان ئەتوانم.

*** لە چ کۆمەڵەیێك و ڕێکخراوێکا ئەندام بووی ؟**

جگە لە ئەندامی کۆمەڵەی بەزەیی بە ئـاژەڵا هاتنـەوە و کۆمەڵـەی رووەکخـۆران لـە سـاڵی ١٩٧٨ دابوو بووم بە ئەندامی کۆمەڵـەی فیلۆلـۆجیی بـەریتانی.. هـەر وەهـا ئەنـدامی کۆمەڵـەی جـوغرافی و مێژوونووسانیشم.

*** کاتی ئەوە نەهاتووە بێنەوە کوردستان؟**

من هەرگیز لـە کوردسـتان دانـەبڕاوم .راسـتە لـە بـەغا دائەنیشـم و کـاری فـەرمیم لـە دەرەوەی کوردوستانە بـەڵام بەشـێکی زۆری کـات و کـارم لـە کوردسـتاندا و لـە زانکۆکـانی کوردسـتان بـووە . ئـەوەی مـن پێشـکەش بـە زانکۆکـانی کوردسـتانم کـردووە بـە یـەکجاریش بهاتامایـەوە لەوانەیـە ئەوەندەم بۆ نەئەکرا.

پێش ئەمەش کە لە دەرەوەی وڵات قوتابی بووم جگە لە خوێندن کە لـە پێنـاو خـۆ ئامـادە کردن و خۆ تەرخانکردن بوو بۆ کورد و بواری رۆشنبیریی کورد ، ئێمەی قوتابیانی کورد دەورێکـی باڵامان گێـڕا لـە تێکۆشـان دژی تـاریکی و لـە ناسـاندنی کـورد و کێشـەی کـورد بـە خـەڵکانی وڵاتـانی رۆژئاوادا و لە رێی قوتابیانەوە کە لە وڵاتـە جیاوازەکانـەوە ئـەهاتن ، دەنگمـان ئەگەیانـدە هـەموو سووچێکی ئـەم جیهانـە و بـە دەیـان دۆسـت پاڵپشـتمان بـۆ کـورد پـەیا کـرد. . . دوای ئـەوەش کـە گەڕامەوە و لە بەغا دامەزرام و نیشتەجێ بووم ، لەم رێڕەوەم بەردەوام بووم و لە گەڵ مامۆستاکانی تر ، بەشی کوردیمان کرد بە مەڵبەندێك بۆ کوردایەتی و دۆستی پێ بۆ کوردێ پەیا کەین و راسـتیی و رووە گەشەکەی خۆمان بناسێنین. لەم رووەوە دەسکەوتێکی زۆرمان وەدی هێنا و زۆر دۆسـتمان بـۆ

کۆرد پەیا کرد و بیری زۆر ناحەزانمان گۆڕی. ئەوەندەی من لە دەرەوەی کوردستان خزمەتی کوردم کردووە لەو بڕوایەدام لە کوردستانا باما ئەوەم بۆ نەئەکرا. ئەمەیە تاکە سامان و سەرمایەم لە ژیانا.

* کەی یاداشتەکانی خۆتان ئەنووسن؟

– بیرم لێ نەکردۆتەوە.

*** دوا وتەتان چی یە سەبارەت بەوەی وەڵامی پرسیاری دڵداریتان نەداینەوە.**

ژیان لە دڵداری زیاتر چیی تیایە. ئەم پرسیارە نابێ بکرێ.

*** راتان سەبارەت بە بەدرخان ؟**

هەموو مانگ بەپەرۆشەوە چاوەڕێی ئەکەین.

# ناودارانی کورد ــ پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین

**نەریمان عبدالله کەریم خۆشناو**

**رۆژنامەی بدرخان ژ ٧٣ و ٧٤ و ٧٥ ساڵی**

**٢٠٠٦**

**یەکەم – زانیاریی گشتی:**

لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ١٥–٣–١٩٤٧ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لە دایك بووە . سەرەتایی لە قوتابخانەی عەنکاوە و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر خوێندووە. لە زانکۆکانی بەغداد و مۆسکۆ و لەندەن خوێندوویەتی و ئەم بڕوانامانەی: (B.A - DIP - M.A - M.Phil - PhD) وەرگرتووە.

**دووەم – نامە زانستییەکانی ( ماجستێر – دکتۆرا )**

1 - Some Fundamental Rules of Kurdish Syntax structure–London University 1976

2 -Aspects of the verbal construction in Kurdish - London University 1980–

٣ – تأريخ و تحديد العلاقات البنيويه للتقويمين الميلادى و الهجرى و تأسيس نظام للتقويم الكوردى – بغداد ٢٠٠٤.

**سێیەم – ئەو زمانانەی ئەیانزانێ و لێیان شارەزایە:**

کوردی – عەرەبی – ئینگلیزی – رووسی – فارسی – تورکمانی – کلدانی

**چوارەم – ئەندامێتی کۆمەڵە وریکخراوەکان:**

١ – ئەندامی کۆمەڵەی زمانەونانی بەریتانی Philological society – ١٩٧٧

٣ – ئەندامی کۆمەڵەی رووەکخۆرانی بەریتانی – ١٩٩٦

٣ – ئەندامی کۆمەڵەی بەزەیی بە ئاژەڵا هاتن – ١٩٧٧

٤ – ئەندامی کۆمەڵەی جوغرافی عیراقی– ١٩٩٩

٥ – ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی – بغداد – ١٩٨٠

**پێنجەم – پیشەکان :**

١– مامۆستا لە ئامادەیی جمهووریی – بەغداد.(١٩٧٢)

٢– مامۆستای زمانەوانی لە زانکۆی بەغداد.(١٩٨٠)

٣– موقەریری بەشی کوردی ( ١٩٨٠ – ١٩٨٢)

٤– سەرۆکی بەشی کوردی ١٩٨٢ – ١٩٩٨.

٥- یەکەم پرۆفیسۆری زمانی کوردی و زمانەوانی لە کوردستانی عیراقدا ١٩٩٢.

٦- پرۆفیسۆری وانەبێژ لە زانکۆکانی (بغداد) و (سەلاحەددین ) و (سلێمانی) و (سانتکلیمینس) و (کۆیە).

**شەشەم - بەشداری کردنی لە کۆڕی زانیاری:**

١ - خەبیر لە کۆڕی زانیاری عیراق لە ساڵی ١٩٨٠ - ٢٠٠٣).

٢ - ئەندام لە لیژنەکانی زمان - کەلەپوور ١٩٨٠ -٢٠٠٣

٣ - ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی - دەستەی کورد

٤ - ئەندامی کۆڕی زانیاریی عیراق - دەستەی کورد (١٩٩٥ )

٥ - تەفەرروغ لە کۆڕی زانیاری عیراق . ساڵی ٢٠٠٠

٦ - پێداچوونەوە بەو زاراوە زانستییانەی لە لایەن لیژنە زانستییەکانەوە دانراوون

٧ - دانانی فەرهەنگی ناوی منداڵانی کوردی (٤٣٥٠ ناو ) - لە سەر داوا کردنی کۆڕ

٨ - بە کوردیکردنی ١٠٠٠ زاراوەی زانستی ئەتۆم لەگەڵ د.جلال محمد صالح - لەسەر داوا کردنی کۆڕ.

٩ - هەڵبژێررا بۆ سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری کوردستان ( داوای لێبووردنی کرد)

١٠ - ئەندامی لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاریی کوردستان

١١ - بڵاو کردنەوەی لێکۆڵینەوە لە گۆڤارەکانیان.

**حەوتەم - ئەو زانکۆ و کولێج و بەشانەی وانەی تیایانا وتۆتەوە:**

**١- زانکۆی بەغداد**

أ - کولێجی پەروەردە- بەشی (کوردی- ئینگلیزی- عەرەبی- جوغرافیە- دەروونناسی- زانستەکانی قورئان).

ب - کولێجی ئاداب - بەشی ئینگلیزی

جـ - کولێجی زمانان - بەشی کوردی و فارسی

**٢ - زانکۆی سەلاحەددین**

أ - کولێجی ئاداب - بەشی ئینگلیزی و کوردی

ب - کولێجی پەروەردە - بەشی کوردی

حـ - کولێجی زمانان - بەشی کوردی و ئینگلیزی

**٣ - زانکۆی سلێمانی**

أ - کولێجی زمان - بەشی ئینگلیزی

ب - کولێجی پەروەردەی بنەڕەتی - بەشی ئینگلیزی

**٤ - زانکۆی کۆیە**

أ - کولێجی پەروەردە - بەشی کوردی و بەشی دەروونناسی

**٥ - زانکۆی سانت کلیمینسی بەریتانی**

أ - بەشی زمانەوانی

**هەشتەم – ئەو بابەتانەی وتووینەتەوە لە نێوان ١٩٨٠ – ٢٠٠٦:**

**أ –بەکەلۆریۆس**

( ئەدەب – زمانەوانی – رەخنە – زانستی زمان – زمانی ئینگلیزی – ئەدەبی بەراووردی – کێش و قافیە – زمان و ئەدەبی فارسی – وەرگێڕان – داڕشتن – گفتوگۆ – ووشەسازی – ڕێبازە زمانیەکان)

ئەو بابەتانەی لە خوێندنی باڵادا وتوومنەتەوە

**ب – ماجستێر:**

ئینگلیزی – ڕستەسازی – وشەسازی – ئەدەبی بەراوردی – پێڕەوی لێکۆڵینەوە – ڕێبازە زمانەوانییەکان – کێش و قافیە – پێڕەوەکانی وتنەوەی زمانی کوردی – فۆنەتیک – فۆنۆلۆجی – زمان و ماتماتیک – پڕۆگرامی زمانەوانی – Phonetics – Phonology – Morphology – Methodology –

**جـ – دکتۆرا:**

زمانی ئینگلیزی – مۆرفۆلۆجی – زانستی عەرووز – زمانەوانیی گشتی – ئەدەبی کوردیی کۆن و ناوەڕاست – ڕێبازەکانی وتنەوەی زمان – فۆنەتیک – فۆنۆلۆجی – ڕێبازەکانی زمانەوانی –

- Universalism – Typology – Phonological theories - Linguistic theories - Comparative grammar -

نۆیەم – رۆڵی لە خوێندنی باڵادا:

١ = لە دامەزرێنەرانی خوێندنی باڵا (دکتۆرا و ماجستێری) بەشی کوردی و ئینگلیزیی زانکۆی بەغداد و سەلاحەدین.

٢ – سەرۆکی بەشی خوێندنی باڵای بەشی کوردی زانکۆی بەغداد.

٣ – ئەندامی لیژنەی باڵای خوێندی باڵای کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد

٤ – سەرۆکی لیژنەی دانانی بەرنامە و بابەتەکانی خوێندنی باڵا – کولێجی پەروەردە

٥ – ئەندامی لیژنەی دانانی بەرنامەی بابەتەکانی خوێندنی باڵای بەشی کوردی و ئینگلیزیی زانکۆی سەلاحەددین.

٦ – ئەندامی لیژنەی ناونان و هەڵسەنگاندنی بڕوانامە بەرزەکان.

٧ – ئەندامی لیژنەی بەدوا چوونی خۆبەستنەوەی قوتابیانی خوێندنی باڵا بە رێنماییەکانی نووسینی نامەکانیان

٨ – ئەندامی لیژنەی هاوسەنگیی بڕوانامە بەرزەکان

**دەیەم – بەشداری کردنی لە نامەکانی خوێندنی باڵادا**

**أ – سەرپەرشتی قوتابییانی دکتۆرا**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ئامرازەکانی بەستن لە زمانی کوردیدا | رفيق محمد محى الدين – ١٩٩٧ |
| ٢ | پەخشانە شیعری کوردی | محمد بكر محمد – ١٩٩٧ |
| ٣ | پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتیەکان لە کوردیدا | رحمان إسماعيل حسن – ١٩٩٨ |
| ٤ | ئیدیەم لە زمانی کوردیدا | فتاح مامه على – ١٩٩٨ |
| ٥ | کەرەسە هونەرییەکانی چیرۆکی لە داستانی مەم و زیندا | نوزەت احمد عيمان – ٢٠٠٠ |
| ٦ | ڕێزمانی شێوەزاری فەیلی | تارا عبد الله سعيد – ٢٠٠٠ |
| ٧ | هەندێ لایەن لە پەیوەندیی نێوان ڕستە و واتا لە کوردیدا | گالب حسين على – ١٩٩٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨ | چەند لایەنێکی ڕستەسازیی زاری هەورامی | فریدون عبدول برزنجی – ١٩٩٦ |
| ٩ | وێنەی شیعری لای گۆران و سەیاب | عادل مجید محمد – ٢٠٠٠ |
| ١٠ | المهارات القرائیه لدی الگلبه الغیر الناگقین باللغه الکردیه وعلاقتها ببعچ المتغیرات | گیان کامل حسن بصیر – ٢٠٠١ |
| ١١ | ڕەنگ لە زمانی کوردیدا | مصگفی کریم زنکنه – ٢٠٠٢ |
| ١٢ | هایپتۆنیم و هەندێ پێوەندیی واتایی لە زمانی کوردیدا | عبد الله عزیز محمد بابان – ٢٠٠٥ |
| | واتی کاریگەری لە بواری راگەیاندندا | عبدالواحد مشیر محمود دزەیی – ٢٠٠٤ |
| ١٣ | یاساکانی داڕشتنی لاڕستەی دیارخەری لە زمانی کوردیدا | شلێر رسول محمد –ی ١٩٩٩ |
| ١٤ | | |
| ١٥ | An applied contrastive study of English and Kurdish segmental system and structure. | عبد الحمید یعقوب جبرائیل – ١٩٩٧ |
| ١٦ | هێز و ئاواز لە کوردیی ژووروودا | عبد الوهاب خالد موسی |
| ١٧ | وشەی نوێباو | شادمان سالار نەریمان |

**ب – سەرپەرشتی کردنی نامەی ماجستێر**

| | | |
|---|---|---|
| | لە یاساکانی داڕشتنی ڕستەی مەرجی لە زمانی کوردیدا | ازاد رمچان علی – ١٩٩٩ |
| ١ | A contrastive study of verbal derivational affixation in standard English and Kurdish | نور الدین صدیق خلیفه – ٢٠٠١ |
| ٢ | A syntactic analysis of prepositional phrase in standard English and standard Kurdish | أسماء إسماعیل زیدان – ٢٠٠١ |
| ٣ | Morphophonemic structure in English | عباس مصگفی عباس – ٢٠٠١ |
| ٤ | English Quantifiers – A syntactic Study | قسمت محمد حسین – ٢٠٠٢ |
| ٥ | تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا | عمر محمود کریم – ٢٠٠٤ |
| ٦ | Diexis in English، Arabic، Kurdish | روناك نشأت عاصی – ٢٠٠٥ |
| ٧ | Some difficulties in teaching English Grammar to Kurdish Students – A contrastive study | فؤاد فائق محمد – ٢٠٠٥ |
| ٨ | فێربوونی زمانی کوردی بە پێڕەوی پاوەڕپۆینت | عاتف عبد الله فرهادی – ٢٠٠٦ |
| ٩ | مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کوردیی سەروو – گۆڤەری بادینان | سلیمان إسماعیل رجب ٢٠٠٦ |
| ١٠ | الأصوات اللغوية – مخارجها و صفاتها في اللغتين العربية و الكردية | سەنگەر عەلی مامە |
| ١١ | ڕۆنانی کردار لە زاری هەورامیدا | بێستوون حەسەن ئەحمەد |

**ج – سەرۆك و ئەندامی لیژنەکانی موناقەشە کردنی نامەکانی خوێندنی باڵا:**

**١ – زمان و ئەدەبی کوردی – دکتۆرا**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | بزووتنەوەی شیعریی لە کۆیێ لە سەدەی نۆزدەمدا | نوزاد وقاص سعيد ١٩٩٦ |
| ٢ | شیعری نیشتمانی لە ئەدەبی کوردیدا | فؤاد حسين احمد – ١٩٩٦ |
| ٣ | دیلان و ئەزموونی شیعریی | دلشاد محمد علی – ١٩٩٧ |
| ٤ | ئامرازەکانی بەستنەوە لە زمانی کوردیدا. | رفيق محمد محي الدين –١٩٩٧ |
| ٥ | پەخشانە شیعری کوردی | محمد بکر سعيد – ١٩٩٧ |
| ٦ | لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشووردا ١٩٧٠ – ١٩٨٠ . | إبراهيم قادر محمد حمد – ١٩٩٧ |
| ٧ | رەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر | بەریز صابر محمد – ١٩٩٨ |
| ٨ | مۆرفیمە رێزمانیی‌یەکانی کار | عبد الله حسين رسول – ١٩٩٥ |
| ٩ | کاری لێکدراو لە زمانی کوردی و فارسیدا – لێکۆڵینەوەیێکی بەراوردی | یوسف شريف سعيد – ١٩٩٨ |
| ١٠ | قافیە لە شیعری کوردیدا | عزيز گەردی – ١٩٩٨ |
| ١١ | جووتە وشە لە زمانی کوردیدا | کوپر عزيز احمد – ١٩٩٨ |
| ١٢ | مێتافۆڕ لە روانگەی زمانەوانی‌یەوە | بکر عمر علی – ٢٠٠٠ |
| ١٣ | ڕۆژنامە نووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢ – ١٩٤٧ | هيمداد حسين بکر – ٢٠٠١ |
| ١٤ | پەیوەندی‌یەکانی نێودەق | قيس کاکل توفيق – ٢٠٠٢ |
| ١٥ | رێکەوتنی واتایی‌ی ناو و ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا | هيدايت عبد الله محمد – ٢٠٠٣ |
| ١٦ | بەراوردی‌یەکی مۆرفۆسینتاکسی نێوان کوردی و فارسی | أبو بکر عمر قادر – ٢٠٠٣ |
| ١٧ | ڕستە و پاش ڕستە – تێڕوانینێکی ئەرکی | ساجدە عبد الله فرهادی – ٢٠٠٣ |
| ١٨ | نێر و مێ لە زمانی کوردیدا | ليلى جليل عباس – ٢٠٠٣ |
| ١٩ | پریپۆزیشن لە زمانی کوردیدا | ازاد أمين فرج – ٢٠٠٣ |
| ٢٠ | بنەما زمانی‌یەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردی‌یەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٩١ – ٢٠٠٠ | ازاد رمضان علی – ٢٠٠٥ |
| ٢١ | نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی | محمد حسين زەهاوی – ٢٠٠٦ |
| ٢٢ | پەیوەندییە رۆنانی‌یەکانی نواندنە سینتاکسییەکان | حاتم وليا محمد – ٢٠٠٦ |

**٢ – زمان و ئەدەبی کوردی – ماجستێر**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ئەو وشانەی لە چاووگەوە وەردەگیرێن | رفيق محمد محي لدين – ١٩٨٨ |
| ٢ | کارتەواوکردن لە کوردیدا | محمود فتح الله احمد – ١٩٨٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | نادیاری | فریدون عبدول محمد – ١٩٨٨ |
| ٤ | بواره واتاییەکان | هۆگر محمود فرج – ١٩٨٩ – بەسەریا گیرا و موناقەشەکە نەکرا |
| | ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی | ساجدە عبداللە فەرهادی – ١٩٩٥ |
| ٥ | واتاسازیی وشە | بیخال سعید عبد الله – ١٩٨٩ |
| ٦ | فۆنۆلۆجیی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکانی لە زاری سلێمانیدا | طالب حسین علي – ١٩٨٩ |
| ٧ | هاودەنگ لە زمانی کوردیدا | فتاح مامه علي – ١٩٨٩ |
| ٨ | دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی | یوسف شریف علي – ١٩٩٠ |
| ٩ | بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازیی کوردی | کوثر عزیز احمد – ١٩٩٠ |
| ١٠ | ناکردن لە زمانی کوردیدا | عبد الله حسین رسول – ١٩٩١ |
| ١١ | بکەر وەك بەشێکی سەرەکیی ڕستە لە زمانی کوردیدا | احمد حسن فتح الله – ١٩٩١ |
| ١٢ | کرداری ئیلزامی ( ویست و ئارەزوو ) لە زمانی کوردیدا | روناك محمود علي –٢٠٠٢ |
| ١٣ | ڕۆڵی تۆفیق وەهبی لە بواری زمانەوانیدا | شهاب طیب طاهر ٢٠٠١ |
| ١٤ | شێخ مەحموود لە ئەدەبی کوردیدا | تارا تحسین الاسعدي |
| ١٥ | ناوە سروشتییەکان لە زمانی کوردیدا | شادمان سالار نریمان |
| ١٦ | کێش و ریتمی شیعری فۆلکلۆری کوردی | محمد بکر محمد – ١٩٩٠ |
| ١٧ | گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا. | عبد الله عزیز محمد – ١٩٩٠ |
| ١٨ | جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان | قیس کاکل توفیق – ١٩٩٥ |
| ١٩ | .ڕێزمانی بەندێتی و هەندێ لایەنی ڕستەی کوردی | ساجدة عبد الله فرهادي – ١٩٩٥ |
| ٢٠ | ریالیزم لە ڕۆمانی کوردیی نوێ | عادل مجید محمد١٩٩٦ |
| ٢١ | دارشتنی ڕستە لە زمانی کوردیدا | نازنین جمال احمد – ١٩٩٥ |
| ٢٢ | ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی لە شیعری کوردیدا | فؤاد رشید محمد – ١٩٩٦ |
| ٢٣ | نوێ کردنەوەی لە شیعری کوردیدا دوای جەنگی جیهانی دووەم | ازاد عبد الواحد کریم |
| ٢٤ | حەمدی | عبد الله خچر مولود – ١٩٩٦ |
| ٢٥ | ریزبوونی کەرەستە لە زمانی کوردیدا. | اواز حمه صدیق – ١٩٩١ |
| ٢٦ | ڕستەی ئاوێتە لە زاری هەورامی و سلێمانیدا | عرفان مستەفا – ٢٠٠٣ |
| ٢٧ | الاغتراب فی شعر الشاعرین محمود درویش و شێرکۆ بێکەس | گێلاس محمد عزیز العسکری – ٢٠٠٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨ | ڕۆڵی نوری علی امین لە بواری ڕێزمانی کوردیدا | سوزان سعدالله عبد الغنی – ٢٠٠٤ |
| ٢٩ | ڕۆڵی واتا لە بواری ڕاگەیاندندا | رحیم قادر سورخی – ٢٠٠٥ |
| ٣٠ | واتا و ڕەوت | سازان ڕەزا معین – ٢٠٠٥ |
| ٣١ | داڕشتنی فرێز لە زمانی کوردیدا | عبد الجبار مستەفا معروف – ٢٠٠٥ |
| ٣٢ | ڕێزمانی جێناو لە شێوەزاری خانەقیدا | ئومێد بەرزان بەرزۆ – ٢٠٠٦ |
| ٣٣ | دۆخی ئێرگەتیف لە کوردیی ژووروودا | مزگین عبدارحمان احمد ٢٠٠٦ |
| ٣٤ | ناو لە شێوەزاری هەورامیدا | شاخەوان جەلال فەرەج – ٢٠٠٦ |
| ٣٥ | شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا | هێمن عبدالحمید شمس – ٢٠٠٦ |
| ٣٦ | بکەر نادیار – لێکۆڵینەوەیێکی بەرانبەریە لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی | نەریمان عبدالله کریم خۆشناو ٢٠٠٦/١٠/١ |
| ٣٧ | پەیوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا – لێکۆڵینەوەیێکی تیۆری پراگماتیکییە | دارا حمید محمد – ٢٠٠٦ |
| ٣٨ | جێناوی هەیی لە زمانی کوردیدا | بدرخان سلیمان علی ٢٠٠٦ |
| ٣٩ | الرؤية السياسية و الاجتماعية في روايات ( غائب طعمة فرمان و أبراهيم أحمد ) | شازاد کریم عیمان ٢٠٠٦ |

**٣ – زمان و ئەدەبی فارسی – دکتۆرا**

| ت | عنوان الرسالة | الملاحظات |
|---|---|---|
| ١ | کاریگەریی قورئان لەسەر مەسنەویی مەولەوی | موفق عبد الهادی توفیق – ١٩٩٦ |
| ٢ | فەرهەنگی فارسی – سەرهەڵدان و پەرەسەندنی و کاریگەریی فەرهەنگی عەرەبی بە سەریا | مازن إسماعيل مصگفی – ١٩٩٧ |
| ٣ | ئاوەڵکاری شوێن لە سەرەتای شانامەوە تا کۆتایی چیرۆکی سیاوەش | بخشان فتاح حکیم – ١٩٩٧ |
| ٤ | وەرگێرانی فارسیی نەهجولبەلاغەی ئیمام عەلی – لێکۆڵینەوەیێکی مێژوویی شیکاری | عماد الدين عبد الرزاق سلوم – ١٩٩٧ |
| ٥ | وەرگێرانی فارسیی سەفیحەی سەجادی | یحی خلف البکاو – ١٩٩٨ |
| ٦ | سوێند و شێوازەکانی لە نێوان عەرەبی و فارسیدا | عبد الآله محمد حسن – ١٩٩٨ |

**٤ – زمان و ئەدەبی فارسی – ماجستێر**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | . پەند و قسەی نەستەق لە شیعری کەسائی مەرووزی و ناصری خوسرەوی | سلمان منعم سلمان – ١٩٩٦ |
| ٢ | لایەنە کۆمەلآیەتییەکان لە شیعری پەروینی ئیعتیصامی | خیریە دماك قاسم – ١٩٩٦ |
| ٣ | .هەڵبژاردەی شیعری نەورۆزی لە شێوازە جیاوازەکانی شیعری فارسی. | خالد حفقی عبد الامیر – ١٩٩٦ |
| ٤ | دەلربڕینە ئەدەبی و زانستییەکان لە جها مقالەی عەرووزی سەمەرقەندی | سامی عبد الحسین عبد – ١٩٩٦ |
| ٥ | دەربڕینە فارسییەکان لە نووسینەکانی حافزی شیرازی | سعد حسن هادی – ١٩٩٦ |
| ٦ | دەربڕینە عەرەبی و بە عەرەبی کراوەکان لە فەرهەنگی ( قاطع)دا | حازم عبد الغفور – ١٩٩٦ |
| ٧ | لزوومییاتی ئەبوولعەلا و چوارینەکانی خەیام | عقیل عبد الحسین محمد المالکی – ١٩٩٧ |
| ٨ | منطق الطیری فرید الدین العطار. | نهلە داود سلمان – ١٩٩٥ |
| ٩ | هەڵبەستی لەیلا و مەجنوونی گەنجەوی و کاریگەرییان لە سەر شاعیرانی ئێرانی سەدەی ٧ و ٨ | عبد الکریم عبود جاسم – ١٩٩٥ |
| ١٠ | کاریگەریی قورئان و حەدیس لە سەر شیعری حەکیم نوری | ناهی عبد الکریم – ١٩٩٥ |
| ١١ | وەرگێڕانی فارسیی نەهجولبەلاغە | عماد الدین عبد الرزاق سلوم – ١٩٩٧ |
| ١٢ | حافزی شیرازی و گۆتە | محمد عیسی عبد الحمید – ١٩٩٩ |
| ١٣ | لێکچوواندن لە سەرتاپای کارەکانی سەعدی شیرازی | **ضیاء عبد الله حمود– ٢٠٠٠** |

**٥ – پەروەردەو دەروونناسی**

| | | |
|---|---|---|
| | اثر طريقة الاستجواب في تحصيل طلاب الصف الرابع العام لمادة المطالعة في اللغة العربية و اللغة الكردية من غير الناطقين بها | ناطق سعيد غاييب الحلاق |

**٦ – زمان و ئەدەبی ئینگلیزی**

أ = ماجستێر

| | |
|---|---|
| A semantic analysis of nominal compounds in English and Kurdish | **حسين على ولى – ١٩٩٥** |
| A survey of Kurdish women's linguistic style And speech strategies in Arbil | لانە إبراهيم عبد الله المفتى – ١٩٩٦ |
| Assimilation and Elision in English and Kurdish – A contrastive analysis | هيمداد عبد القادر – ١٩٩٩ |
| Simple sentence reordering and the main clause phenomena | وريا أحمد أمين – ١٩٩٩ |
| Paralinguistic features in the conversation of Kurdish male adults in Kalar | فەريق على حسن – ٢٠٠٠ |
| A syntactic analysis of compound adjectives In English | دلوفان سيف الدين سعدى – ٢٠٠٠ |
| Constructions with structural (it ) A syntactic - semantic study | رۆوف كريم محمد – ٢٠٠٠ |
| Terms of address– A comparative study of American English and Badinani Kurdish | نازلين جمال نورى – ٢٠٠٠ |
| Causativization in English | ئەنجومەن محمد صابر – ٢٠٠٠ |
| A contrastive analysis of agreement in standard English and standard Kurdish | سازە احمد فخرى – ٢٠٠١ |
| Constructing lexical entries for verb – forming suffixes | محمد عمر احمد – ٢٠٠١ |
| The trap of love in Lawrence's novel – Sons and Lovers – A psychological approach | كاوان عيمان عارف – ٢٠٠١ |
| Stylistic study in (The read badge of courage) A study of the Cohesive device used in the text | هبه إسماعيل غريب – ٢٠٠١ |
| A contrastive study of questions in English and Kurdish languages | نجاه محمد أمين – ٢٠٠١ |

| | |
|---|---|
| A contrastive analysis of definiteness and Indefiniteness in standard English and standard Kurdish | ڕۆشەن إبراهیم گاهر – ٢٠٠٢ |
| Comparative construction in English- A syntactic study | عمر عبد الله عزیز – ٢٠٠٢ |
| Complex verbal structure in English – A syntactic semantic study | هۆشەنگ فاروق جواد – ٢٠٠٢ |
| The concept of poet and poetry to William Wordsworth and Percy Bysshe Shelley | نامق عپمان بکر– ٢٠٠٢ |
| Idiomatic expressions in English – A syntactic semantic study | سلام نعمت هرمز – ٢٠٠٢ |
| Pluralization in standard English and Kurdish – A contrastive study | دلخشان یوسف عپمان– ٢٠٠٢ |
| Comparative constructions in standard English and standard Kurdish | جلال سعد الله حسن – ٢٠٠٢ |
| Genitive relations in English - A syntactic – semantic study | سارا کمال عپمان – ٢٠٠٣ |
| | حسن مهدی موسی ٢٠٠٥ |
| The learning of the copula by Iraqi Arabic and Kurdish speakers of EFI | محمد حسین احمد – ٢٠٠٦ |
| The Syntax of Journalism with reference to English and Kurdish | کاوه عبدالکریم رسول |

**زمان و ئەدەبی ئینگلیزی – دکتۆرا**

| | |
|---|---|
| The impact of Generative Transformational grammar on Translation theory | مجيد عبد الحليم الماشطة – ٢٠٠٤ |
| The syntax of relative clause in English with implications for teaching | عمر عبدالله عزیز – ٢٠٠٦ |
| The syntax – semantic study of Metaphore in modern English Journalism | هيمداد عبد القهار – ٢٠٠٦ |
| Context – DependantSet Expression in English | سهیله مجید حمید – ٢٠٠٧ |

**یانزەهەم – بۆتە سەرۆك و ئەندامی دەیان لیژنەی زانستی ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ، لێیان :**

١ – ئەندامی لیژنەی تەرقیاتی زانستیی و تەعزیدی کولێجی پەروەردە لە ١٩٨٧ ەوە تا ئیستا

٢ – سەرۆکی لیژنەی تەرقیاتی کولێجی پەروەردە ( سێ جار)

٣ – سەرۆکی لیژنەی ژینگەی کولێژی پەروەردە

٤ – سەرۆكی لیژنەی بنبڕكردنی جگەرە كێشان لە كولێژی پەروەردە
٥ – ئەندامی لیژنەی سیمیناری ئیملای كوردی – كۆڕی زانیاریی عیراق – ١٩٨٠
٦ – ئەندامی لیژنەی لێكۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی زانستیی كتێبەكانی وەزارەتی پەروەردە – ١٩٨٤

**دوانزەهەم – چالاكیی ڕۆژنامەوانی :**

١ ـ سەرپەرشتی زمانەوانی ڕۆژنامەی هاوكاری.
٢ – سەرپەرشتی زمانی لە گۆڤاری نووسەری كوردی یەكیەت گشتیی نووسەران و دانەرانی عیراقی.
٣ – ئەندامی لیژنەی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی
٤ – ئامادە كردن و پێشكەش كردنی بەرنامەیێكی زانستی و رۆشنبیری لە ئیزگەی كوردیی بەغداد لە ساڵی ١٩٨٣ تا ,١٩٩٦
٥ – سەرپەرشتی زمانی و زانستی لە لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێ.
٦ – راوێژكاری زانستی لە دەزگای رۆشنبیریی كوردی.
٧ –.ئەندامی لیژنەی گۆڤاری (الاستاذ) ی كولێجی پەروەردەی زانكۆی بەغداد.
٨ – ئەندامی لیژنەی گۆڤاری ( پەروەردە و زانست ) ی وەزارەتی پەروەردە.
٩ – ئەندامی نووسینی گۆڤاری ( مشكات)

**سیانزەهەم – لە لێكۆڵینەوە و وتارە بڵاو كراوەكانی**

یەكەم بڵاو كردنەوەی شیعر بوو لە ساڵی ١٩٦٥ دا . تائیستا ژمارەیێكی زۆر شیعری لە گۆڤار و ڕۆژنامەكانا بڵاو كراونەتەوە. رەخنەگران بە شاعیرێكی داهێنەری قۆناغی گۆرانی لە قەڵەم ئەدەن. زیاتر لە هەزار وتار و لێكۆڵینەوە ی لە بارەی زمانەوانی و ئەدەب و فەلەك و چیرۆك و زۆربەی بوارە زانستیەكان بڵاو بۆتەوە، ئەمانەی خوارەوە بەشێكیانە:

**ا – لە كتێبەكانی :**

١ – رێزمانی راناوی لكاو (١٩٨٦ ) بغداد.
٢ – ساڵنامەی كوردستان ( ٢٠٠٢ ) دەزگای ئاراس . هەولێر
٣ – ئاسۆیێكی تری زمانەوانی ( ٢٠٠٤ ) دەزگای ئاراس . هەولێر.

**ب – لە وتار و لێكۆڵینەوەكانی:**

أ – گۆڤاری كۆڕی زانیاری عیراق – دەستەی كورد – بەغداد

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ئیملای كوردی و چەن تێبینی یەك | ٩ / ١٩٨٢ |
| ٢ | **لایەنێكی جیاوازی** | ١٠ / ٨٣ |
| ٣ | پاشبەندەكان | ١٥ / ١٩٨٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی | ٢٠ / ١٩٨٩ |
| ٥ | ڕێزمانی ڕاناو لە كرمانجیی ژووروودا | ٢١ / ١٩٩٠ |
| ٦ | مەرج و یاساكانی لە زمانی كوردی دا | ٢٧ و ٢٨ / ١٩٩٨ |
| ٧ | لێكۆڵینەوەیەكی مۆرفۆفۆنیمی | ٢٩ و ٣٠ /٢٠٠٢ |
| ٨ | چەند تێبینیی‌یەك لە بارەی ( نەرێ ) وە | ٣١ / ٢٠٠٣ |
| ٩ | خصائص اللغة الكردية | ٣١ / ٢٠٠٣ |

**ب – گۆڤاری كاروان – ئەمیندارێتی گشتیی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان – هەولێر**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | **پەیوەندیی ڕاناو و فرمان لە كرمانجیی ژووروودا** | ٢ / ١٩٨٣ |
| ٢ | **ڕێزمانی ڕاناوی لكاو** | ٨/ ١٩٨٣ |
| ٣ | فۆنۆلۆجیا | ٢٠ / ١٩٨٤ |
| ٤ | مردنی وشە | ٤٥ / ١٩٨٦ |
| ٥ | نیشانەكانی كات | ٩٢ / ١٩٩٢ |

**پ – گۆڤاری ڕۆژی كوردستان – كۆمەڵەی ڕۆشنبیریی كورد – بەغداد**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | كات و ڕەگی فرمان | ٦٥ / ١٩٨٤ |
| ٢ | **یاسایێكی فۆنۆلۆجی** | ٦٦ / ١٩٨٤ |
| ٣ | ئامرازەكانی بەستن | ٦٧ / ١٩٨٤ |
| ٤ | ڕێزمان چی یە | ٦٩ / ١٩٨٦ |
| ٥ | كەی ( ات ) و كەی ( ێت ) | ٧٠ / ١٩٨٥ |
| ٦ | یاسای دەركەوتنی ( ڕ ) | ٧٢ / ١٩٨٦ |
| ٧ | ملاحظة حول التقويم | ٧٣ / ١٩٨٧ |
| ٨ | جەژنی چاپەمەنی كورد | ٧٦ / ١٩٨٨ |
| ٩ | التفسير الميكانيكي لظاهيرة الحروف الشمسية والقمرية | ٧٩ / ١٩٩٠ |

**ت – گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | زانستی زمان چی‌یە | ٨٨ / ١٩٨١ |
| ٢ | **ڕێكەوتن لە زماندا** | ٩٢ / ١٩٨٢ |
| ٣ | خزمایەتی لە زماندا | ٩٤ / ١٩٨٢ |
| ٤ | ڕستەی بكەر نادیار | ٩٥ / ١٩٨٢ |
| ٥ | زمان و ماتماتیك | ٩٧ / ١٩٨٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ٦ | تێنەپەڕ فرمانێکی بکەر نادیارە | ١٠٧ / ١٩٨٥ |
| ٧ | چەند یاسایێکی مۆرفۆلۆجیی داڕشتنی فرمان | ١٠٩ / ١٩٨٦ |
| ٨ | بیناغەی سادەترین ڕستەی کوردی | ١١١ / ١٩٨٦ |
| ٩ | بیرکاری لە زماندا | ١١٣ / ١٩٨٧ |
| ١٠ | ڕێزمانی راناو – هەندێ شیکردنەوەی مۆڕفۆلۆجی | ١١٥ / ١٩٨٧ |
| ١١ | لێکدانی وشەکان | ١١٨ / ١٩٨٨ |
| ١٢ | بنج و سیما و یاساکانی گوێزانەوە | ١٢١ / ١٩٨٩ |
| ١٣ | ئە لە مۆڕفی ڕێزمانی | ١٢٢ / ١٩٨٩ |
| ١٤ | شەپۆلەکانی شیعری کوردی | ١٢٦ / ١٩٩٠ |
| ١٥ | لە پەیوەندییەکانی بکەر نادیار | ١٢٩ / ١٩٩٢ |
| ١٦ | هێز و ئاواز | ١٣٤ / ١٩٩٤ |
| ١٧ | لێڵی لە زمانی کوردیدا | ١٣٦ / ١٩٩٥ |
| ١٨ | لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی | ١٣٨ / ١٩٩٦ |
| ١٩ | رەخنەی ناڕەخنە | ١٤٠ / ١٩٩٧ |
| ٢٠ | ڕێزمانی هەیی لە زمانی کوردیدا | ١٤١ / ١٩٩٨ |
| ٢١ | پاشبەندی ( ێ ) لە رەخنەی ناڕەخنەدا | ١٤٢ / ١٩٩٨ |
| ٢٢ | بەراوردییەك | ١٤٦ / ٢٠٠٠ |
| ٢٣ | سیستەمی کار کردنی راناو لە کرمانجیی ژووروودا | ١٤٧ / ٢٠٠١ |
| ٢٤ | رۆژگێران و دەسکەوتی مەزن | ١٤٤ / ١٩٩٩ |
| ٢٥ | سیستەمی ساڵنامەی زایینی | ١٥٠ / ٢٠٠٢ |

**جـ – گۆڤاری نووسەری کورد – گۆڤاری یەکیەتیی نووسەرانی کورد – بەغداد**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | لە ئەنجامەکانی زانستی زمانی تازە | ١ / ١٩٨٥ |
| ٢ | ***ڕوونکردنەوەیێك*** | ٢ / ١٩٨٥ |
| ٣ | فۆنیمەکانی زمانی کوردی | ٨ / ١٩٨٢ |
| ٤ | وشە | ٩ / ١٩٨٢ |

**چ – گۆڤاری رامان – دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان – هەولێر**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ( ێت ) ی شێوێنەر | ٣٩ / ١٩٩٩ |
| ٢ | ***ئینسایکلۆپیدیای کوردستان ئاواتێکە*** | ٤١ / ١٩٩٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣ | رەگی داهاتوو بە یەك یاسا | ٤٩ / ٢٠٠٠ |

**ح – گۆڤاری پەروەردە و زانست – وزارەتی پەروەردە – بەغداد**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | التقویم الهجری الدائم | ١ / ٢٠٠٢ |

**لە وتار و باسە زانستی و فەلەكی یەكانی:**

١ – داستانی زانست – هاوكاری ٧٧٨ ی ١٩٨٥/٢/٢٨

٢ – كێمان میواندارێتی هالی ئەكاتەوە – عیراق ژ ٣٠٨٠ ی ١٩٨٦/٣/١٢

٣ – كلكدار – هاوكاری ژ ٢٦٧٤ ی ١٩٩٧/٤/٢٣

٤ – نامەیێكی سامناك – هاوكاری ژ ٧٧٢ لە ١٩٨٥/١/١٧

٥ – سەرەتای سەرەتا – پاشكۆی عیراق ژ٩٥ ی ١٩٨٩/٧/٢٦

٦ – خەمی تەنیایی – گ رەنگین ژ ٣٧ ی ١٩٩١

٧ – هالی و اصل الحیاه –العراق ژ ٣١٥٥ ی ١٩٨٦/٦/٣

٨ – چیرۆكی خڕیی ئەرز – پاشكۆی عیراق ژ١٠٣ ی ١٩٨٩/٩/٢٠

**٩ – معادلة لقیاس سرعة دوران الارض – جریدة العراق ع ٦٥١٩ فی ١٩٩٨/٤/٢١**

١٠ – چۆن ئەستێرە لە دایك دەبێ – هاوكاری ژ٨٧٧ ی ١٩٨٧/٢/٥

١١ – رۆژ گیران و دەسكەوتە مەزنەكان – گ رۆشنبیری نوێ ژ ١٤٤ ی ١٩٩٩

١٢ – لەوتان – ئاسۆ ژ ١٩ ی ١٩٨٩/١٢/٢

١٣ – كارەساتی كۆچەرەكان – العراق ژ ٣١٦٥ ی ١٩٨٦/٦/١٨

١٤ – سیستەمی سالنامەی زایینی – گ. رۆشنبیری ژ ١٥٠ / ٢٠٠٢

١٥ – دەریا – العراق . ژ ٢٤٨١ ی ١٩٨٤/٣/٢٨

**وتار و باسی فەلسەفی و مێژوویی‌یەكانی :**

١ – چی غاندیی كرد بە غاندی – پاشكۆی عیراق ژ٥٤ ی ١٩٨٨/٩/٣٠

٢ – بیرنارد رەسەل – پاشكۆی عیراق ژ٦٦ ی ١٩٨٨/١٢/٧

٣ – یادی ڤیكتۆر هۆگۆ –هاوكاری ژ ١٩٨٦/٢/٢٦

٤ – كۆنفۆشیۆس – هاوكاری ژ ١٠٣٩ ی ١٩٨٩/١/٥

٥ – ئەفلۆتین – هاوكاری ژ ١١٦٨ ی ١٩٩٠/٤/٩

٦ – ئێمە و ئەوان – پاشكۆی عیراق ژ١١٧ ی ١٩٨٩/١١/٢٧

٧ – یەكەم فەرهەنگ لە مێژوودا – ئاسۆ ژ ٥ ١٩٨٩/٨/٢٦

٨ – مێژووی كارەبا – العراق ژ ٣٣٤٥ ی ١٩٨٧/١/٢١

٩ – مێژووی تەلەفۆن – هاوكاری ژ ٨٦٣ ی ١٩٨٦/١٠/٣٠

١٠ – مێژووی فڕین – ئاسۆ ژ ٣٨ ی ٢/ ١٢/ ١٩٨٩
١٢ – ساڵنامەی ( وریا ) گ. ڕەنگین ژ ١٤٤ ی ٢٠٠١
١٣ – ئینسایکلۆپیدیای کوردستان ئاواتێکە – گ. ڕامان ژ ٤١ ی ١٩٩٩
١٤ – زانست لە سایەی هونەردا – پاشکۆی عیراق . ژ ١١٠ ی ١٩٨٩/١١/٨

**ئەو موحازەرە گشتییانەی پێشکەشی کردوون:**

| ز | ناو و نیشانی موحازەرە | مێژووی پێشکەش کردنی | شوێن |
|---|---|---|---|
| ١ | زمان وماتماتیك | ١٩٨٢/١٢/١٣ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ٢ | فۆنیمەکانی زمانی کوردی | ١٩٨٣/٢/١١ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ٣ | لە ڕووە سەیرەکانی زمان | ١٩٨٣/٥/٣ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ٤ | The system of the personal pronouns in Kurdish. | ١٩٨٤/٣/٦ | بەشی ئینگلیزی – کولێجی پەروەردە |
| ٥ | لە دەسکەوتەکانی زانستی زمانی تازە | ١٩٨٤/١٠/١٦ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ٦ | A syntactic case in Kurdish. | ١٩٨٥/٢/١٩ | بەشی ئینگلیزی – کولێجی پەروەردە |
| ٧ | ئەم هەموو زمانە بۆ؟ | ١٩٨٥/٣/٥ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ٨ | زمانە دەسکردەکان | ١٩٨٥/١٢/١٠ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ٩ | نهێنیيەکانی مێشکی مرۆڤ | ١٩٨٦/٢/٢٣ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١٠ | سیستەمی ڕاناو لە کوردیی ژووروودا | ١٩٨٦/١٢/٢٣ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١١ | دیاردەی زمانەوانیی سەرنج ڕاکێش | ١٩٨٧/١٢/٥ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١٢ | داستانی مرۆڤ و ئاسمان | ١٩٨٨/٣/٢٩ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١٣ | زانستی دەنگ | ١٩٨٨/١١/٢٩ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١٤ | کۆچ کردنی ماسیی سالمۆن | ١٩٨٩/٢/١٤ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١٥ | پێڕەوی ئێرگەتیڤی لە زمانی کوردیدا | ١٩٨٧/٣/٢٧ | کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی – بەغداد |
| ١٦ | مرۆڤ و بوون | ١٩٨٥/٢/١١ | هۆڵی هونەریی عەبلە – غەزالیە |
| ١٧ | ئەرز بە ژمارە | ١٩٩٥/٦/٢٢ | هۆڵی هونەریی عەبلە – غەزالیە |
| ١٨ | نهێنیيەکانی ئەتۆم | ١٩٩٦/٧/٨ | هۆڵی هونەریی عەبلە – غەزالیە |
| ١ | کلکدارەکان | ١٩٩٧/٤/١٠ | هۆڵی هونەریی عەبلە – غەزالیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩ | | | |
| ٢٠ | نهێنییەکانی بوون | ٢٠٠٢/١٢/٢ | هۆڵی هونەریی عەبلە – غەزالیە |
| ٢١ | تایبەتییەتەکانی زمانی کوردی | ٢٠٠٢/١٢/٩ | کۆڕی زانیاری عیراق |

**ئەوانەی تەرقیەی پێ کردن بۆ پرۆفیسۆری**

| | | |
|---|---|---|
| ١ | د. نسرين محمد فخرى | زمانی کوردی |
| ٢ | إبراهيم أمين بالدار | پەروەردە و دەروونناسی |
| ٣ | د. عبد الرحمن معروف | زمانی کوردی |
| ٤ | د. يحى ادهام سالم | زمانی رووسی |
| ٥ | د. محمد نورى عارف | ئەدەبی فارسی |
| ٦ | د. عبد الحميد يعقوب | زمانی ئینگلیزی |
| ٧ | د. محمد معروف فتاح | زمانی ئینگلیزی |
| ٨ | د. نوين بهادر | ئەدەبی فارسی |
| ٩ | د. ڤاهر لگيف كريم | ئەدەبی عەرەبی |
| ١٠ | د. شكريه رسول | ئەدەبی میللی |
| ١١ | د. حميد الجنابى | زمانی رووسی |

**ئەوانەی تەرقیەی پێ کردن بۆ یاریدەری پرۆفیسۆری**

| | |
|---|---|
| ١- عبد الحميد يعقوب | زمانی ئینگلیزی |
| ٢- د. فاروق عمر صديق | زمانی کوردی |
| ٣- محمد معروف فتاح | زمانی ئینگلیزی |
| ٤- د. محمد بكر محمد | ئەدەبی کوردی |
| ٥- د . عمران | ئەدەبی فارسی |
| ٦- د. نوين بهادر | ئەدەبی فارسی |
| د. عبد الاله محمد حسن | زمانی فارسی |
| ٧- د. عبد الله محمد حداد | ئەدەبی کوردی |
| ٨- د. إسماعيل فهمى قرداغى | ئەدەبی ئینگلیزی |
| ٩- د. يوسف شريف | زمانی کوردی |
| ١٠- د. فاتيمه رشيد | پێڕەوەکانی وتنەوەی زمانی ئینگلیزی |
| ١١- د. عمر إبراهيم عزيز | دەروونناسی |
| ١٢- د. فريدون عبدول برزنجى | زمانی کوردی |
| ١٣ – محمد محوى | زمانەوانی |

١٤ – عمر ابراهيم توفيق ئەدەبی عەرەبی
١٥ – سەلام ناوخۆش زمانی ئینگلیزی

**ئەوانەی تەرقیەی پێ کردن بۆ پلەی مودەرریسی**

| | |
|---|---|
| ١ – عبد الحميد يعقوب | زمانی ئینگلیزی |
| ٢ – محمد معروف فتاح | زمانی ئینگلیزی |
| ٣ – فؤاد حسين | ئەدەبی کوردی |
| ٤ – محمد بكر محمد | ئەدەبی کوردی |
| ٥ – رفيق محمد محی الدين | زمانی کوردی |
| ٦ – حسين علی ولی | زمانی ئینگلیزی |
| ٧ – وداد صابر شاكر | زمانی ئینگلیزی |
| ٨ – محمد صالح سليمان عبد الله | زمانی ئینگلیزی |
| ٩– علی محمود جوكل | زمانی ئینگلیزی |
| ١٠ – عبد الامير سام | زمانی ئینگلیزی |
| ١١ – حمزه عيمان محو | زمانی ئینگلیزی |
| ١٢ – نيان نوشيروان فؤاد مستی | ئەدەبی عەرەبی |
| ١٣ – فريدون عبدول برزنجی | زمانی کوردی |
| ١٤ – شاهو سعيد فتح الله | ئەدەبی عەرەبی |

**هەڵسەنگاندنی کتێب و لێکۆڵینەوە**

زیاتر لە شەش سەد کتێب و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و ئەدەبی و زانستی و فەلەکی و فەلسەفی و نامەی زانستی و ... هتد بۆ دام و دەزگاکانی بڵاو کردنەوە و زانکۆکان هەڵسەنگاندووە. راپۆرتی زانستیی لە بارەی هەموویانا پێشکەش کردووەکە زیاتر لە هەزار لاپەڕەیێك پێك ئەهێنن. یەکێ لە پرۆژەکانی ئەوەیە بیانکات بە کتێب ، بە ناوی ( هەڵسەنگاندن )

**سوپاس و پێزانین**

لە ساڵی ١٩٨٠وە تا ٢٠٠٦ زیاتر لە سەد و پەنجا سوپاس و پێزانین و ریزلێنانی لە دام و دەزگا پەروەردەیی و زانستی و زانکۆ و کولێجانەوە ئاراستە و پێشکەش کراوە .

١ – (٤٩) سوپاس و پێزانین لە راگرانی کولێجی پەروەردە بۆ بەڕێوەبردنی بەش و ئەندامێتی و سەرۆکایەتی لیژنە زانستی و پەروەردەیی‌یەکان و لیژنەکانی چیمەن و ژینگەکانی کولێج .

٢ – (١١) سوپاس و پێزانین لە سەرۆکانی زانکۆی بەغداد بۆ جموجۆڵی زانستی و ئەندامێتی لیژنە زانستی‌یەکانی زانکۆ و بەشداری کردن لە دانانی بەرنامەکانی خوێندنی بالاّ.

٣ – (٧ ) سوپاس و پێزانین لە وەزیرەکانی خوێندنی بالاّ بۆ جموجۆڵی زانستی و بەرهەم زۆری و بوون بە پرۆفیسۆر بە کاتێکی قیاسی.

٤ – (٥) سوپاس و پێزانین لە سەرۆکانی زانکۆی سلێمانی (د. کەمال خۆشناو ) و (د. عەلی سەعید محمد) بۆ دەرسدانەوە لە خوێندنی بالاّی بەشی ئینگلیزی و هاوکاری کردنی زانستی و یارمەتی دان لە بواری تەرقیەی مامۆستاکانی زانکۆی سلێمانی.

٥ – سوپاس و پێزانین لە راگری کولێجی پەروەردەی بنەڕەتیی زانکۆی سلێمانی بۆ دەرس وتنەوە بە قوتابی‌یانی خوێندنی بالاّ.

٦ – (٤) سوپاس و پێزانین لە کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد بۆ پێشکەش کردنی موحازەرات تیایا.

٧ – (٥) سوپاس و پێزانین لە وەزیرانی پەروەردە بۆ ئەندامێتی و سەرۆکایەتی لیژنەکانی مەناهیج و خولە پەروەردەیی‌یەکان .

٨ – (٤) سوپاس و پێزانین لە بەڕێوەبەرانی گشتیی خوێندنی کوردیی سەر بە وەزارەتی پەروردە.

٩ – (٦) سوپاس و پێزانین لە سەرۆکی کۆڕی زانیاری عیراق و سەرۆکی دەستەی کورد بۆ هاوکاری زانستی و بەشداری لە لیژنەکانی کۆڕدا.

١٠ – سوپاس و پێزانینی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ دانانی ساڵنامەی کوردستان.

١١ – (١٥) سوپاس و پێزانینی راگران و سەرۆک بەشانی کولێجەکانی ئاداب و پەروەردە و زمانی زانکۆی سەلاحەددین بۆ هاوکاریی زانستی .

١٢ – (٣) سوپاس و پێزانین لە راگر و سەرۆکی بەشی کوردیی و فارسیی کولێجی زمانانی زانکۆی بەغدا

١٣ – بڕوانامەی ریز لێنان لە یەکیەتی نووسەرانی کوردستانەوە بە بۆنەی تێپەڕینی (٣٠) سی ساڵ بە سەر خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی.

١٤ – (٨) سوپاس و پێزانین لە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بۆ بڵاوکردنەوەی وتار و لێکۆلینەوە لە پەخشەکانی و ئەندامێتی لیژنەی گۆڤاری رۆشنبیری نوێ.

١٥ – ریز لێنانی ئەدیبان لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە.

١٦ – سوپاس و پێزانین و بڕوانامەی تەقدیری لە گەلەریی هونەریی (عبله العزاوی) وە بۆ پێشکەش کردنی زنجیرەییێك موحازەرەی رۆشنبیری و زانستی و هونەری لە هۆڵەکەیدا.

١٧ – ریزلینان و بڕوانامەی تەقدیری لە زانکۆی (سانت کلیمینسی بەریتانی) یەوە بۆ دەرسدانەوە لە قۆناغی دکتۆرا و ماجستێر و هاوکاری زانستی.

١٨ – سوپاس و پێزانین لە سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری کوردستانەوە بۆ ئەندامێتیی لە لیژنەی زمان و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری ئەکادیمی.

١٩ – دەیان سوپاس و پێزانین و بڕوانامەی تەقدیری لە دام و دەزگا رۆشنبیری و زانستیەکان و زانکۆکان بۆ هەڵسەنگاندنی کتێب و لێکولینەوە و نامەی دکتۆرا و ماجستێر و بەشداری کردن لە کۆنگرە زانستیەکانیاندا .

**چیی لە بارەیەوە نوسراوە**

١ – حەسەن جاف ( کتێبی ئەمجارە – رێزمانی راناوی لکاو) رۆژنامەی پاشکۆی عیراق ژمارە ١٠٤ ی ١٩٨٩,/٩/٢٧

٢ – عبد الرزاق بیمار ( جوانکیلەی پەناگرتوو) رۆژنامەی پاشکۆی عیراق ژمارە ٤٥٥ و ٤٥٧ ی ١٢و٢٦/ ١٠ / ١٩٩٧,

٣ – ئاریان عەزیز ئەحمەد (داهێنانێکی نوێی زانایەکی کورد) رۆژنامەی (برایەتی) ژمارە ٣٣٦٤ ی ٢٠٠١/٤/٢٣ ل ٩

٤ – د. إسماعيل إبراهيم سعيد (له چيرۆكى – ميوانى ئازيز – ى پرۆفيسۆر وريا عومەر ئەمين دا كۆمەڵێك كۆڵەگەو كەرەستەى داهێنەرانە لە رەوتى پيرۆزى پەروەردە كردنى منداڵدا بەر چاو دەكەوێت). رۆژنامەى هاوكارى ژمارە ٣٧٢٣ ى ٢٠٠٢,/٥/١٢

٥ – د. إسماعيل إبراهيم سعيد . له وتارى ( دەربارەى وەرزى پايز و شيعرى كوردى) رۆژنامەى هاوكارى ژمارە ٣٨٤٥ ى ٢٠٠٢/١٠/٣٠ ل ٥

٦ – كەريم شارەزا (وێنەى شيعريى لە چەپكە شيعرێكى دكتۆر وريا عومەر ئەمين)

گۆڤارى نووسەرى نوێ ژمارە (٢٢) هاوينى (٢٠٠٤) ل ٣٢ – ٤١

٧ – ئەحمەد زەردەشت (خوێندنەوەى ژيانى خوێندكاران و – فرمێسكى ماڵئاوايى– ى دكتۆر وريا

عمر امين – گۆڤارى گەرميان ژ(١٠) ساڵى ٢٠٠٦ ل ٦١ – ٦٣

٨ – د. ئەورەحمانى حاجى مارف ( چەن كتێب و وتاريك )

٩ – فؤاد العبودي ( في قصص للأطفال الكرد ) جريدة العراق العدد ٧٦١٨ في ٢٠٠٢/٦/٥

١٠ – عصمت شاهين بعنوان ( الضيف العزيز يدخل إلى عوالم الطفل الراقية ) جريدة العراق العدد ٧٦٧٣ في ٢٠٠٢,/٨/٨

١١ – شعبان مزيري (محاضرة د.وريا عمر أمين عن خصائص اللغة الكردية ) في جريدة العراق العدد ٧٧٨٥ في ٢٠٠٢,/١٢/١٩

١٢ –عادل كامل ( المعنى في سياق الزوال ) جريدة البرلمان العدد ١٠٠ فى ٢٠٠٥/٥/٢

١٣ – جمال بابان ( ٢٠٠٦ ) د. وريا عمر أمين – فى كتاب (أعلام كرد العراق). مطبعة شفان . سليمانية . ص ٨٥٨

١٤ – نەریمان عبدالله کریم خۆشناو ( ناودارانی کورد ) ڕۆژنامەی بدرخان. ژ ٧٣ و ٧٤ و ٧٥ ساڵی ٢٠٠٦.

بەرهەمەکانی لە سەرەتای هەشتاکانەوە بوونەتە سەرچاوە بۆ زۆربەی نامەکانی ماجستێر و دکتۆرای لە بارەی زمان و ئەدەبەوە پێشکەش کراون. ژمارەییێك لە شیعر و چیرۆکەکانی وەرگێڕراونەتە سەر زمانی عەرەبی.

# نموونەی چیرۆکەکانی دوای را پەڕین

**حەمە کەریم هەورامی**

لە کتێبەکەیدا (ئەدەبی منداڵانی کورد دوای راپەڕین)

بڵاو کردنەوەی کۆڕی زانیاری کوردستان) ٢٠٠٧ ل ١٦ – ١٩

**١ – میوانی ئازیز (٢٠٠١)**

میوانی ئازیز ، نامیلکەیێکی دکتۆر ( وریا عومەر ئەمین ) ە ، لە کۆمەڵێ چیرۆك و هـۆنراوە پێـك هاتووە کە بۆ منداڵانی نووسیون و لە گۆڤاری ( رەنگین ) یشدا بڵاوی کردوونەتـەوە. لـە دووتـۆی ئـەو نامیلکەیەدا کە ناوی ( میوانی ئازیزە ) ، سێ چیرۆك و چـوار پاچـە شـیعری ناسـکی منـداڵانی لـە خـۆ گرتووە. سێ چیرۆکەکە ئەمانەی خوارەوەن:

١ – میوانی ئازیز.    ٢ – جەژنانە.    ٣ – بۆ دارلاستیکەکەی شکاند.

هەر سێ چیرۆکەکە بە شێوازێکی تەڕ و پاراوی وا داڕێـژراون پێـت وایـە هەسـت و سـۆزی مـرواری ئاسای ناو دەروونی بێ کـەردی منـداڵانن لـە رشـتەی سـەر زاری ئەوانـدا هۆنراونەتـەوە. کەسـانی نـاو چیرۆکەکان کۆمەڵە باڵندەیێکی ئاشنان و بەشێکن لە دونیای منداڵان ، هاوڕێ و هاودەم و تێکـەڵاو بـە هۆش و هزریان. منداڵان دەزانن کام لەم گیانلەبەرانە بێ زەرەرن و کامیان زیانە خرۆن.

چۆلەکە ، کۆتر ، ماکەو ، مریشك ، پشیلە ، رێوی ، چەقەڵ... یان کامیان فرەتر منداڵان دڵیان پێیان دەکرێتەوە ؟

ئەگەر هات و ئەو گیانلەبەرانەی ناو چیرۆکەکانی منداڵان هەر یەك بەش بە حاڵی خۆی و لە دەور خۆیدا یە ئەندازەی ئەوەی لە بیر ئەواندا و لە واقیعی بوونیاندا رەفتاریان دەکرد لەو قاڵبە نەچـوونەتە دەرەوە، لەو حاڵەتەدا منداڵان فرەتر چـێژ لـە هەڵسوکەوتەکانیان وەردەگـرن و هەسـت بـە تەسـەلای دەروونی دەکەن و دونیای خەیاڵیشیان پتر دەگرێتەوە ، هەر لەوێشەوە فێری راستگۆیی دەبن.

هەر لە دێرین رۆژگارەوە ئەو گیانلەبەرانە کە لە مرۆڤەوە نزیکن مەودایەکی فرەیان لـە چـیرۆك و پەند و مۆچیارییەکانی ئادەمزاد پێ پڕ کراوەتەوە. بوونەتە کەرەسـە و دەسـتەبەری کـارە ئـەدەبی و هونەرییەکانی ، ئەو پیاوچاکەی ویستبێتی شتێ بڵێ و نەیوێرابێ ، یان ویستبێتی هێـز و توانایـەك بـە وتەکانی بدات و پەردە پۆشیان بکات ، هاتووە لەسەر زاری گیانلەبەران لـە نـاو چـیرۆکێکی پـڕ واتـا و حیکمەتدا بنەماکانی بـیر و رای خـۆی خسـتووەتە نـاو چـیرۆکی ئاژەڵانـەوە و وتوویـەتی. بـەو جـۆرە

مەبەستەكەی خۆی پێكاوە و سەرنجی گەورە و بچووكی بۆیان ڕاكێشاوە. لە هەمان كاتیشدا كارە هونەرییە ئەدەبییەكە تینی تەمەن درێژی و نەمری لەو ڕووەوە بۆ خۆی مسۆگەر كردووە.

چیرۆكێك گیانلەبەرانی ناسیاو دەوری تیا ببینن جگە لەوەی خۆشیی دەخاتە ناو دڵی منداڵانەوە، ئەو هەستەش لایان دروست دەكات كەوا بزانن ئەو گیانلەبەرانە خۆیانن ، چونكە لەناو منداڵاندا هەیە ڕەوشتی وەك ئەو گیانلەبەرانەیە یان لە چاو خۆیاندا منداڵی چاك و خراپ و چەتوون و دڕ و لاسار و فێڵباز و خۆش بڕوا و زیرەك و گێل و بەستەزمان هەیە...

كە ڕێوی فێڵباز لە ناو چیرۆك هەبوو منداڵان وا دەزانن ئەوە یارۆی — ئەوەكەی — برادەریانە كە هەمیشە لە تەفرە دانی ئەم و ئەو دایە. كە كەروێشك هەبوو وا دەزانن ئەوە ئەو برادەرەیانە كە بێ دەسەڵاتە، كە چۆلەكە پاسارییەكانیان لە ناو چیرۆكدا خوێندەوە یان بیستییان وا دەزانن ئەوە خۆیانن و بوون بەو چۆلەكەیە.

لەلایەكی ترەوە بوونی ئەو گیانلەبەرانە لە ناو چیرۆكی منداڵاندا هەڵسوكەوت و چالاكیەكانیان دەبێتە هۆی ختوكەدانی میزاجی گەمە و ئارەزووی یاریكردنی منداڵان جگە لەوەی كە جۆرە حەساندنەوە و تەسەلیان پێ دەبەخشێ.

ئیدی چیرۆكی منداڵان كە بەو جۆرە شێواز و تەكنیكە داڕێژرا ، باڵ بۆ ئەندیشەی منداڵان دروست دەكات و لە سنووری كات و شوێن دەیانباتە دەرەوە ، كە ئەمەش یەكێكە لە سوودەكانی چیرۆكی منداڵان.

ئەوەی وترا تا ڕادەیێك هەر سێ چیرۆكەكەی دوكتۆر ( وریا عومەر ئەمین ) ی لێ بەدەر نییە...

## كورتەی چیرۆكی ( میوانی ئازیز )

ڕۆژێ ئیڤان چۆلەكەیەكی لە حەوشەكەی خۆیاندا دی هێلانەی دروست دەكرد ، كە تەواوی كرد دوو هێلكەی تیا دانا و بەسەریاندا — كورك — كڕ — كەوت. دوای ماوەیەك هێلكەكانی هەڵێنا و دوو زەرنەقووتەیان لێ هاتە هاتە دەرەوە. ئیڤان ئەو هەواڵەی بە باوك و دایكی و براكانی گەیاند كە دوو میوانی ئازیزیان بۆ پەیدا بوون ... ئەوانیش بەو دوو میوانە دڵشاد بوون ، هەموو ڕۆژێ ئیڤان دەچوو سەیری دەكردن و دەیدین كە چۆن دایكەكەیان بێ وچان دەفڕی و دەچوو خواردن و ئاوی بۆ دەهێنان و خێرا دەگەڕایەوە.

ئێوارەیەك ئیڤان و هاوڕێیەكی چوون سەر لە زەرنەقووتەكان بدەن ، دییان جیكەجیك و سیكەسیكیانە بۆ دایكەكەیان، دایكەش هەر دیار نەبوو ، بەوا بۆیان دەركەوت : داخۆ چ منداڵێكی

چەتوون و لاسار دایکەکەیانی کوشتووە و ئەو دوو بەسەزمانەی هەتیو خستوون.. ئـەوجا زانـی ئەگـەر فریایان نەکەون ئەو شەوە لە برسا و لە سەرماندا دەمرن.. چووە لای باوکی و ئەو هەواڵەی پێ گەیاند ، ئەویش هاتە سـەر زەرنەقووتـەکان ، هێلانەکـەیانی دەرهێنـا و خسـتیە نـاو کـارتۆنێکی موقـەباوە ، خواردنی دانێ و یـە پـەمپی قـەترەی دەرمـانی ئۆڕاسـیان ئاویـان کـردە نـاو دەمیانـەوە . بـەو جـۆرە خواردن و ئاویان دانێ ، تا پەڕ و باڵیان دەرکرد و خۆیان خواردن و ئاویان دەخـواردەوە ، کەڵکەڵـەی فڕین و ئازادبوون هەڵی نان و ئۆقرەی لێ بڕین ، ئەوانیش ئەو دوو مێوانە ئازیزەیان بـرەڵڵا کـردن و لـە شەقەی باڵیان دا و فڕین.

**چەند وتەیەك لە چیرۆکی ( میوانی ئازیز )ەوە...**

**یەکەم** : رەچاوکردنی ئەو هەڵوێستە مرۆیانە کە پێویستە مرۆڤ سەبارەت بە گیانلەبـەران دەریـانبڕێ وەك چیرۆکی میوانی ئازیز رەچاوی کردوون ، بە تایبەتی بەرامبەر ئەو باڵندان کە ئاشنای مرۆڤن و لـە نزیك ئەوەوە نەبێ ناژین.

چۆلەکە پاساری هەرگیز ماڵی نابێ کەچی وەك هاوسێیەك لـە ژینگـەی مرۆڤـدا نـەبێ هێلانـە ناکـات و لێشـی ناسـڵەمێتەوە حـەق هەیـە پارێزگـاری بکـەین و هێلانـەی لێ تێـك نـەدەین ، دەشـێ پاڵـەوانانی چیرۆکەکانی منداڵانمان دەوری وەکو ئیڤان و باوکی لە ناو چـیرۆکدا بگێـڕن وەهـا تـەبا بـن و وەهـاش بەزەییان بە گیانلەبەراندا بێتەوە..

**دووەم** : کـورتبڕی لـە زمانـدا و وشـە و ڕسـتەی سـانا و بەکانـەهێنانی وشـەی نـامۆ و قـورس ونـاقۆڵا نیشانەی سەرکەوتنی کاری ئەدەبییە بە تایبەتی لە چیرۆکی منداڵاندا...

**سێیەم** : بەکارهێنانی دایلۆگی هێور و لەسەرخۆ و ئاستەم و جۆڵە بە رەوتـی بەرهەمەکـە دەدا و وردە رووداوەکـان لـەناو هۆشـی منداڵانـدا کلافـە دەکـات و بـەرەو مەبەسـتە سـەرەکییەکە هۆشـیان هـەڵ دەکشێنێ..

**چـوارەم** : لـە بـەر ئـەوەی هـەر سـێ چـیرۆکەکە ( میـوانی ئـازیز ) دوورن لـە بـەکارهێنانی شـێوازی ئامۆژگاری و وەعز و وتارەوە ، منداڵ فێـری بـەخۆدا چـوونەوە و پرسـیار کـردن دەکـەن کـە ئەمـەش بەشێکە لەو سوودانەی کە چیرۆکی منداڵان بۆی دەکەوێتە کار...

**وتەیەکی تر..**

چیرۆکی ( **جەژنانە** ) و ( **بۆ دارلاستیکەکەی شکاند** ) .

وەکوو بلێی هەردووکیان لە وەرامدانەوەی ئەو وردە پرسیارانەوە دروست دەبن ، کە پاش خوێندنەوەی چیرۆکی ئازیز ختۆکەی ناو هۆشی منداڵانیان دەدا و دەیانبزوان..

چیرۆکی جەژنانە داڕشتنەوەی ئەو دیوی ئەو هەست گەلەن کە لە میوانی ئازیزدا سەریان هەڵدا. یەکێك لەوانە نەبوونی پاداشت دانەوەی ( ئیڤان )ە لە ئەنجامی ئەو میوانداری و ئازاد کردنەی میوانە ئازیزەکان...

( رۆژی دوایی دوا ژەمیان پێشکەش کردن ، ئنجا هەموو پێکەوە ، چۆلەکە بچکۆلەکانیان بردە چیمەنەکە و ئازادیان کردن...).

لە چیرۆکی چەژنانەشدا لەسەر بریاری ( ئیڤان ) بولبولی ناو قەفەزەکە ( ئازاد ) کرا .. ئیڤان نیوەی پارەی کڕینی بولبول و قەفەزەکەی خستە سەر ئەستۆی خۆی وەك جەژنانە لەباتی ئازادکردنی ئەو بولبولە بە (دیار) ی برای بەخشی.

( با پارەی بە نیوەیی لە سەر هەردووکمان بێ و ببێ بە جەژنانە بۆ ئەم بەستەزمانە..) .

جەژنانەی ئەو بەستەزمانە ( ئازادی ) بوو ، کەچی نیوەی جەژنانەکەی ئیڤان درا بە دیار.

لە کەنارێکی ئەو جەژنانە و نیوە پارەدا وا دەخوێنرێتەوە لە ناو نا هەستی ئیڤاندا ئەوە هەیە کە کاری چاکە و خەیر پاداشتی دەوێ. کە ئەو دوو میوانە ئازیزەکەی لە چیرۆکی یەکەمدا ئازاد کردن ، پاداشتەکەی رەزامەندیی باوکی بوو ، بەڵام بۆ منداڵ رەزامەندی ناچێتە ناو گیرفانەوە. ئەو لەجیاتی باوکی و ( دیار ) لەجیاتی ( ئیڤان ) خۆی نیوەی پارەی کڕینی بولبول و قەفەزەکەی وەرگرتەوە کە دەکاتە جەژنانە و پاداشت وەرگرتن لەجیاتی ئازادکردنی ئەو بولبولە .. قەفەزەکەشیان هەلابەهەلا کرد.

لە چیرۆکی سێیەمدا ( بۆ دارلاستیکەکەی شکاند ) ئەمیش دووبارە هاتووە ئەو وردە بیرۆکانە کە ( میوانی ئازیز ) لە مێشکی منداڵاندا بە جێی هێشتن خڕیان کاتەوە و بینای چیرۆکێکی تریان لێ دروست بکات.

" کات سەرما و سۆڵەی زستانە ، ئیڤان و باوکی لەبەر ئاگردانی گەرمدا دانیشتبوون ، ئیڤان چاوی بڕیبووە ئەو کۆترانە کە لە بن میچی هەیوانەکە هێلانەیان کردبوو ، بیچوەیان هەڵ هێنابوو ، ئیڤان لە باوکی پرسی !

(بابە گیان بۆ ئەم کۆترانە بەم سەرمایە و بەم بارانە هەر هات و چۆیانە ؟

– بەخۆلە شیرینەکەم ئیڤان ، ئەم باڵندەیە وەك ئێمە و هەر گیانلەبەر و زیندەوەرێکی تر.. حەز لە ژیان ئەکەن ، هەستیان هەیە ، بیر ئەکەنەوە ، برسییان ئەبێ .. سەرمایان ئەبێ .. خۆشی و ناخۆشی و ئازار ئەچێژن ، بێچوەکانی خۆیان خۆش ئەوێ و ئەیانپارێزن... )[1].

ئیڤان کە ئەو وتانەی لە باوکییەوە بیست ، هەندێ مات بوو ( لە پڕ هەڵسا و بە راکردن چوو دارلاستیکەکەی هێنا و هەلابەهەلای کرد) .

لە چیرۆکی ( جەژنانە) شدا قەفەزەکەی ورد و خاش کرد...

واتە ( ئیڤان ) ئەو ئامێرانەی کە دەبنە دەستگرۆی بەندکردنی ئەو گیانلەبەرانە لە ناوی بردن ، ئەی ئەگەر بکوژی دایکی زەرنەقوتەکانی دەست بکەوێت داخۆ چی لێ بکات ؟

ئەوە بوو بکوژی دایکەکەیان لە چیرۆکی ( میوانی ئازیز ) دا دیار نەبوو ( هەبێ و نەبێ منداڵێکی لاسار و دڵ رەق و نەفام بە دارلاستیك بەردی تێ گرتووە[2].

ئەگەر بزانێ کێیە و بکەوێتە بەر دەست حەقی سزادانی هەبوو ، کەچی لێرە بە شکاندنی ( دارلاستیکەکە) دا دەرکەوت ، ئەگەر ئیڤان خۆی نەبێ یەکێکی وەك ئەوە ، دەنا بۆچی بەر لە ورد و خاشکردنی قەفەزەکە هەلا بەهەلاکرا ، ئیڤان دارلاستیکی بۆچی کڕیبوو ؟

تۆ بڵێی ئەم ئیڤانەی ناو چیرۆکی ( دارلاستیکەکە) ئەو ئیڤانە نەبێ کە لە چیرۆکی ( میوانی ئازیز) دا هەیە؟ بەڵێ ئەوە ، چونکە بە وتە پڕ سۆزەکانی باوکیدا لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێ باوك هەمان باوکە ، (دیار) یش کە پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکی (دارلاستیکەکە) یە هەمان ( دیار ) ی برای (ئیڤان) ە لە چیرۆکی (میوانی ئازیز) دا...

کەواتە پێدەچێ تاوانبار ئیڤان خۆی بێ ، ئیدی نەدەبوو دۆسیەی تاوانەکەی لە چیرۆکی (میوانی ئازیز) دا دابخرێ بکوژ لە سزادان دەرباز ببێ ، دەنەکەوتنی لەوێدا و دەرکەوتنی لێرەدا بە دارلاستیکەوە ئەوە دەسەلمێنێ تاوانبار خۆیەتی ، مادامەکی لە ئوڕاسی برا بچووکی شەش ساڵانەی گەورەترە دەشێ کەوتبێتە ناو قۆناغی باڵغییەوە کە دوانزە ساڵانە ، ویژدانی بە بەهای مرۆڤانە نگابان بووە و کراوەتەوە دەنا نەقەفەزەکەی دەشکاند نە دارلاستیکەکەی ورد و خاش دەکرد..

بۆیە سزای خۆی بە شکاندنی دارلاستیکەکەی پڕ کردەوە...

---

[1] – میوانی ئازیز د. وریا عومەر ئەمین . ل ١٠

[2] – هەمان سەرچاوە ل ٢

* د. وریا عومەر ئەمین وەکوو هەندێ لە نووسەران تا ئیستاش پێشگری (دە) بە (ئە) دەنووسێ . کە ئەمڕۆ زۆرینەی نووسەران وازیان لێ هێناوە.

# دەنگ ..فۆنەتیك.. فۆنیم .. فۆنۆلۆجی

**هاشم سەراج**

گۆڤاری رامان ژمارە ١٣٠ ساڵی ٢٠٠٨
ل ١٥١ – ١٥٦

پرۆفیسۆر ( وریا عومەر ئەمین ) لە بەرگی یەکەمی کتێبی ( چەند ئاسۆییێکی تری زمانەوانی ) دا ، رستێك زانیاریگەلی دەگمەن و دانسقەی زمانی دەربارەی ( زانستی زمان ) دەخاتە روو و هاوکات لە ئەلف و بێی زمانی کوردی و جیهانیی جووتۆکەکان Minimal pair دەکۆڵێتەوە.

مەبەست لە جووتۆکە ئەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێ نەبێ و ئەم جیاییە لەم تاکە دەنگەدا مانای جیای بە وشەکان بەخشیبێ (جووتۆکە ) ن. بە بەراورد کردنی ئەم جووتۆکانە فۆنیمەکانی زمان دەستنیشان دەکرێت. دکتۆر وریا لەم لیکۆڵینەوەیە زمانییەدا کۆمەڵێك جووتۆکە پۆلین دەکات لەوانە جووتۆکەی وەك ( بیر – پیر – سیر – شیر – تیر – ژیر – میر – لیر ) ، ( کەر – کەڕ – کەو – کەم – کەس – کەی – کەل – کەف ) ، ( پار – بار – شار – کار – زار – دار – هار – مار – غار ) ، ( شەو – خەو – کەو – چەو ) ، (بەش – گەش – رەش – لەش – شەش – کەش ) ...تاد.

دوای دەستنیشانکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی کۆمەڵەی جووتۆکەکان و دیاریکردنی فۆنیمە نوێکانی هەر جووتۆکەیەك لە خشتەیەکی ئامارکاریدا .. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی (( هەر چەندی کۆمەڵی تر زیادبکەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٥) ن )) . هەروەها دکتۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە ( گەلێ وشەی عەرەبیش کە دەنگی (ع) یان تیایە لە زمانی کوردیی ئیمڕۆمان بە کار دەهێنرێن وەك (عیسا و لەعنەت و عومەر) ..تاد. دەشێ (ع) ش بە فۆنیمێکی زمانی کوردی بژمێردرێ. بەم جۆرە و بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی (شێوەی خواروو ) سی و شەش فۆنیمی هەیە و ، ئەلف و بێی هەر زمانێ لەسەر بیناغەی فۆنیمەکانی دادەمەزرێت و هەر فۆنیمەی بۆ مەبەستی نووسین نیشانەیەکی بۆ دادەنرێت پێی دەوترێت پیت Letter .. هاوکات ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دوای ئەو سیستەمە تایبەتییەدا دەگەڕێ کە لە خودی زماندا (( دەنگ و مانا )) لە یەك دەبەستێ (( لە هەر زمانێکا ریزە دەنگێکی تایبەتی مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت . گۆڕانێ بەسەر ئەو ریزە دەنگە بێ ماناش دەگۆڕێ... یانامینێ)) .

دکتۆر وریا بەم جۆرە پێناسەی ((فۆنیم)) دەکات (( فۆنیم شتێکی موجەڕەدە abstract . تەمسیلی چەند دەنگێکی جیا دەکا لە زمانێکی تایبەتیدا ، ئەم دەنگانە شێوەی جیا دەگرنە خۆ بە پێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەردەکەون)).

پاشان لە نرخ و بەهای دەنگی پیت و شێوەی گۆکردنی دەکۆڵێتەوە ، بۆ نموونە، دەنگی ((س)) لە وشەی (سەر) و (باس) دا ، جیان لە دەنگی (س) کە لە وشەی (ساڵ) و (سەد) دا دەردەکەوێ. لەم وشانەی دواییدا دەنگەکە وەك بڵێی شێوەی ((ص))ی وەرگرتبێ. سەرەڕای ئەم جیاوازییەش هەردووکیان سەر بە یەك فۆنیمن و لە سیستمی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیدا یەك نرخیان هەیە .(ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان ، چونکە لەم زمانەدا جووتە وشەی وا هەیە کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەیان تێدا لە هەمان کەشدا دەردەکەوێ و مانای جیایان پێ دەبەخشن وەك لە ((کەر — کەڕ)) ، ((برین — بڕین)) ، ((تێر — تێڕ)) ..تاد. پێوەندی نێوان دەنگ و فۆنیم لەم وێنەیەدا روون کراوەتەوە:

فۆنیم = دەنگ + دەنگ + .. وەك /س/ + /ص/ + ..

دواتر دکتۆر وریا بە پێی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێناسەی هەر یەك لە فۆنەتیك Phonetics و فۆنۆلۆژی Phonology بەم شێوەیەی خوارەوە دەخاتە روو:

فۆنەتیك ( ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لە چۆنیەتی دروستکردنی دەنگەکانی زمان و سروشتیان دەکۆڵێتەوەو هۆی جیاوازیی نێوان دەنگە جیاوازەکانی زمان دەردەخا) . فۆنۆلۆجی (( ئەو بەشەی زانستی زمانە کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە بەهۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لە یەك دەدرێن بۆ دروستکردنی برگە . یەك نرخ دەدا بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و چەن نرخێکی جیاواز پێشان بدەن. واتا فۆنەتیك شتێکی کشتییە و فۆنۆلۆژی تایبەتییە.

دکتۆر لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە روانگەیەکی دیالێکتیکییەوە لە خودی زمان و گوڕانکارییەکانی دەڕوانێت. واتا زمان وەکو بوونەوەرێکە هەمیشە و بەردەوام لە گۆڕان و کۆڕانکاریدایە... (لەم سروشتەدا هەموو شتێك لە گۆڕاندایە ، باری ئیستای هەر شتێ جیایە لە هی هەر سەردەمێکی تری. زمانیش وەکو لایەنێکی ئەم سروشتە لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە. بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ. بۆ نموونە بە بەراوردکردنی زمانی ئینگلیزیی کۆن کە لەدەوروبەری سەدەی پازدەیەم قسەی پێ دەکرا لەگەل ئینگلیزیی ئیمرۆ ، وەك دوو زمانی جیاواز خۆیان دەنوێنن). ئەوگۆڕانکارییانەی بەسەر زماندا دێ هەموو لێڤڵەکانی دەگرێتەوە.((مەبەست لە لێڤڵەکان ئاستی سینتاکسی و مۆڕفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکی و سیمانتیکییە)).

بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیی کۆندا دەنگی ((ژ)) نەبوو ، لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی فەرەنسی گەلێ وشەی وەك azure و measure و rough کە دەنگی (ژ) یان تێدایە کەوتنە ناو زمانی ئینگلیزی و بوون بە بەشێکی بنجیی فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی... هەروەها (ع) (ق) و (ح) بۆ زمانی کوردی هەمان شتن ، لە نژادا کوردی بووبن ، یان لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانێکی تر کەوتبنە نێو زمانی کوردییەوە . گرنگ ئەوەیە ئیستە بەشێکی بنجیی سیستەمی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردین.

لێرە لەگەڵ کارلێکی زمانی و بۆچوونە زمانییەکەی دکتۆر وریا هاوڕاین ، بەڵام بەر لە هەموو شتێك پێویستەئاماژە بەوە بکرێ کە زمان دەسەڵاتە ، چونکە (من ناچار دەکات کڵێشە گەلێك کە پێشتر فۆڕمەڵە بووە لەوانە (خودی وشەکان) بەکار بهێنم..چونکە دەسەڵات لەهەر کارێکی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا ئامادەیە و بەشێنەیی خۆی دەسەپێنێت ، یان وەك میشێل فۆکۆ جەختی لەسەر دەکات کە (شوێنێك کە بە تەواوی لە دەرەوەی دوسەڵات بێت ، بوونی نییە). هاوکات رەنگە ئەو بۆچوونە زانستییەی دکتۆر وریا کە بە زەینییەتێکی جیهانی لە گۆڕانکارییە زمانییەکان دەڕوانێت لە گەڵ خاوێنکەرە فەندمەنتالیستەکانی زمان یەك ئەگرێتەوە.وەك لە کتێبی (سۆفیستەکان) ی (رێبوار سیوەیلی) داهاتووە کە "خاوێنکەرەوەی زمان وەك دزێك وایە ، کە کەوچکی قاوە و کەوچکی چا و کەوچکی مەحەللەبی و کەوچکی چێشت و کەوچکی مرەبامان لێ دەدزێت و لە جیاتی ئەوە کەوگیرێکمان دەداتێ کە لەسەی نووسراوە (دەتوانرێت بۆ تێکهەڵدانی قازان و بۆ شلەمەنی بەدەمەوە کردن بەکار بهێنرێت). لێرە بەر لەوەی درێژە بەم نووسینە بدەم و بابەتە گرنگەکانی ئەم کتێبە دەگمەن و زانستییە بخەمە بەر زەین و دیدەی خوێنەران ،حەز دەکەم بەرامبەر ئەم دوو گوتەیەی د. وریا هەڵوەستەیەك بکەم کە لەمەڕ (نووسین) دەیڵێ. چونکە ئەم رایەی دکتۆر وریا دوو بۆ چوونی جیاوازم بیردەخاتەوە.. لە لاپەڕە (١٧)ی ئەم کتێبەدا هاتووە کە (نووسین شتێکی دەسکردە پێکهاتنە لەسەر لەلایەن کۆمەڵەوە هیچ کار ناکاتە سەر جەوهەری زمانەکە. هەموو میللەتی ئینگلیز کە دەنووسێ (night) ئەو (gh) ی دەخاتە ناو بێ ئەوەی هیچ دەنگێ لە قسەکردندا بنوێنێ) راستە ئەم بۆچوونە زیاتر باس لە ڤاوڵەکان و گۆکردنی وشە دەکات دەکات، بەڵام هاوکات ئاماژەیێکی خێرایە بۆ کردەی نووسین و جۆرێك لە بەراورد کردنی لەگەڵ ئاخافتن یان قسەکردن. هەروەها لە شوێنێکی تری ئەم کتێبەدا هاتووە کە (نووسین شتێکی جامیدە و ناگۆڕێ بە گۆڕینی شێوەی قسەکردن).. هەڵبەتە سەروەریدان بە ئاخافتن یان نووسین ، ئەمە کێشەیەکە و لە تێکستە فەلسەفییە دێرینەکانی گریکەوە سەرچاوەی گرتووە وەك دەزانین کە (ئەفلاتوون) ..کردەی نووسین بە (بیژوو) لە قەڵەم دەدات. یان وەك ئەو فەرزەندەیەی کە لە سیستەمی باوکایەتی دابڕابێت ، وێڕای ئایرۆنییەتی زمان ، نووسین لە (میتافیزیکیای ئەفلاتوون) دا بە فارماکۆن – Pharmakon ناوزەد دەکرێت. واتا بوونی نووسین (بە ژەهر و دەرمان لە یەك کاتدا ).. بەڵام دواجار (جاك دریدا) لە زۆربەی نووسینەکانیداهەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی ئەو دەنگ پەروەرییە دەدات و دەیەوێ لۆگۆسێنترالیزم و فۆنۆسێنترالیزم تێك بشکێنێت و سەروەری بە زانستی نووسین بدات . (فردیناند دی سۆسێر) زمان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاخافتن بە تاکە کەسی یان فەردانی دادەنێت. ( بە بۆچوونی ئەو ئاخافتن تەنیا روویەکە لە رووەکانی چالاکیی مرۆڤایەتی ، بەڵام زمان دەفری ئەو چالاکییە و کەرەستەیەتی. واتا زمان بریتتە لە سیستەمێك لە هێماکان کە رووداوی ئاخافتنی (کردەیی) پراکتیکی پێویستییەتی). هەڵبەتە ئاخافتن هەمیشە و بەردەوام ئامادەیی دەنگی تیا زاڵ و بەرجەستەیە، مەبەست (گوتن و پەیڤین و

بیستن و گفتوگۆیە) یان ئەو پەیوەندییە دەنگییەی لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروست دەبێت.. هەمدیس دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەی دکتۆر وریا ، با بزانین چۆن لە روانگەی زانستی زمان و دەنگناسییەوە لایەنگەلێکی تری گرنگ و بەهاداری (فۆنەتیك) دیاری دەکات و چالاکییەکانی دەخاتە روو.دکتۆر دەڵێ ( فۆنەتیك هەر لەو دەنگانە ناکۆڵێتەوە کە لە نووسینا بە پیت دەردەبڕێن. بەڵکو کەرەسەی (دەنگی) ی ترهەن کە زۆر گرنگن لە زمانا بەڵام لە نووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەییێکیان بۆ نییە). وەك:

١ – هێز stress وزەییێکی زیاترە (بە گوێرەی بەشەکانی تر) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە ، یان دەستەواژە..لە وشەی (نوستن) دا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم گەر مەبەست (ئەوان نوستن) بێ. دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم گەر مەبەست ، با بڵێین ( نوستن خۆشە ) بێ.

٢ – ئاوازە Intonation گۆڕینی ئاوازی ڕستەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز. هەر ڕستەیێك دەیان مانا دەگەیێنێ بە پێی ئاوازەکەی.

٣ – تۆن Ton ئاوازی بڕگە ، یان وشە. لە هەندێ زمانا بە گۆڕینی ئاوازی بڕگە یان وشە مانای وشەکە دەگۆڕێ.وەك لە زمانی بورمی و تایلاندی.

بابەتێکی تری ئەم کتێبە لە لقەکانی زانستی زمان دەدوێت ، (زانستی زمانی وەسفی و مێژوویی و بەراوردی). ( زانستی زمان بریتییە لە کۆمەڵێك بابەتی بە یەك بەستراو ، بەکاردەهێنرێت بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زمان). پاشان دکتۆر (وریا عومەر ئەمین) لە لێقلەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و دەڵێ: (بچووکترین کەرەسەی زمان تاکە دەنگەکانییەتی. لێکۆڵینەوە لە دەنگەکانی زمان و دەستنیشانکردنی چۆنیەتی دروستبوون و گواستنەوە و وەرگرتنیان لەلایەن گوێگرەوە فۆنەتیکە Phonetics ئەمەیان لێقڵێ... هەروەها بە یەك یا زیاتر لە یەك فۆنیم ، مۆڕفیم Morpheme دروست دەبێ. مۆڕفیم بچووکترین کەرەسەی مانادار ی زمانە کە لە ڕێزماندا دەورێکی هەیە. بە یەك مۆڕفیم یان زیاتر وشە Word دروست دەبێ. بە یەك وشە یا زیاتر Phrase فرێز دروست دەبێ و بە چەن فرێزێك ڕستە Sentence دروست دەبێ. ئەم نەخشەیەی خوارەوە لێقڵەکانی زمان و پێوەندیی نێوانیان روون دەکاتەوە:

<table>
<tr><td>دەنگ</td><td>فۆنەتیك</td><td rowspan="3">بێ واتا</td></tr>
<tr><td>فۆنیم</td><td rowspan="2">فۆنۆلۆجی</td></tr>
<tr><td>بڕگە</td></tr>
<tr><td>مۆڕفیم</td><td rowspan="2">مۆڕفۆلۆجی</td><td rowspan="4">بە واتا</td></tr>
<tr><td>وشە</td></tr>
<tr><td>فرێز</td><td rowspan="2">سینتاکس</td></tr>
<tr><td>ڕستە</td></tr>
</table>

کەواتا ( فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە کەرەستە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شییان دەکاتەوە). بەڵام فۆنۆلۆجی :

١ – فۆنیمەکانی لە دەنگەکانییەوە دەست میشان دەکات.

٢ – لە ناو قاڵبی برگەی فۆنەتیکی ئەم فۆنیمانە لێك دەدات برگەی فۆنۆلۆژی پێك دەهێنیٚ.

٣ – لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان ، دەنگ هەیە دەگۆڕیٚ ، هەیە دەتوێتەوە ، هی تازە پەیادەبیٚ..

دکتۆر وریا لە بابەتی (مردنی وشە) دا گفتوگۆی بنج و بنەمای ئەو پێناسانە دەکات کە ڕێزمانی تەقلیدیدا بۆ پێناسەکردنی وشە و ڕستە پەیڕەوی کردوون، وەك: (ڕستە لە کۆمەڵە وشەیەك پێك دێت) ، ( بەشەکانی ئاخاوتن بریتین لە لە چەند کۆمەڵە وشەیەك). (وشە بریتیە لە کۆمەڵە دەنگێکی بە زار دروست کراو مانایەك دەبەخشیٚ).. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چەمکی پێناسەکان دەدویٚ و چەندین سەرنجی زانستییانەی زمانی تۆمار دەکات ، وەك:

- مرۆڤ دەتوانیٚ بە خوێندنەوە و نووسینەوە هەزاران وشە بخاتە ناو مێشك و لێیەوە دەربهێنیٚ بیٚ ئەوەی زاری بکاتەوە و نقەی لێوەبیٚ. ئەمە ئەوە دەردەخا کە مەرج نییە وشە بریتی بیٚ لە دەنگ. گریان و پێکەنین کۆمەڵە دەنگن بە زار دروست دەکرێن و ماناش دەبەخشن (ئازار ، خەم ، شادی ، گاڵتە...) چۆن بە وشە لە قەڵەم دەدرێن؟.
- (گوڵ ، گەنم ، ڕەش...تاد) هەر یەکە وشەیەکە و بە کۆمەڵە دەنگێکی زار دروست دەکریٚ و مانایەك دەبەخشیٚ. ئەی (گوڵەگەنم ، ڕەشەبا ، دەستکورت..) هەریەکە چەن وشەیە و چەن مانا دەبەخشیٚ؟.
- وشە هەیە ڕستەیەکی تەواوە وەك (بمانخواردنایە) ، یان وشە هەیە زیاتر لە مانایەك دەبەخشیٚ وەك (بار) لە (بارێکی نالەبار و بارە دارێك).
- یان (موڵ و مەزان) لە ( گوڵ موڵ ) و ( نەزان و مەزان) دا وشەن یان نا؟.گەر وشە نەبن چین؟ دەنگن و بە زار دروست دەکرێن و لە زمانا بەکار دەهێنرێن. – هەڵبەتە (مۆڵ) یان (موڵ) لە شیعری کلاسیکی کوردیدا واتای (شەڕاب) دەگەیەنیٚ.. مەجلیسێکی گوڵ و مول ... ئەم لێکۆڵینەوەیە لە رووی دەستنیشان کردنی (مانا) وە بۆ پێناسەکردنی (وشە) لەگەڵ پەیڕەو و پێوانەکانی ڕێزمانیی تەقلیدیدا کۆك نییە ، چونکە (مانا) مۆرك و خەسلەتێکی جیوەیی هەیە و دەستەمۆ ناکریٚ و زۆر جاریش دوا دەخریٚ. جگە لەمانە چەمکی (مانا) خۆی شتێکی شاراوەیە. (مانای مانا ) خۆی ساغ نەکراوەتەوە )

دکتۆر وریا دواجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە( هەچ هەوڵدانێك بۆ پێناسینی وشە بە پێی مانا هیچ ئەنجامیٚ بەدەستەوە نادات). دوای خستنەرووی چەندین هۆکاری تر دەگاتە ئەو ئەنجامە کە ( هیچ پێوانەیەکی سیمانتیکی یان فۆنۆلۆجی نییە بۆ پێناسینی وشە بشیٚ و بکریٚ بە بنج بۆ شیکردنەوەی زمان بۆیە زانایانی زمان روویان لە وشە وەرگێڕا و لە جێگری (بدیل) ی تر گەڕان . یەکیٚ لەم جێگرانە چەمکی ( مۆرفیم) بوو). (مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە ، لە فۆنیمیٚ یان زیاتر پێك دێت و دەورێکی لە ڕێزماندا هەیە ، بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنیمێکی ، یان بە لەتلەتکردنی ، ماناو دەورە

ئەسلییەکەی تیا دەچێ). ئیتر دکتۆر وریا دەڵێ: لە ئەنجامدا مۆرفیمیش وەك وشە سەری نەگرت و نەشیا ببێ بە پێوانە بۆ شیکردنەوەی زمان.. هەڵبەتە چەندین هۆی گرنگ گرنگ دیاری دەکات. لە شوێنێکی تری ئـــەم بابەتـــەدا بـــەم شـــێوەیەی خـــوارەوە جیـــاوازیی نێـــوان مـــۆرفیم و برگـــە دیـــاری دەکـــات: مۆرفیم و برگە دوو شتی جیان. مۆرفیم سەر بە لایەنی ((مانـادار ـ سـیمانتیك)) ی زمانـە. برگـە ، قاڵـب و دارشتنە سەر بە لایەنی بێ مانای زمانە (فۆنۆلۆژی). لەناو قاڵبی برگەکاندا فۆنیمـەکان لەیـەك دەدرێـن بـۆ دروستکردنی مۆرفیمەکان. پێوەندیی برگە و مۆرفیم لە زمانی کوردیدا بەم جۆرەیە:

١ — دوو مۆرفیم لە برگەیەکدا ( خۆ ـ ت / لا ـ م).

٢ — یەك مۆرفیم لە برگەیەکدا (مانگ ـ سەوز). ٣

— یەك مۆرفیم لە دوو برگەدا (بەهار ـ ئاسۆ). ٤ —

یەك مۆرفیم لە سێ برگەدا ( گەلاوێژ ـ ئارەزوو ـ ئەستێرە).

وشە لە زمانی کوردیدا لە مۆرفیمێ یـان زیـاتر پێـك دێـت ، کـەم وشـەی تێـدا لـە پێـنج مـۆرفیم زیـاترە.

١— وشەی یەك مۆرفیمی (دڵ ـ گەلاوێژ/ئارەزوو).

٢ — وشەی دوو مۆرفیمی ( باڵ ـ دار / ئازاد ـ ی).

٣ — وشەی سێ مۆرفیمی ( دە ـ خۆ ـ م / نا ـ چ ـ ین).

٤— وشەی چوار مۆرفیمی ( دە ـ ی ـ ناس ـ م / زام ـ ەکە ـ ان ـ م ).

٥ — وشەی پێنج مۆرفیمی( هەڵ ـ ی ـ دە ـ گر ـ م / را ـ یان ـ دە ـ سپێر ـ م).

دواتر ئەم لێکۆڵینەوەیە بەم شێوەیە پێناسەی زانستی زمان دەکـات. ((زانسـتی زمـان ئـەو بەشـەی زانسـتە کـە هـەوڵ دەدا بزانـێ زمـان چـییە. لێـرە کـە دەڵـێین زمـان مەبەسـتمان زمـان بـە گشـتی وەك دیاردەیەکی ئینسانی ، نەك زمانێکی تایبەتی.چونکە هیچ کۆمەڵە ئادەمیزادێك نییە لە جیهاندا زمانی نەبێ ، هەمووش هەمان ئەرك بە هەمان رێگـە بـە جـێ دەهێـنن ، ئـەویش گواسـتنەوەی ئـەو بیروخەیاڵانـەی لـە مێشکا هەیە بەهۆی کۆمەڵە دەنگێکی بەزار دروستکراو بـۆ بەرانبـەر. ئەمـە ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە هـەموو زمانانی جیهان لەهەمان پلەی پەرەسەندندان و هەموو بەقەدیـەك ئـاڵۆزن و ئـەو زمانانـەی پێیـان دەوتـرێ بیدائی Primitiv بوونیان نییە. واتا یەك بیناغەی بنجی هەیە هەموو زمانانی جیهان لە سەریدا دامەزراون ، یان کۆمەڵە یاسایەکی بنجی هەن هەموو زمانانی جیهان تیایادا بەشدارن و بەهۆیانەوە کاردەکەن. ئەرکی زانستی زمان تێگەیشتنی سروشتی ئەم بیناغە گشتییەیە و دۆزینـەوەی ئـەو یاسـا بنجییانەیـە کـە هـەموو زمانانی جیهان تێیدا بەشدارن و بە هۆیانەوە کار دەکەن .

ئەوەی جێگەی سەرنجە ، هەر بابەتێکی ئەم کتێبەی پرۆفیسۆر ( وریا عومەر ئەمین) شایانی چەندین توێژینەوە و لێ خوردبوونەوەیەی زمانییە. بۆ نموونە لە بابەتێکدا دەربارەی چەمکی (نەرێ) .. بە هۆی چەند رێسایەکی زمانەوانی لە پێناسەی ئامرازی (نەرێ) دەکۆڵێتەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەتە روو:

( نەرێ چەمکێکی سیمانتیکیە وەك کەرەسەیەکی سینتاکسی لە ڕستەدا دەردەکەوێ، بەجێ نەهێنانی ئەرکی کاری ڕستەکە دەگەیەنێ).ئەنجا ڕستەگەلێك دەخاتە روو کە تیایاندا ئامرازی نەرێ رۆڵێکی گرنگتر دەگێڕێت و هاوکات دژەماناکان دیاری دەکات. یان بە پێی میتۆدی Klima کە سەر بە رێبازی چۆمسکییە ، پێی وایە (ڕستەی سادە تەنیا یەك ئامرازی نەرێ قبوولٚ دەکات. واتا ڕستەی سادە لە یەك ئامرازی نەرێ زیاتر وەرناگرێ ، کەچی دکتۆر وریا چەند نموونەیەك لە زمانی کوردی وەردەگرێت کە زیاتر لە ئامرازێکی (نەرێ) ی تێدا بەر چاو دەکەوێت: وەك ( من ناتوانم نەچم) .. ئەم ڕستەیە مانای زۆر جیایە و پێچەوانەی ئەمە ناگەیەنێ (من دەتوانم بچم).. یان بە بەکارهێنانی یەك ئامرازی (نەرێ) جیاوازیی تر لە واتاکان دەردەکەوێ (من دەتوانم نەچم) (من ناتوانم بچم) .. بە رەچاوکردنی رێبازی گوێزانەوەی چۆمسکی دەبێ ئەم جۆرە رستانە لە بنجدا بە لێکدراو و ئالۆز لەقەڵەم بدرێن. واتا ڕستەی (من دەتوانم بچم) لە بنجدا دەبێ لەم دوو ڕستەیە پێك هاتبێ:

١ — من دەتوانم . ٢

— من دەچم.

یان لە بابەتێکی تردابە ناوی (زمان و ماتماتیك) دا دەڵێ: ( یەکێ لە سیما هەرە سەرسوڕمێنەرەکانی زمان ئەوەیە ئینسان دەتوانێ هەمیشە مانا و بیری تازەی پێشتر نەبیستراو و نەزانراو دەربڕێ و تێبگات. ماتماتیك سیستەمێکە بریتییە لە ژمارەیەکی کەم و سنووردار لە (نیشانە) و (یاسا) کە بە هۆیانەوە ژمارەیەکی بێ کۆتا (نرخ) دەردەبڕرێ. بۆ نموونە:

١ — نیشانە (١ — ٢ — ٣ — ٤ — ٥ — ٦ — ٧ — ٨ — ٩ — سفر).

٢ — یاسا — خانەی تاکانە و دەیانە و سەدانە و هەزارانە...

تەنیا بەم دوو لایەنە زۆر سنووردارە ژمارەیەکی بێ پایان (نرخ) دروست دەکرێت کە بە هۆی تیۆری شیمانەکاری نرخی هەر (نیشانەیەك) یش لەناو چوارچێوەی ئەم یاسایەدا بە هۆی شوێنەکەی و جۆری پێوەندیی لەگەڵ نیشانەکانی تردا دەسنیشان دەکرێ. واتا پێوەندیی نێوان زمان و ماتماتیك لە لێقڵەکانی سینتاکس و فۆنۆلۆژیدا دیاری دەکرێت.

هەروەها بە پێی قۆتابخانەی بونیادگەری لە سەرلەبەری لێڵەکانی زمانی کوردی دەکۆڵێتەوە. وەك لێڵی فۆنۆلۆژی و دیاری کردنی ژمارەی فۆنیمەکان (بزوێنەکان و کپەکان) . یان لە لێڵی مۆرفۆلۆژیدا ، کە (مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنیمێ یان زیاتر پێکدێت) دەڵێ: ( ژمارەی مۆرفیمەکانی هەر زمانێ هەرچەند زۆر بێ ، سنووردارە). بە پێی چەمکی (شیمانە) دەرگە کراوەتەوە تا ژمارەیەکی بێ دوایی لێی دارێژرێ . یان لە لێڵی سینتاکسیدا ، لە گەمەی ناو کۆییان دەدوێ ، چونکە هەر زمانێ هەزاران و دەیان هەزار وشەی تێدایە. ژمارەی ڕستەکانی هەر زمانێ بێ دواییە. هەر چەمك و مانایەکیش بێتە خەیاڵی مرۆڤ دەکەوێتە ناو چوارچێوەی ئەم ژمارە بێ دواییە...  یان لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی (لێڵی لە زمانی کوردیدا) بەم شێوەیە پێناسەی (لێڵی) دەکات. ( لێڵی لە زمانا ئەوەیە دەربڕینێك زیاتر لە مانایەك ببەخشێ ، دوو جۆری لێ دەستنیشان کراوە:

١ – لێڵی مۆرفۆلۆژی.

٢ – لێڵی سینتاکسی.

لێڵی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئەوەیە وشەیەك ، یان مۆرفیمێك بە تەنیا ببیسترێ یان بخوێنرێتەوە ، گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە مانایەك تێی بگات وەك ( رواندن ، بار ، لایدا ، خوێن ...تاد).. وشە هەیە لە نووسیندا لێڵە ..بە بیستن لێڵییەکەی دەڕەوێتەوە، وەك (سەوزە)  لە وتندا ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی یەکەم دەبێتە سیفەتێك دەخرێتە پاڵ شتێك وەك ( گیا  سەوزە ) ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم واتای (خواردەمەنیی سەوزە ) دەگەیەنێ.. ڕستە لێڵە ئەگەر زیاتر لە مانایەکی بوو. وەك ( ئازاد ئازار لە دڵ دەروێنێ) کە ئەم دوو واتا دژ بەیەکدیی هەیە:

١ – ئازاد ئازار دەخاتە دڵ.

٢ – ئازاد ئازار لە دڵ لادەبا.

لەم بابەتەدا رستێك هۆکاری لێڵی دەخاتە روو و دەڵێ: لە ناو چوارچیوەی زمانێکدا ئەگەر یەك ڕستە زیاتر لە مانایەك ببەخشێ ، ئەوە ئەم ڕستەیە زیاتر لە بنجێکی هەیە.

لە کۆتاییدا دەڵێم (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) کتێبێکە لە رێگەی مێتۆد و یاسا و رێسای زانستی و بە نوێترین شێوازی ماتماتیکی لە لێڵەکانی زمان و کیش و شەپۆلەکانی شیعری کوردی و چەندین بابەتی جیاجیای بوارەکانی فۆنەتیك و فۆنۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیکی دەکۆڵێتەوە و تا رادەیەکیش چارەسەری زۆرترین کێشەو گرفتە رێزمانییەکان دەکات.

**سەرچاوە:**

ناوی کتێب: چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی.

نووسەر: پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین. بڵاوکراوەی ئاراس ژمارە (٢٣٩) چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٤

# گوزەریٚ بە دەڤەری ( شیعرستان ) ی د. وریا عومەر ئەمین ـ دا

د. فاروق نەقشبەندی

ڕۆژنامەی رۆژانەی سلێمانی ژ ٣٧٢ دووشەممە
٢٠٠٨/٢/١١. ل ٥

بەهار هەر وەرزێك نییەو ، گوڵاڵەسوورە و چەپکی نێرگز لەگەڵ ترپەی خێرای دڵدا لە نێوان عاشقاندا بە تاسەی یادی کۆن و ئاواتی دوارۆژەوە پێشکەش بکریٚ . بەهاری ئەدەب خونچە شیعرەکانە لە باخ و بێستانی دڵی پڕ لە شادی و خەمی پەستیوی ئەویندا چرۆ دەکا و لە جۆلانی ووشەدا گیانی بە جەستەدا دەکریٚ.

لە کونجی کولبەی خەمی ئەکادیمییەکدا هۆنراوە وەکو تاڵی یادی تاڵی چەند لاپەڕەیەك لە ئەوین بیر بۆتە کۆمەڵا پەلەوەری جوانی فیردەوسی چوونەتە کەوڵی وشەی پۆستی (سەیرانێکی شیعرستان) یان دروست کردووە خاوەنی بابەت وەکو سەرەتا " نووسەر و خاوەن چەند بڕوانامەیەکی بەرزە وەك PhD و کاندیدات لە رۆژهەڵات و رۆژئاواش ، بەڵام سادەیی رەوشت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی رەوشی سەرتاپای ژیانی رۆژانە کەسی ئاسایی لە خوێندنەوە و لەبەرکردنی هونراوەی شیکاری و گەردانی (میتۆدی) چۆمسکی " زمانی لە جێگای گومان هەزار پردی بەرەو راستی پیٚ دروست دەبیٚ.

لە نەوەدەکاندا مامۆستای ماستەرم بوو کە بەگومان بووینایە لە سەرچاوەی هۆنراوەیەك پەنامان دەبردە بەر ، ئەو لە دووهەزاردا لە قۆناغی دکتۆراکەشمدا ئەوی بەرێز ئەو "دەوارە" بە ئەمەکەی کوردایەتی بوو کە کەسانی (قەراتی) هەولێر رۆلەکانی شاری شێخی نەمری لەباوەش دەگرت.

جار و بارەیەك ئازارەکانی رەهەندی دەروون لە پەرستگای مەی نۆشانی شیعردا لەپەوروو دەکەون تاقانە شیعرێکی چاوگەش لەدایك دەبێت.

یادەوەری لە جیهانیهۆنراوەدا ووردە بەرەو جیهانی سۆسۆلۆجیای ئەدەبی نەمر هەنگاو بە خاوەنەکەی هەڵدەگریٚ . ئەم بەرێزە پێش (٣٨) ساڵ لەمەوبەر بە پارچە هۆنراوەیەکی وەنەوشەیی خۆشەویستی و ئەوین و هاوڕێنانی بەسەر کردۆتەوە، ئەوا لە شیعری (فرمێسکی ماڵئاوای) دا دەڵیٚ:

**ئەی فرمێسکی قەتیس ماو لە گلێنەی چاو**

**ئەی ئەو ئاخەی کە دەروونم ئەکەیت بەئاو**

**ئەی ئەو دڵەی کە جیٚ نشێنی خەفەتی**

**ئەی ئەو بوونەی ئیمڕۆ لە تاوا لەت لەتی**

**ئەی ئەو لەشەی یەك تۆز هێزت تیا نەماوە**
**ئەی ئەو هەستەی برینداری لە سەد لاوە**

ئەگەر رێبازی رۆمانسییەت عەقڵ بەلاوە بنێت خەو و خەیاڵ بە رابردوو سروشت تابلۆکانی لە یادەکان وەربگرێ ئەوا مافی ئەوەمان هەیە بڵێین ئەم تابلۆیە دەسکە گوڵی رووی رەوشەنی ئەو رێبازەی ئەدەبی نوێی کوردییە.دەبێت شاعیر شەهادەی بە فرمێسك چوارچێوە گرتبێ. خۆ قۆناغی حەفتاکان دڵ لە ئیستا خۆشتر بوو، هەرچەندە هەژاری و نەدارایی باڵی کێشابوو بەسەر زۆرینەی دەروونەکاندا ، بەڵام مرۆڤەکان ئاسایی بیریان دەکردەوە ، خۆشەویستی بۆ یەك گەزۆی شیرین و شەونم درەختانی لێ دەباری نەك وەکو ئیستا فەرامۆشی پاش تێر خواردنی جەستە و ئاش بەتاڵی بێ ، وادەی وەکوو خورزم بەهاری لێ ببارێ. ئەدەب ئەگەر لە پەرداخی شیعردا هێلی لە "تەسلیم " بگرێتە خۆ ، ئەوە باڵی ئەوین لەو رێکخستنەدا سەربەرز دەبێ.

شاعیر مێژووی یادەوەری دەخوێنێتەوە بۆ تاکی خۆی فیداکار نییە هێندەی لە ژێری کێشەی هەمواندا نقەی ئازار و خەمی سەختی دێتە یاد:

**ئەو چوار ساڵەی بە ناو گوڵانا گەشتێ بوو**
**لە بۆنی خۆش و جوانی یا بەهەشتێ بوو**
**ئەو چوار ساڵەی هەر ئێسك سووکی و هەر ناز بوو**
**هەر چرپە بوو ... هەر دەنگی خۆش و ئاواز بوو**

رەهەندی دەروونی شاعیر دەیەوێت لە کاتە تیشکییەکاندا چوار ساڵ بە چوار وەرزییەوە بکاتە چوار دێر لە تابلۆیەکدا ، رەنگەکانی سیخناخ بە سەرپۆشی سفتی شادی روویان دەرخا لەبەر چاوپیسان بەو تابلۆی یادە دایانپۆشی . دەبێت چەپکە رەیحانەی (گوڵکەندی) ئەم کێ بێ ؟ بۆ نەیوێراوە هیچ نەبێ بە جۆرە گوڵێکی بچوێنێ ، بیکاتە مێژوو دڵی دوا رۆژی تەمەن بەو نەرمە ساز و ئاوازە بە هەڵپەی گەرمی یادەوەری داخورپێنی.

**ئەی ئەو کچە خنجیلانەی ئاواتم بووی**
**تۆ پەرستگای دڵی غەمگین و ماتم بووی**
**تاڵە تیشکی شەوی ژینی پڕ زارم بووی**
**خۆری ئاسۆی گوڵزاری بێ بەهارم بووی**
**شنەو باران و فێنکی ی بیابانم بووی**
**زەردەخەنەی سەر لێوی بە گریانم بووی**

من مەبەستم ئەوە نییە لە بابەتەکانمدا ئەوە بڵێم کە ئەرکی زمانەوانی لە نووسینی بەدەر بخەم ، بەڵکوو دەمەوێت شێوازی دەربڕینی بە گوڵی نێرگزی دەربڕینی زمان کەیفخۆشی هەستی و مانەوەی پەرداخی نەستی نیشان بدەم. بۆیە دەڵێم جێناو و ئامراز و بەشەکانی تری زمان لەم هۆنراوەیە و جۆرێکی مـوژدەیی دارشـتنە کە خوێنەر هیلاك ناکات لە بواری فەرهەنگ گەڕان بە دوای وشـەی رەق و سـواوی نـەکلۆك. ئـەم دیاردەیـەش وەك دیدی قوتابخانە دەروونیە کە ئاسایی کەسێتی شاعیر نیشان دەدات کە چەند دەسەڵاتی پێکانی ئامانجی (تیۆری ئەدەب بۆ گەل) ی پێکاوە لەسەر پێی باوەڕ بە خۆ بوون راوەستاوە ئێستای ئەم کۆپلە هۆنراوەیـەی دوای (٣٨) ساڵ چەند بە سانایی مەودایەکی خوێندنەوەی گوڵاوی شـیعر پـەرژێنراوە بـۆ ئەوانـەی خوێنـەری بەرنامەی شیعرن نەك واق وڕماوی وشەی نامز بن ، ئەم ئاسمان و رێسمانە قەت بە پەلەپەلی دڵی پڕ لە گومان نەکراوە !

شاعیر بوونە شیرینەکانی ئامێزی کوردستانی شیرینی جوان بەسەرکردۆتەوە ، خوازەیی ژیری رەوانبێـژ هێندە لە گەڵ ژینگە و سروشت تێکەڵاو کردووە دەڵێی میوانی بایرۆن و وردسوێرت و جۆن کیتس بووە:

**چاوەکانت ... دوو ئاسمانی بێ پایانن**
**دوو مانگی روو لە گزنگی بەر بەیانن**
**دوو روباری بەر سوورایی خۆرنشینن**
**دوو ئەستێرەی پرشنگداری گەش و شینن**

با وشەکان بخەینـە تـەرازووی مۆسـیقا و سـۆزەوە ، بـزانن بـەرزی و نزمیـی چـۆن دەبیـنن ، ساردی و گەرمیی چۆن هەست پێ دەکەین و کات و جووڵەی کات چی بیردۆزی لە باوەش دەگرن ئەم تابلۆیە وەسفە یا چرۆی نەمری بەشێکی لەبیرچوونەوەی لافاوی باوك سالاری سۆسیۆلۆژیای قینی نێر لە مێ ، یان بـە فریشـتە کردنی مرۆڤەو چاك خوێندنەوە هەست و نەست و سەبووریی دڵێکی سووتاو بە شنەی بای نـەورۆز پـەرداخت بۆتەوە ، ئەوەی خوێنەر بیستبێتی ئاسمـانی نزیکمـان ئەوەیانـە کـە ئەسـتێرەکەی ئێمـەی لەسـەر دەژیـن ، پێوەی بەستراوین ئاسمانی بەرین وەکو پانتایی خوازە لێچوون لەو جووت گرفتی گەردوونی دروسـت دەکـات " دوو چاو " هێندە گەورە بکرێن دوو ئاسمانی پێ پایانن لە ئامار و قووڵی دا دەبێـت شـاعیر پـێش ئـەم دوو چـاوە فرسـەتی بینینـی خـاوی ئاوەهـا نموونـەیی بـە خۆیـەوە نەبینیبێ بـەدوای بەسـەرکردنەوەی هـەردوو ئاسمانەکەدا کچە تاقانـەی گـەردوون باڵابـەرز رووی گەشـی مـانگی بەسـەر کردۆتـەوە . دەڵـێم دەبـێ شـاعیر میوانی چ ئێوارەیەکی بەختەوەری بەهاریی بووبێ پاش ئەمەش رووی جوان و رەونەقداری ببنـە پانتـایی دوو مانگ ! لە راستیدا هێجگار ناوەندی سەرسوڕمانەز ئەی هۆی سەرەکیی ژیان "ئاو"، بەڵام لە دەفـری روبـاردا شاعیر چۆن بە قیچۆکەی دێرێك دەمانباتە دیدەنی دەمەو خۆرئاوایی نامۆیی دابڕان و خەمی شەوانی تـەنیایی بێت !؟ جارێکی شاعیر لە زەمینەوە لە شەققەی باڵی بیر ئەدات و دەچێتەوە پانتایی بەرزی ئاسمانی شـینی زەبەند دەیکاتە گوارەی یادی قیاسی چارەکە لیرەی بە کەمەربەند.

ئەی نابێت ئەو روبار و نەورۆز ئاستی دارە باڵا بەرزە گەشەکانیش بەیاد بکرێتەوە ؟ بەڵام شاعیر رەنگاڵی تابلۆکەی لەوەدایە کە چاوی پێنووسی تیژە ، چەندە رەهەندی بوونیە دوورەکانی دەبینێ هێندەش نزیکەکان باچڕی ئاوازێکی خۆشەوە لە باوەش دەگرێت:

**دوو شەنگە بیی قەد باریکی شۆخ و شەنگن**

**دوو پەپوولەی پاڵ نەخشینی رەنگاو رەنگن**

**جووتێ پەلە هەوری توندی بە بارانن**

**بەزم و یاریی پۆلە مەلی بەهارانن**

**دوو جۆگەڵەی بەر تریفەی مانگە شەون**

**دوو قولینگن .. لە ئاسۆدا سەر ئەکەون**

یادەوەرییەکانی شاعیر کورت و چڕبوون . لە چوارینێکدا ساڵانی هێناوەتە یاد (کام ساڵانە ؟) ، ئەو ساڵانەی خەڵکانێ گەڵیان پێشکەش کردووە. من وا هەست دەکەم سەردەمی مامۆستایی زانکۆی بەغدادی هەشتاکانە، چونکە وشەکان بۆنیان وەکو گوڵەکانی یاد، خەڵکانی سەراسیمەی بۆنباران دەکات:

**کاروانی گوڵ .. وا خەریکە بار ئەکا**

**گیانم خۆزگە بە بەهاری پار ئەکا**

**کە هەموو رۆژ گوڵێکت بۆ ئەهێنام**

**ئیستاش نەك گوڵ هەر خۆشت نایەیتە لام**

شاعیر تەنانەت وەك بۆنگەرایی مرۆڤ ئەوانەشی بە دڵە کە هاوبیری نەبوون:

**گەر بیر و را من و تۆ لێك جیا ئەکاتەوە**

**شتێکی تر هەیە توندتر لێکمان داتەوە**

**ئەویش خۆشەویستیمانە بۆ خاك و گەلمان**

**کە هەڵئەقوڵێ لە ناخی دەروون و دڵمان**

لە مەودایەکی ترا هەست بە توانەوە دەکەین . دووانەکان دەبنە یەك سنووری جەستە دەبێتە تیشك... خەمی تەم لەسەر کەلی یەکبوون نامینێ و یەکتایی بیر و حەز دروست دەبێ ، تەرازووی عیشقێ دەبینین هەردوو تاکەی وەك یەك دەبێت:

**لەگەڵمای و بیرت ئەکەم**

**لە دڵتام و بۆت ئەسووتێم**

**بە قەد مەنگیی سەرنجەکەت**

**لێت دڵنیام و ئەترسێم**

ئەی ئەگەر ئەمە توانەوە نەبێت ..هاودەمی و هاوخەمی نەبێت ... ئەبێت گیان چۆن بێتە تان و پۆی یەك ! ! ئەی ئاسمان و زەوی لەیەکدا ناتوێنەوە و ژیانی ئێمەی لێ دروست دەبێ؟

شاعیر رەنگ و کات و دەنگ جۆرە زەنگ و ئاگادارییەکی لیٚ دروست کردوون لە دژەکاندا هەست بە جۆرە تەباییەك دەکات خویٚنەر کە دەسەلاٌتی رۆشنبیری فرەوانی فەرهەنگی سەلیقەی هۆنینەوەی شیٚوازی دەربرِین نیشان دەدات:

**بە قەد دووریت ... نزیکم لیٚت**

**بە قەد نزیکیت دووری لیٚم**

**سیٚبەری تۆم لیٚت را ئەکەم**

**لیٚم رائەکەیت کە لە دووت دیٚم**

پانتایی شتە نادیارەکان لەبەردەم ئەندامە هەستییەکاندا ئەرکییان زیاترە لە ئاسایی دلٌ و هەست . چۆن بتوانیٚ دووری و نزیکی بخاتە یەك پەرداخەوە ، خاوەن جەستەی هیلاك لە یەك ساتدا بینۆشیٚ؟ ئەی ژینگەی ئاشتیی بەردەوامی ژیانی کە دژەکان تیٚکەلاٌوی گەردیلەی خەم هاودەنگی شای بن

**من تاریکیم ... تۆ رووناکییت**

**من شەوم و تۆ مانگمی**

**مەزنیت بە سایەی منە**

**کە لە رۆژا هەلٌدیٚی گومی**

شاعیر سروشتی ناو کەللە و هۆشی پرِ لە هەستی گەرمی گران بیٚتە چەپکیٚ گرِ بەربیٚتە خەمی هەمیشەیی .. ئەمە کەسیٚکی ئاسایی نییە لە بینینی شتەکاندا:

**ببم بە ئاو ..ئەبیە ئاگر**

**ببمە ئاگر... ئەبی بە ئاو**

**ببم بە داو.. ئەبیە نچیر**

**ببمە نچیر ... ئەبی بە داو**

ئاو و ئاگر چۆن تابلۆیەکی جوانیان دروست کردووە لە رەهەندی دەروونیدا؟ بە قەدەر باوەشیٚ لە گولٌی نیٚرگزی بەهار گەشن.

**سەرچاوە:**

**د. وریا عومەر ئەمین.( سەیرانیٚکی شیعرستان ) دەزگای ئاراس ٢٠٠٧.**

# تێڕامانێك لە چەند یاسایەكی بنجیی داڕشتنی ڕستە لەزمانی كوردیدا

پ.ی. سەلام ناوخۆش

ڕۆژنامەی بەدرخان ژ ٨٣ ی ٢٠٠٧/٧/٢٢

ئەم ناونیشانە ماستەرنامەی بەڕێز پرۆفیسۆر "د. وریا عومەر" ئەمینە لەساڵی ١٩٧٦ پێشكەشی دانشگای لەندەنی كردووەو پلەی ماستەری پێ وەرگرتووە.

ماستەرنامەكەی "وریا عومەر ئەمین" لەزۆر رووەوە نوختە گۆڕانێكی لەمێژووی دیراساتی زمانی كوردیدا بەشێوازێكی جیا لەوانی بەرخۆی لە ڕستەی كوردی دواوە.

ئەو ڕێزماننووسانەی لە ڕێزمانی كوردییان كۆڵیوەتەوە. دەكرێ بۆ دوو كۆمەڵە پۆل بكەین، كۆمەڵەی یەكەم ڕێزماننووسە كوردەكانن، ئەوانە وەك مامۆستا وریا لە ماستەرنامەكەی لەبارەیانەوە دەنووسێ: بەحوكمی ئەوەی ئەوانە ئاخاوتنكەری رەسەنی زمانی كوردین، بۆیە تەواو لە زمانەكە دەگەن، بەلاّم لەبەرئەوەی زانیاری تەواویان لەبارەی یاسا بنەڕەتییەكانی شرۆڤەكردنی ڕێزمانیی نییە، بۆیە نەیانتوانیوە وەسفێكی وردی زمانەكە بكەن یاخود توێژینەوەیەكی هەمەلایەنەی ڕێزمانەكە بكەن، لێرەدا گرنگە دووشتی سەرەكی لەیەك جوودا بكەینەوە: زمان ناسین، یاخود نووسین و قسەكردن بەزمان فاكتەری یەكلاكەرەوەی شرۆڤەكردنی زمان نییە. لەم بوارەدا خوێنەوارو كۆلكە خوێنەوارو هەتا نەخوێنەواری زمانێك لە راست و چەوتی ڕستە دەگەن! ئەوەی گرنگە زانیاری زمانەوانییە لەبارەی یاسا فۆنۆلۆژی و ڕێزمانیی زمانە. ئەمەیان تەنیا كاری ڕێزماننووس و زمانەوانە نەك زمانناس!

كۆمەڵەی دووەم ئەو ڕێزماننووسە بیانی و ڕۆژهەڵاتناسانەن كە لێرەو لەوێ لەهەندێ لایەنی زمانی كوردیان كۆڵیوەتەوە، ئەوانەش تەنیا بەهۆی هەندێ راهێنانی زمانەوانییەوە لە زمانی كوردییان كۆڵیوەتەوە، هەروەها بەحوكمی ئەوەی قسەكەری رەسەنی زمانەكە نین،بۆیە زیاتر لەهەندێ لایەنی رواڵەتی زمانی كوردیان كۆڵیوەتەوەو دیراسەیەكی قووڵی زمانەكەیان نەكردووە.

لەسەردەمی نووسینی ئەم ماستەرنامەیە"١٩٧٦"پێكهاتەی یاخود داڕشتنی ڕستە لەكوردیدا هیچ گرنگیەكی ئەوتۆی پێنەدراوەو تەنیا جەخت كراوەتە سەر "وشە"،ئەم فەرامۆشكردنە بۆتە هۆی ئەوەی زۆر مۆرفیمی ڕێزمانیی، كە ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەزۆر شوێنی جیاوازدا، هەروەها ئەو مۆرفیمانە تەنیا لەناو داڕشتنی ڕستەدا دەردەكەون بۆ شرۆڤەكردنی پەیوەندییەكانی وشەكان لەگەڵ یەكتر. لە پەراوێزی ئەو پەیوەندییە نزیكیەی مۆرفیمەكان لەگەڵ یەكتر، مامۆستا وریا دەگاتە ئەو راستییەی كە لەڕووی تایپۆلۆژییەوە زمانی كوردی وەك زمانێكی ئەگلوتینەتیف پۆلێن بكات.

جاران وا باوبوو كه ڕسته بريتى بێت له كۆمەڵە وشەيەك، وەك بڵێى پەيوەندييەكى ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕستەو وشەوە هەبێت، بەڵام مامۆستا وريا بەسوود وەرگرتن له ياسا سينتاكسيەكانى چۆمسكى ڕستەى كوردى بۆ فرێزى ناويى و فرێزى كاريى دابەشدەكات. چەمكى فرێز له كتێبەكانى سەعيد سدقى كابان و تۆفيق وەهبى و نوورى عەلى ئەمين هێندە وردو فراوان نەبووە، بەڵام لەم توێژينەوەيەدا هەردوو فرێزى پێكهێنەرى ڕستە لەزمانى كورديدا چوارچێوەيەكى جياوازى وەرگرتووە، ئەو چوارچێوەيەش لەسەر چەند شەنگست و بنەمايەكى ڕێزمانيى دامەزراوە، يەكەم ياساى سادە داڕشتنى ڕستەى كوردى لەم توێژينەوەيە ئەوهايە:

ڕستە ← بكەرى فرێزى ناوى – بەركارى فرێزى ناوى+ كار.

خودى ياسايەكە لەوە سەرچاوەى گرتووە كە ڕستە لەزمانى كورديدا بۆ دووبەشى سەرەكى دابەشدەكرێت: فرێزى ناويى و فرێزى كاريى، فرێزە كارييەكە جارێكى ديكە بۆ فرێزێكى دى ناوى– كە زۆر–بەركارە–و كار دابەشدەكرێتەوە.

لەم توێژينەوەيە زۆر بەوردى لە ياسا بنجييەكانى داڕشتنى فرێزى ناويى كۆڵدراوەتەوە، بەجۆرێ زياتر لەبيست ياسا نيشاندراوە، كە هەر يەكە لەپێكهاتەى فرێزى ناويى دەكۆڵێتەوە. دەكرێ ئاماژە بەهەندێ لەو ياسايانە بكەين:

١– فرێزى ناوى ← جێناو

٢– فرێزى ناوى ← ناو

لەم دوو ياسايەدا خۆى دەبێت كە دەكرێ لەهەندێ حاڵەتى ئەوهادا فرێزى ناوى تەنها وشەيەك بێت وەك:

ئەو هات.

ئازاد هات.

٣– فرێزى ناوى ← ناو← { نيشانەى ناسراوى / نيشانەى نەناسراوى / نيشانەى ناسراوى + كۆ }

له فرێزى ناويدا ئاوەڵناو ڕووبەرێكى كەم داگير ناكات، بەڵام لەبەرئەوەى لەزمانى كورديدا ئاوەڵناو بەزۆرى لەدواى ناودێت، لێرەدا پێويستمان بە مۆرفيمى /ە/دەبێت بۆ دروستكردنى ئەمجۆرە فرێزە:

٤– فرێزى ناوى ← ناو– ە– ئاوەڵناو–ە كە

گوڵە جوانەكە.

گوڵە جوانەكان.

جێناوى خاوەندارييش بەشێكى گرنگى داڕشتنى فرێزى ناوى پێكدەهێنێت، وەك:

٥– فرێزى ناوى ← ناو+ ئاوەڵناو–ە كە+ان–ت

برا زيرەكەكانت

دەشکرێ فرێزەکە تەنیا لەناوێك و نیشانەی ناسراوی و جێناوێکی خاوەندارێتی پێك بێت وەك:

- براکەم .
- کتێبەکەم.
- کچەکەی.

ئاوەڵناویی ئاماژەیی یان ئەوەی لەم دیراسەیەدا بەهێمای ناویی ناونراوە، ئەویش داڕشتنێکی تایبەتی هەیەو جودایە لەوانی دیکە:

- ئەم کتێبە.
- ئەم کچەجوانە .
- ئەم کچە جوانانە.

لەهەندێ حاڵەتدا فرێزی ناویی تەنیا لەهێما ناوییەکە پێکدێت:

ئەمە کوڕەکەیە.

مۆرفیمی /ە/ لێرەدا دەکرێ جیا ببێتەوە بە کۆتایی ناوەکە یان ئاوەڵناوەکەوە بنووسێت:

- ئەم کوڕە .
- ئەم کچە جوانە.

بەگوێرەی یاسایەکی دی فرێزی ناویی دەکرێ لەهەندێ پێکهاتەدا هێمای ناویی مۆرفیمی"ە"و ئاوەڵناو و نیشانەی کۆو جێناوی خاوەندارێتی پێکەوە بێن، بەڵام لەمجۆرە داڕشتنەدا نیشانەی ناسراوی و نەناسراوی جێیان نابێتەوە !

ئەم مناڵە بچووکانەتان...

وێرای ئەمانەش، نیشانەی نەناسراوی و هەندێ نیشانەی چەندێتی نەناسراوی، وەك "هەندێك، چەندێك" جووتێك لە داڕشتنی فرێزی ناویی دەردەکەون، وەك:

- کوڕێك
- کتێبێك

چەندێك کوڕ ← چەند کوڕێك

جووتێك پێڵاو ← جووتە پێڵاوێك

ئەگەر بمانەوێ ئاوەڵناو بۆ ئەوجۆرە داڕشتنە زیاتر بکەین، ئەوە ناچارین بەگوێرەی سیستەمی فۆنۆلۆژی زمانی کوردی – ئامرازی دانەپاڵ– ئیزافە بۆ ناوەکە زیاد بکەین، وەك:

- زۆر کوڕی ئازا
- چەند کوڕێکی ئازا
- جووتە پێڵاوێکی کۆن
- هەندێك کتێبی نوێ

لایەنێکی گرنگی دیکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە داڕشتنی چەند یاسایەکە چ وەك یاسای داڕشتنی فرێز Phause Structure rules یان یاسای دووبارە کردنەوە Recursive ئەم یاسایە جۆرێکە لە یاسای

بەستنەوە یاخود لێکدان کە دەکرێ چەندجارێك جێبەجێ بکرێت بۆئەوەی ڕستەی درێژتر بەرهەم بهێنرێت، لەم نێوەش هەردوو یاسای بەستنەوە Joininq ruies و یاسای تێکهەڵکێشکردن ewbeddinq rules بەشێکی دیکەی ئەم نوێکارییە کە لەتوێژینەوەکەدا تاوتوێکراوە. لە پەیڕەوکردنی یاساکانی بەستنەوەدا یەکە زمانەوانییەکان ناسنامەو سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن، کرداری بەستنەوەکەش بەهەردوو ئامرازی بەستنەوەی"و" و"یان"جێبەجێ دەکرێت. لێرەدا دەکرێت دوو، سێ.. ناو یان ئاوەڵناو یان فرێزی ئاوەڵناوی یان فرێزی پێکەوە ببەسترێن، وەك:

- ئازاد و رزگارو ئاواز– ناو
- کوڕە باش و ئازاو ئێسك سووکە– ئاوەڵناو
- پیاوەکەو کچەکەو کوڕەکە– فرێز

پێویستە لێرە ئاماژە بەوەبکەین کە ئەو دوو ئامرازی بەستنەوەیە بەجۆرێکی دیکە ڕستە پێکدێنن کە پێی دەوترێ ڕستەی لێکدراو Compound sentence یان Coordinuted sentence لەم جۆرە رستانەدا هەرچی رەگەزە وەك یەکەکانی هەیە دوو ڕستەکەن بەتایبەتی ئەوانەی ڕستەی دووەم و سێیەم لادەبرێن:

- ئازاد نانی خوارد.
- ئازاد پەنیری خوارد.
- ئازاد ماستی خوارد.

←—— ئازاد نان و پەنیرو ماستی خوارد.

هەرچی یاساکانی تێکهەڵکێشکردنن، ئەوە جۆرە ڕستەیەکی دیکە دادەڕێژن کە پێی دەوترێ Subornated لەمجۆرە رستانەدا ڕستەیەك دەبێتە ڕستەی سەرەکی و ئەویتر کە بە"کە"دەستپێدەکات دەبێتە پاڕستە.

لە بەشی دووەمی ڕستەدا، گرنگیەکی زۆر بە رۆڵی فرێزی کاریی دراوە، فرێزی کاریی ئەو لێڵی و تەمە دەڕەوەنێتەوە سەبارەت بە چەمکی فرێز، چونکە ئەمجۆرە فرێزە خۆی هەندێجار ڕستەیەك نەك تەنها وشەیەك یان دوان بێت هەروەها واتاداریشە. لەم توێژینەوەیەدا، فرێزی کاری لەم بەشانە پێکدێ:

١– فرێزی کاری ← کار

ئەو هات.

٢– فرێزی کاری ← ئاوەڵناو– کار

ئەم کچە جوانە .

٣– فرێزی کاری ← فرێزی ناوی– کار

ئازاد کتێب ئەخوێنێت.

٤– فرێزی کاری

ئێمە لەبازاڕ داین.

ئێمە لەهاوین داین.

٥- فرێزی کاری ⟵ فرێزی ناویی+ ئاوەڵکار+ کار

ئێمە ئەم کتێبەمان لەساڵی رابردوودا خوێند.

٦- فرێزی کاری ⟵ فرێزی ناوی+ فرێزی ناویی+ کار

برام کتێبێکی بۆ خوشکت کڕی.

بەشێکی دیکەی هەرەگرنگی ئەم توێژینەوە دۆزینەوەی چەند یاسایەکی گرنگە سەبارەت بە جێناوە کەسییەکان. لەم توێژینەوەیە جێناوی لکاو بۆ دووجۆر دابەشدەکات، کە بریتین لە:

**کۆمەڵەی یەکەم:**

م ت ی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك

مان تان یان کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی کۆ

کۆمەڵەی دووەم:

م یت- ێت، ات

ین ن ن

یاساکانی دروستکردنی ئەمجۆرە داڕشتنانە ئەمانەن:

١- ئەگەر کارەکە رانەبردوو"داهاتوو"بوو، جێناوی بەرکار لەکۆمەڵەی یەکەم دەبێت و جێناوی بکەر لەکۆمەڵەی دووەم دەبێت و بەرکارەکە وەپێش رەگی کار دەکەوێت و لەدوای پێشگری /-ئە/ دروستکەری رانەبردوو دێت.

ئەمانێرێت.

٢- بەڵام ئەگەر کارەکە رابردووبێت، ئەوە جێناوی بەرکار دەبێتە کۆمەڵەی دووەم، جێناوی بکەر دەبێتە کۆمەڵەی یەکەم. لەم حاڵەتەش جێناوی بەرکار لەدوای جێناوی بکەر دێت ئەویش لەدوای رەگی کارەکە دێت.

ناردمانن.

ئەمجۆرە ئاوەژووبوونەوە بەهۆی گۆڕینی کارەکە لەزمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا نییە، ئەم دۆزینەوەیەش ئەدگارێکی دیکەی زمانی کوردی لەبواری ڕستەسازیدا دەخاتە روو.

ئەم جێگۆڕکێیە چەند لاپەڕەیەکی توێژینەوەکەی گرتۆتەوە. ئەو رستانەی خوارەوەش کە لەوجێگۆڕکێیە پەیدا دەبن، حاڵەتێکی دی ئەم زمانە نیشاندەدەن ئەویش کورتکردنەوەی ڕستەیە- بە واتای کۆکردنەوەی زۆربەی رەگەزەکانی ڕستە لە تەنیا"وشەیەکدا"

من تۆ ئەنێرم ⟵ ئەتنێرم.

تۆ من ئەنێریت ⟵ ئەمنێریت.

لەگەڵ کاری لێکدراویش هەردوو کۆمەڵە کە ئەرکیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، بەڵام هەریەکەی لەشوێنی خوی دەمێنێتەوە.

فێرت کردین ⟵ فێرمان ئەکەن

ئەوەی تێبینی دەكرێت لەم ئاڵوگۆڕەدا واتای ڕستەكانیش دەگۆڕێت، هەروەها هەریەكە لەو كۆمەڵە بەكارهێنانی تایبەتی خۆی هەیە. كۆمەڵەی یەكەم تەنیا لەدوای رەگی رابردووی كاری تێپەڕ دێت بۆ دروستكردنی كاری رابردوو هەرچی كۆمەڵەی دووەمن لەدوای رەگی رابردووی كاری تێنەپەڕ Intvanstive دێن و هەروەها لەدوای رەگی رانەبردوو"داهاتوو"ی تێپەڕو تێنەپەڕ دێن.

# وریا عومەر ئەمین و شیعر

د. کەمال مەعروف

گۆڤاری (کەکۆن) ژمارە (١٢)ی شوباتی
٢٠١١ی ل٣٩

د. وریا بەهرەی شیعریی هەیە بەڵام ئایا بە تەنیا بەهرە مرۆڤ دەکا بە شاعیرێکی سەرکەوتوو ؟.شاعیر دەبێ لەتەك بەهرەکەیدا خۆی زۆر ماندوو بکات . ماوتسی تۆنگ دەڵێ ، بەهرە لە ١٠٪ و لە ٩٠٪ دەبێ شاعیر شەونخوونی و خۆی پەروەردە بکات بە خوێندنەوەی زۆر و شارەزایی پەیداکردن لە بوارەکانی شیعیردا تاوەکوو هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەی شیعری بەرەو پێش بچێت. کەواتە قاڵبوون و ئەزموونی شیعری شاعیر دەکات بە شاعیرێکی بەهرەدار و گەشاوە. چونکە پرۆسەی شیعری دوو لایەنە ئەگەر شاعیر پەیڕەوی هەردوو لایەن نەکات ئەنجام ناپێکی بێمایە دەگەڕێتەوە.دەبێ شاعیر هەردوو لایەنی شیعری پشتگوێ نەخات ، چونکە تەواوکەری یەکترن. بە تەنیا لایەنێك پرۆسەی شیعری چێ نابێ. ئەگەر دروستیش ببێ ئەوە ناکامڵ دەبێ ، لە کاروانی شیعری دوورەپەرێز و لاتەریك دەبێ چونکە وزەی بەردەوامبوونی هەڵنەگرتووە. شاعیر ئەگەر داهێنەر نەبێت ناتوانێ پڕۆژەی بە شاعیر بوونی خۆی بسەلمێنێ. لایەنی هونەر لە شیعردا رۆڵی یەکجار گرنگ دەگێڕێ. دیارە ئەوەی کە پرۆسەی بە شاعیر بوونی چێ دەکات پێش هەموو شتێك هونەرەکەیەتی جا بەبێ بوونی ئەم لایەنە پرۆسەی هونەری شیعری چەق بەستوو دەمینێتەوە و ناتوانێ لەگەڵ رەوتی تازەی ئەدەبی بەرەو پێش بچێ و بگەشێتەوە.

هەر وەکوو ئاشکرا و روونە د. وریا لە بواری زماندا پێگەیەکی باڵای هەیە ، کە بۆتە مایەی خۆشحاڵی و جێگای رەزامەندیی هەموو لایەك لە مەیدانی زمانەوانیدا. توانیویەتی وزە و لێهاتوویی خۆی بدۆزێتەوە و داهێنان و تازەکردنەوەی تێدا ئەنجام بدات و لە رووی شیعرەوە هەست و سۆزی شاعیریی تێدا بەدی دەکرێ وێنەی جوانی نەخشاندووە، بەڵام لەگەڵ گیانی سەردەمدا گونجاو نییە. شیعرەکان لە رووی شێوازەوە بۆ ساڵانی شەستەکان دەگەڕێنەوە.زمانێکی ساکار وکێشی خۆماڵی و جووتسەروایی بە خۆوە گرتووە. بە کورتی کاریگەریی ( گۆران ) ی شاعیری بەسەرەوەیە و رێچکەی گۆرانی شاعیری بەرنەداوە. جالێرەدا نموونەیێك لە شیعرەکانی دەخەینە روو .لە هۆنراوەی ( **بەیانیی نەورۆز** ) دا تابلۆیەکی رەنگینی بەهاری کێشاوە و دەڵێ:

**لە گەڵ بەیانا ... کاتی رۆژ هەڵدێ**
**گزنگی ئەرژێ..بە سەر گوند و دێ**
**ئاسۆ رەنگاورەنگ ئەگەشێتەوە**
**لە کەژ و کێوان ... ئەوەشێتەوە**
**گوڵاوی شەونم لە سەر پەڕی گوڵ**
**ئەبن بە لالە و ئەتکێنە سەر گڵ**

**باڵدار هەڵئەفڕێ لق ئەوەشێنێ**

**خاکی زێڕین بە خوناو ئەڕشێنێ**

**شنەی با  چووکەی مەلان .. خوڕەی ئاو**

**ئاوازی شادی ئەبەخشن تاو تاو**

**لە هەموو لایێك جوانی ئەبارێ**

**کار لە دڵ ئەکات بەڵام چ کارێ**

**دەروونی شێلوو روون ئەکاتەوە**

**ئێش و ئازاری شەو ئەباتەوە)**

**١٩٦٧**

چەند شیعرێکی بۆ منداڵان نووسیون، لە هۆنراوەی (مانگ و ئەستێرە ) دا دەڵێ:

**(ئەی مانگ و ئەی ئەستێرە**

**توخوا زوو وەرنە ئێرە**

**با پێکەوە یاری کەین**

**خۆشەویستی دیاری کەین**

**تاریکی بترسێنین**

**خەوتوو لە خەو هەڵسێنین**

**کوردستان ئاوەدان کەین**

**دوژمنمان سەرگەردان کەین) .**

تێبینی:

ئەم دوو پارچە شیعرەم لە نامێلکەیێك بە ناوی (سەیرانێکی شیعرستان) کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەزگای ئاراس بە چاپی گەیاندووە.

د. وریا عومەر ئەمین لە ساڵی ١٩٤٧ لە گەڕەکی (بەفری قەندی) لە شاری کۆیە لە دایك بووە.لە بواری زمانەوانیدا ئەم بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندووە ١٠ – رێزمانی راناوی لکاو ١٩٨٦ بەغداد. ٢ – چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی ٢٠٠٤ هەولێر).

# ساڵنامەی کوردستان

خەلیل عەبدوڵڵا

ساڵنامە وەك پێویستییەكی نەتەوەییو هۆكاری پێكەوەبەستنی هاووڵاتیان لێی دەڕوانرێو سیمایەكی گشتی بەناسنامەی نەتەوەیی دەبەخشێت.

هەر نەتەوەیەك ساڵنامەی تایبەتی خۆی هەیەو ئاوێنەی دەرخستنی رۆژو هەفتەو مانگو ساڵەكانێتی.

نەتەوەی كوردیش وەك هەموو نەتەوەكانی تر خاوەنی ساڵنامەی تایبەتی خۆیەتی، بەڵام ئەو ساڵنامەیە چەندین ساڵ بوو لەسەر بنەمایەكی زانستیو یاسایی بەرامبەر ساڵنامەی زایینی رێك نەخرابوو.

بوونی گەلی كورد بەخاوەنی ساڵنامەیەكی ستراتیجیو زانستی، خەونو خولیایەكی لەمێژینەی ( پرۆفیسۆر دكتۆر وریا عومەر ئەمین) بوو.

بۆ هێنانەدی ئەو خەونە دكتۆر وریا هەوڵو هیممەتو شەونخوونی زۆری كرد، زیاتر لە١٥ساڵ سەرقاڵی ئەو پرۆژە نەتەوەییە گەورەیە بوو، لەئەنجامداو لەساڵی ٢٠٠٢دا بەری رەنجەكەی دوورییەوەو ساڵنامەیەكی كوردی بەناوی ساڵنامەی كوردستان دەركرد.

دكتۆر وریایە سەرباری ئەوەی كە خەونو خولیاكەی هاتە دی، بەڵام بەتەنها بەوە دڵی ئاوی نەخواردەوە، هەوڵەكانی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی ساڵنامەكەی وەك ساڵنامەی فەرمی كوردستان بناسرێت.

بۆ ئەو مەبەستە ٢٠ی كانوونی دووەمی ٢٠٠٨ پێشنیازێكی پێشكەش بەئەنجومەنی ئەكادیمیای كوردی كرد بۆ ئەوەی كۆنفرانسێك بۆساڵنامەی كوردی ببەسترێتو پرۆژەكەی بكرێتە دەستپێكو بنچینەی ئەو پرۆژە نەتەوەییە.

ئەنجومەنی ئەكادیمیای كوردی پێشنیازەكەی دكتۆر وریای بەبایەخەوە وەرگرتو رۆژی ٣ی شوباتی ٢٠٠٨ لیژنەیەكی حەوت كەسی بەسەرۆكایەتیی دكتۆر وریا بۆ ئەو مەبەستە پێكهێنا.

لیژنەكە كە پسپۆڕانی ساڵنامەو مێژوو و كەلەپوورو بیركاریو كۆمپیوتەری لەخۆگرتبوو، بڕیاریدا ساڵنامەكەی دكتۆر وریا بكرێتە بناغەی ساڵنامەی كوردی، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە دكتۆر وریا كرا ساڵنامەكەی بەشێوەیەك رێك بخاتەوە بۆ بەكارهێنانی گشتی گونجاو بێ و هەموو كەس بتوانێ بەئاسانی بەكاری بهێنێ.

دكتۆر وریا پاش ئەوەی ساڵنامەكەی رێكخستەوە، جارێكی تر پێشكەش بەئەنجومەنی ئەكادیمیای كوردی كردەوەو لە٢٢ی شوباتی ٢٠٠٩ وەك ساڵنامەی فەرمی كوردستان پەسەند كراو هەمان ساڵ بەناوی (ساڵنامەی ئەكادیمیای كوردی)و بەتیراژی ١٠٠٠دانە لەدووتوێی ٦٢ لاپەڕەی قەبارە گەورەدا چاپو بڵاوكرایەوە.

بەفەرمی ناسینی ئەو ساڵنامەیە لەلایەن دەزگایەکی زانستی وەك ئەکادیمیای کوردییەوە بایەخی ئەو پرۆژە نەتەوەییە گەورەیە نیشان دەدات.

دکتۆر وریا لەپێشەکی ساڵنامەکەیدا هەوڵو هەنگاوە زانستییەکانی خۆی بۆ لەدایکبوونی ئەو ساڵنامە کوردییە بەیان کردووە.

دواتر گەوهەرو ناوەرۆکی ساڵنامەکەی خستۆتە روو، لەلاپەڕەکانی ١١-١٤دا رابەرێکی بۆ ناساندنی ساڵنامەکانی زایینیو کوردی رێکخستووە، کەبەساڵی ١٧٥٠ی زایینی دەست پێدەکاتو بەساڵی ٢٤٦٩ کۆتایی دێت.

